هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی راگەیاندن/ تەلەفزیۆن

# ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەردا

نامەیەکە خوێندکار

**فرحان حەمەخان تۆفیق**

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن/تەلەفزیۆندا

بەسەرپەرشتیی

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەلام نصرالدين محمد**

(2023) ز

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾

(سورة البقرة–الاية32)

صدق الله العظيم

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (فرحان حەمەخان تۆفیق ) بە ناونیشانی (ڕاستگۆیی لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکوردیەکاندا و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاراستەی بەکاربەردا)،بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: د. سلام نصرالدين محمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
بەروار: / /2023

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: پ.ی. د. یۆهان عوسمان حەمە
سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)
بەروار : / /2023

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (فرحان حەمەخان توفیق ) بە ناونیشانی (ڕاستگۆیی لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکوردیەکاندا و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاراستەی بەکاربەردا)، خوێندەوەو گفتووگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (      ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن) پێبدرێت.

واژۆ :
ناو: د.نەزاکەت حسین حەمەسەعید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە و ئەندام
بەروار: / / 2023

واژۆ :
ناو :د. حەکیم عوثمان حەمید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار: / / 2023

واژۆ:
ناو: د.سامان جەلال مولود
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام:
بەروار: / / 2023

واژۆ:
ناو:د. سلام نصرالدین محمد
پلەی زانستی : پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار:
بەروار: / / 2023

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی - پەسەندکرا.

واژۆ:
ناو: پ. ی.د. پاڤێ جەمیل احمد
ڕاگری کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان- بەوەکالەت
بەروار: ١٩/ ٦/ 2023

**پێشکەشە بە . . .**

- بەڕۆحی پاکی باوکم شەهید حەمەخان خەرپانەیی کەڕۆحی پاکی کردە دیاری نەوەکانی و نشتیمانەکەی.
- بەدایکم ئەو ژنەی قوتابخانەیەکی گەورەی ژیان و هەنگاوەکانم بووە .
- بە هەموو ئەو مامۆستا و خوێندکارانەی کە هاوکارم بوون لە نوسینی توێژینەوەکە
- بە (سروە و مەیلی) دووگوڵی ناو باخچەکەی ژیانم .

فرحان

سوپاس بۆ:

- بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر سەلام نصرالدین محمد کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆگرتم .
- بەڕێز د. ابتسام اسماعیل  خوشکی گەورە و مامۆستام لەهەردوو قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر کە هەمیشە پشتیوانم بووە لە ڕوونکردنی هەنگاوە زانستیەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەیوەست بە توێژینەوە و پێدانی سەرچاوەی زانستی.
- بە هەموو ئەو هاوڕێیانەم کە هاوکاریان کردم لە پێدانی سەرچاوەی زانستی  بۆ نوسینی توێژینەوەکەم کە پێکهاتوون لە د. شوان لەکتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە، د. شوان ئادەم ئەیڤەس  مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە، بە پێدانی سەرچاوەی ئەلیکترۆنی.
- بەهاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا ئەحمەد قادر  لە زانکۆی هەڵەبجە کە هاوکارم بوو لە پێدانی سەرچاوەی زانستی، چۆنیەتی داڕشتنەوەی بابەتەکانی توێژینەوەکە و ئەو  ڕیزبەندیەی کە لە توێژینەوەکەدا دەبێت لەبەرچاو بگیرێت .

**توێژەر**

**پوختە**

ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و کرانەوانەی لە بواری میدیا بە گشتی لە هەرێمی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە، بەرهەمهێنانیش بە راورد بە ساڵانی ڕابردوو و گەشەی زۆری بە خۆیەوە بینیووە و بەرهەمهێنەرانیش ڕوویان لە ڕێگا زانستیەکان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان کردووە ، ڕیکلام وەک ژانرێکی گرنگی ڕاگەیاندن، هاوشان لەگەڵ گەشەکردنەکاندا لە بوارەکانی میدیا و بەرهەم هێنان و زیاد بوونی بەرهەم، گەشەی کردووە و ئێستا ڕووبەرێکی گەورەی لە ناوەڕۆکی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی کەناڵەکان داگیرکردووە و لە زۆربەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارگەکانی بەرهەمهێنانیش بەشێکی تایبەت بە ڕیکلام کراوەتەوە.

لەو سۆنگەیەوە، توێژەر بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی پەیامە ڕیکلامیەکان و گرنگی ڕاستگۆیی لە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکاندا و چۆنیەتی بە ئامانج گەیشتنی بەرهەمهێنەران یان بازرگان و ئەو توێژانەی کە ڕیکلام وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ گەشەدان بەبەرهەمەکانیان بەرکاردەهێنن، توێژینەوەیەکی لە ژێر ناونیشانی (ڕاستگۆیی لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکوردیەکاندا و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەردا)، ئەنجامداوە، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە دانیشتوانی سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەن، لە توێژینەوەکدا (میتۆدی وەسفی) بەبەکارهێنانی شێوازی مەیدانی بەکارهێناوە ، کە یەکێک لە دیارترین ڕێبازەکانی توێژێژینەوەی زانستیە لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە بەکاردەهێنرێت. فۆڕمی (ڕاپرسی ) بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان،دواتر شیکردنەوە بۆ وەڵامی بەرتوێژەکان لە توێژینەوەکەدا کراوە.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بەمەبەستی زانینی ڕادەی ڕەچاوکردنی ڕاستگۆییە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان و شێوازی خستنە ڕووی زانیارییە لە پەیامە ڕیکلامیەکان. زانینی ڕۆڵی ڕیکلامەکانە لە گۆڕینی ئاڕاستەی بینەران و ڕادەی تەماشاکردنیان لەلایەن بینەرانەوە و متمانەی بینەران بە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەر دەخەن، ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە بازرگانیە تەلەفزیۆنیەکاندا لە ئاستێکی نزمدایە، ئەوەش بۆ ئەو گەورەکردن و زیادەڕۆییە دەگەڕێتەوە کە لە ریکلامە بازرگانیەکاندا بەکاردەهێنرێت، ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکان نەیان توانیووە ئاڕاستەکانی بینەران سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بگۆڕن، ئەمەش بە پێی دەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ڕیکلامی تەلەفزیۆنەکوردیەکان، وێنەیەکی تەواوی شمەک و بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان ناخەنەڕوو، سزانەدانی ڕیکلامکارەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاریە ناڕاستەکان هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا لەتەلەفزیۆنە کوردیەکاندا، ئەمەش بووەتە دەر ئەنجامی کەمکردنەوەی متمانەی وەرگران بە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان.

کلیلە ووشەکان: ڕیکلام، ڕاسگۆیی، تەلەفزیۆن ، بەکاربەر

# لیستی ناوەڕۆک


| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1. | قورئانی پیرۆز | أ |
| 2. | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ب |
| 3. | ڕەزامەندی لیژنەی گفتووگۆ | ت |
| 4. | پێشکەشکردن | ث |
| 5. | سوپاس و پێزانین | ج |
| 6. | پوختەی توێژینەوە | ح |
| 7. | پێرستی ناوەڕۆک | خ- ذ |
| 8. | پێرستی خشتەکان | ذ- ر |
| 9. | پێرستی پاشکۆکان | ر |
| 10. | پێشەکی | 2-1 |
| 11. | بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە | 4 |
| 12. | کێشەی توێژینەوە | 4 |
| 13. | گرنگی توێژینەوە | 4 |
| 14. | ئامانجی توێژینەوە | 4 |
| 15. | میتودی توێژینەوە | 5 |
| 16. | بوار و سنوری توێژینەوە | 5 |
| 17. | پێناسەی چەمکەکان | 5 |
| 18. | توێژینەوەکانی پێشوو | 12-6 |
| 19. | تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | 13-12 |
| 20. | بەشی دووەم: ڕیکلام و ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 15 |
| 21. | پاری یەکەم : چەمک و پێناسەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 15 |
| 22. | یەکەم : چەمک و پێناسەی ڕیکلام | 16-15 |
| 23. | دووەم :هۆکارەکانی گەشەکردنی ڕیکلام | 18-16 |
| 24. | سێهەم: جۆرەکانی ڕیکلام | 24-18 |
| 25. | چوارەم : ئەرکەکانی ڕیکلام | 26-24 |
| 26. | پێنجەم : ئامانجەکانی ڕیکلام | 27-26 |
| 27. | شەشەم: قۆناغەکانی گەیشتنی پەیامی ڕیکلامیی بە بەکاربەر | 29-28 |

| | | |
|---|---|---|
| .28 | پاری دووەم چەمکی تەلەفزیۆن و ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 30 |
| .29 | یەکەم : چەمکی تەلەفزیۆن | 30 |
| .30 | دووەم : پێناسەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 30 |
| .31 | سێهەم:سەرهەڵدان و گەشەکردنی تەلەفزیۆن لە کوردستان | 31-30 |
| .32 | چوارەم:لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ڕیکلام | 34-31 |
| .33 | پێنجەم: جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 36-34 |
| .34 | شەشەم: شێوازە قالیکەرەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا | 37-36 |
| .35 | حەوتەم: جۆرەکانی پەیامی ڕیکلامی | 38-37 |
| .36 | هەشتەم: ئامانجەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 40-39 |
| .37 | نۆیەم :ئەرکەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 41 |
| .38 | دەیەم:بنەما ئاکاریەکانی ریکلامی تەلەفزیۆنی | 42-41 |
| .39 | یانزەیەم :ڕەگەزەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 44-43 |
| .40 | دوانزەیەم: تایبەتمەندیەکانی ریکلامی تەلەفزیۆنی | 45-44 |
| .41 | سیانزەیەم: گرنگی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 46 |
| .42 | بنەما دەروونیەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا | 48-47 |
| .43 | بەشی سێهەم: ڕاستگۆیی ڕیکلام و گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەران | 50 |
| .44 | پاری یەکەم: ڕاستگۆیی لە ڕیکلامدا | 50 |
| .45 | یەکەم : پێناسەی ڕاستگۆیی | 50 |
| .46 | دووەم:گرنگی ڕاستگۆی لە ڕیکلامدا | 51 |
| .47 | سێهەم: بنەما ئاکاریەکان لە ڕیکلامی بازرگانیدا | 53-52 |
| .48 | چوارەم: گرنگی متمانە لە ڕیکلامدا | 55-54 |
| .49 | پێنجەم: هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕاستگۆیی | 55 |
| .50 | پاری دووەم: ڕیکلام گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەران | 56 |
| .51 | یەکەم : پێناسەی ئاڕاستە | 57-56 |
| .52 | دووەم: ئەرک و ڕۆڵەکانی تەلەفزیۆن بەرامبەر بە بینەر | 58-57 |
| .53 | سێهەم:چۆنیەتی گۆڕینی ئاڕاستەی بینەران | 58 |
| .54 | چوارەم:گرنگی ئاڕاستەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی | 59-58 |
| .55 | پێنجەم:پێکهێنەرەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا | 60-59 |

| | | |
|---|---|---|
| .56 | شەشەم: ئەرکەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا | 61-60 |
| .57 | حەوتەم: جۆرەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا | 64-62 |
| .58 | هەشتەم: پێکهێنانی ئاڕاستەکان | 64 |
| 59. | قۆناغەکانی دروست بوونی ئاڕاستە | 65-64 |
| .60 | ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لە گۆڕینی ئاڕاستە هەیە | 65 |
| .61 | ڕێگاکانی گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەرلەڕێگەی ڕیکلامەوە | 67-66 |
| .62 | ڕێگاکانی دروست کردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کڕین لەلایەن ڕیکلامەوە | 68-67 |
| .63 | بەشی چوارەم: چوارچێوەی مەیدانیی توێژینەوە | 70 |
| .64 | کۆمەڵگای توێژینەوە | 70 |
| .65 | سامپڵی توێژینەوە | 70 |
| .66 | تەوەری یەکەم: هەنگاوەکانی ئەنجام دانی کردە ئاماریەکان | 71-70 |
| .67 | تەوەری دووەم : خستنە ڕووی زانیاریە سەرەتاییەکان( دیمۆگرافیا) | 73-72 |
| .68 | تەوەری سێهەم: پێوانەکردنی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا | 76-74 |
| .69 | تەوەری چوارەم:ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان | 85-77 |
| .70 | تەوەری پێنجەم:ڕادەی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا | 90-86 |
| .71 | تەوەری شەشەم:ڕادەی پابەندبوونی بەرتوێژان بەڕیکلامی تەلەفزیۆنەکان بە یاساو ئیتیکەوە | 93-91 |
| .72 | تەوەری حەوتەم:ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژانە بەناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان | 103-94 |
| .73 | دەرئەنجامەکان | 104 |
| .74 | ڕاسپاردەکان | 105 |
| .75 | پێشنیازەکان | 106 |
| .76 | لیستی سەرچاوەکان | 117-107 |
| .77 | پاشکۆکان | 124-118 |
| .78 | پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | 2-1 |
| .79 | پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | 2-1 |


## لیستی خشتەکان


| ژ. خشتە | ناونیشانەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| .1 | ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن | 72 |

| | | |
|---|---|---|
| 2. | ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز | 72 |
| 3. | ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی باری خێزانی | 73 |
| 4. | ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی پیشە | 73 |
| 5. | ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی داهات | 73 |
| 6. | ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی **ڕەگەز** | 74 |
| 7. | ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی تەمەن | 75-74 |
| 8. | ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی باری خێزانی | 75 |
| 9. | ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی پیشە | 76-75 |
| 10. | ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی داهات | 76 |
| 11. | ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان | 77 |
| 12. | تەماشاکردنی جۆری کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان | 78 |
| 13. | ڕادەی تەماشاکردنی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان بەپێی جۆری کەناڵەکان | 79-78 |
| 14. | ماوەی تەماشاکردنی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان | 79 |
| 15. | شێوازی تەماشاکردن بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان | 80 |
| 16. | ڕادەی تەماشا کردن بۆ ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەلای بەرتوێژان | 80 |
| 17. | هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان | 81 |
| 18. | پشت بەستن بەجۆری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ تەماشاکردنی ڕیکلام | 82-81 |
| 19. | ئاستی متمانەبوون بەناوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان | 82 |
| 20. | هۆکاری نەبوونی متمانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان | 83 |
| 21. | ئەو تایبەتمەندیانە کە متمانە بە ڕیکلامەکان دروست دەکات لای بەرتوێژان | 84 |
| 22. | ئاستی گرنگی دان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لای بەرتوێژان | 84 |
| 23. | ئاستی بایەخدان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لای بەرتوێژان | 85 |
| 24. | جۆری ئەو ڕیکلامانەی لای بەرتوێژان جێگەی سەرنجن | 85 |
| 25. | زانینی ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا | 90 |
| 26. | زانینی ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە | 93 |
| 27. | تێڕوانینی بەشداربووان سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان دەخاتە ڕوو | 103-102 |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژ. پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1. | فۆرمی ڕاپرسیی دابەشکراو بۆ بەرتوێژان | 122-118 |
| 2. | فۆرمی هەڵسەنگاندنی ڕاپرسی پسپۆڕان | 124-123 |

## پێشەکی

ڕیکلامی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان و زۆربوونی خواست لەسەری وزیاد بوونی بەرهەم و بەرکەوتنی هاووڵاتیان لەگەڵ ژمارەیەکی فراوان لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان و گەشەکردنی فراوانی تەلەفزیۆنەکان وپشت بەستنیان بە ئامڕازە نوێیە تەکنەلۆجیەکان بوەتە هۆی گەشەکردنی فراوانی ڕیکلام لەناو کۆی ژانرە تەلەفزیۆنیەکاندا، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر لە چوارچێوەیەدا، توێژینەوەکەی لە ژێر ناونیشانی (ڕاستگۆیی لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکوردیەکاندا و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەردا)،ئەم توێژینەوەیەی ئەنجام داوە.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بایەخی ڕاستگۆیی لە خستنەڕووی پەیامە ڕیکلامیەکاندا دەردەخات، ئەگەر ڕیکلامکارەکان ڕاستگۆیانە ڕیکلام بۆ بەرهەمەکانیان بکەن ئەوان بەو ئامانجە دەگەن کە دەیانەوێت لە ڕێگەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و تەلەفزیۆن بە تایبەتی بەدەستی بهێنن، لەم ڕێگەوە بەکاربەرەکان لەسەر بەکارهێنانی بەرهەمەکانیان بهێڵنەوە و خۆشیان لە و زیادەڕۆییانە دوربخەنەوە کە لە ڕێگەی خستنە ڕووی پەیامە ڕیکلامیەکانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و کار لەسەر ناو ناوبانگی خۆیان و بەرهەمەکانیان دەکات.

لەم توێژینەوەدا بۆ دەرخستنی گرنگی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکوردیەکاندا و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەردا، میتودی وەسفی بەکارهێنراوە، لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسیەوە بۆچوونی بەرتوێژان کە وەڵامی (55) پرسیار بوون لەسەر ناونیشانی توێژینەوەکە وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە و توێژینەوەکە، بە چەند دەر ئەنجامێک گەشتووە کە سەرەکیترین دەرئەنجامەکان بەڕای بەرتوێژەکان ئەوەیە کە ڕاستگویی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وەک پێویست نیە و ڕیکلامی تەلەڤزیۆنە کوردیەکان نەیان توانیووە، وێنەیەکی تەواى شمەک و خزمەتگوزاریەکان بخەنە ڕوو و بەکارهێنەران لەسەر بەکارهێنانی بەرهەمەکانیان بهێڵنەوە ومتمانەی بەکاربەران و جەماوەر بە ناوەڕکی پەیامە ڕیکلامیەکان لە ئاستێکی لاوازدایە و زیادەڕۆی لە خستنە ڕووی ڕیکلامە بازرگانیەکاندا هەیە.

توێژینەوەکە بە خستنەڕووی وەڵامی بەرتوێژان و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی تێڕوانینەکانیان بۆ ڕیکلام و ڕاستگۆیی، ئەوەی بەڕوونی بۆ دەرکەوتووە کە بەکاربەران متمانەیەکی لاوازیان بە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان هەیە، هۆکاری کەم بوونی ئەم متمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کار لەسەر بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکانیادا وەک پێویست نەکراوە و زیاتر ئامانجەکانیان لە ساغکردنەوەی بەرهەم و دەستکەوتن و زیادکردنی داهاتدا بینیوەتەوە.

ئەم توێژینەوە لەسەر بنەمای ئەو تەوەرانەی دیاری کراوە دابەشکراوە بۆ چوار بەشی سەرەکی لە بەشی یەکەمدا میتۆد نامە خراوەتە ڕوو کە پێکهاتووە لە (کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و میتۆدی توێژینەوە و کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە و بوار وسنوری توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ پێناسەکردنی چەمکەکان ) خراوەنەتە ڕوو.

لەبەشی دووەمدا چوارچێوەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕووکە پێکهاتووە لە دوو پاری پەیوەستدار بە یەکەوە، لە پاری یەکەمدا باس لە ڕیکلام بەشێوەیەکی گشتی وەک چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان و

ئەرک و ئامانج و قۆناغەکانی گەیشتنی پەیامی ڕیکلام بە وەرگر، لە پاری دووەمدا باس لە چەمکی تەلەفزیۆن وڕیکلامی تەلەفزیۆنی و مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی جۆر و شێوازەکانی و بنەما ئاکاریەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و ڕەگەز و تایبەتمەندیەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کراوە.

بەشی سێهەمی توێژینەوەکە باس لەڕاستگۆیی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەران کراوە، لەو چوار چێوەیەدا لە پاری یەکەمدا، پێناسەی ڕاستگۆیی و پێکهێنەرەکانی ڕاستگۆیی و ڕەهەندەکان و جۆرەکانی ڕاستگۆیی و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕاستگۆیی و و کێشەکانی پێوانەکردنی ڕاستگۆیی لەڕیکلامداخراوەتەڕوو، لە پاری دووەمدا، پێناسەی ئاڕاستە و پێکهێنەرەکانی ئاڕاستە و ئەرک و جۆرەکانی ئاڕاستە و پێکهێنان و گۆڕینی ئاراستەکردووە.

بەشی چوارەم تایبەتە بە لایەنی مەیدانی کە پێکدێت لە خستە ڕووی ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەشتووە لە ڕێگەی کاری مەیدانی و دابەشکردنی فۆڕمی توێژینەوەکەوە بەسەر بەرتوێژاندا. هەروەها خستنە ڕوی دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان .

# بــەشــی یەکــەم
## میتۆد نامە

- یەکەم: کێشەی توێژینەوە
- دووەم: گرنگی توێژینەوە
- سێهەم: ئامانجی توێژینەوە
- چوارەم: میتۆدی توێژینەوە
- پێنجەم: بوار و سنوری توێژینەوە
- شەشەم: پێناسەی چەمکەکان
- حەوتەم: توێژینەوەکانی پێشوو
- هەشتەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم:
# میتۆدنامە

## یەکەم: کێشەی توێژینەوە

پەیبردن و گەڕان بەدوای کێشە و گرفتێک بۆ توێژەر، دەبێتە سەرەتایەک بۆ کارکردن لەسەر بابەتێک ودۆزینەوەی چارەسەر بۆ بابەتەکە لە سۆنگەی زانینی هۆکارەکانیەوە. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی ڕاستگۆییە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکوردیەکان و زانینی ئەو ڕۆڵەی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان هەیانە لە گۆڕینی ئاڕاستەکانی بەکاربەران، بەمەبەستی بەدەستهێنانی وەڵام بۆ کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

1. ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا هەیە؟
2. ڕادەی تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان لەلای بەکاربەران لە چ ئاستێکدایە؟
3. تاچەند بەکاربەران متمانەیان بە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان هەیە؟
4. تاچەند بینەران ڕاستگۆیی لە پەیامە ریکلامیەکان دەبینن و ڕەچاوی ڕاستگۆیی لە خستەڕووی زانیاریەکان دەکرێت؟
5. تاچەند ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکوردیەکان ڕۆڵیان لە گۆڕینی ئاڕاستەکانی بەکاربەراندا هەیە ؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێت:

1. لەڕووی زانستیەوە: بەوپێیەی ڕیکلام چالاکیەکی پەیوەندی کردنە، بەردەوام لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا بەرکەوتنی هەیە، بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری لەلایەن ڕیکلامکارەکانەوە، وەک پەیامێک ئاڕاستەدەکرێت، پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە لە ڕوی چۆنێتی و جۆریەتی ئەو ڕیکلامانەی ئاڕاستەی وەرگران دەکرێن، ڕادەی ڕاستگۆییان دەستنیشان بکرێت.
2. لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە: بەوپێیەی ڕیکلام پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئاڕاستەی تاکەکانی کۆمەڵگادەکرێت، کەواتە بوونی هەر گوتارو پەیامێکی ڕیکلامی کاریگەری لەسەر بەکاربەر دروست دەکات، بۆیە پێویستە کار لەسەر لایەنەئەرێنی ونەرێنیەکانی ئەو پەیامە ڕیکلامیانە بکرێت و لەڕووی باشی و خراپیەوە جیابکرێنەوە.
3. لەڕووی میدیایی و زانستی ڕاگەیاندنەوە: ئەم توێژینەوەیە لە داهاتوودا دەتوانرێت ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ ئەو کەس و لایەنانەی لەبواری ڕیکلامدا دەخوێنن یان کاردەکەن، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستیش بۆ کتێبخانە و ناوەکاندەکانی توێژینەوە و ناوەندە ئەکادیمیەکان.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

1. زانینی ڕادەی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا.
2. زانینی ڕادەی تەماشاکردنی ڕیکلامە لە تەلەفزیۆنیەکوردیەکان لەلایەن بەکاربەرانەوە.
3. زانینی ڕادەی متمانەی بینەران بە پەیامە ڕیکلامیەکان.
4. خستنە ڕووی ئاستی ڕاستگۆیی لە پەیامە ریکلامیەکان و ڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی لە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکاندا.

5. زانینی ڕۆڵی ڕیکلامە تەلەفزیۆنە کوردیەکان لە گۆڕینی ئاراستەکانی بەکاربەراندا.

## چوارەم: میتۆدی توێژینەوە:

جۆری میتۆدی بەکارهێنراو بۆئەم توێژینەوەیە بریتیە لە میتۆدی وەسفی، بەبەکارهێنانی (ڕێبازی ڕوپێوی)، ئەوەش بە باشترین ڕێباز دادەنرێت بۆ ئەم تویژینەوانە کە توێژەر کاری لەسەر بکات، بەئامانجی زانینی ڕادەی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی کەناڵەتەلەفزیۆنیە کوردیەکان و گۆڕینی ئاراستەکانی بەکاربەران.

## پێنجەم: بوار و سنوری توێژینەوە

بوار و سنوری توێژینەوە لەم خالانەدا خراوەتە ڕوو:

1. بواری شوێن: پارێزگای هەڵەبجە.
2. بواری کات: ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ڕویی مەیدانیەوە 1-6-2021 بۆ 2-2-2023.
3. بواری مرۆیی: دانیشتوانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە وەک سنوری مرۆیی توێژینەوەکە دیاریکراوە.

## شەشەم: پێناسەی چەمکەکان:

1. ڕاستگۆیی: لەبەرچاوگرتنی ڕاستگۆیی و ڕوونیە و لە هەموو لایەنەکانی ئەو پەیامە ڕیکلامیەی کە لە تەلەفزیۆندا پێشکەش دەکرێت،بە جۆرێک داواکاری سوود و تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرهەم یان خزمەتگوزارییەی کە ڕیکلامی بۆ دەکرێت ڕاستگۆیانەبێت و سەرنجی بەکاربەران ڕابکێشێت.[1]
2. ڕیکلامی تەلەفزیۆنی: دەربڕینێکە لە کۆمەڵێک زانیاری وابەستە بە شمەک و بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریەکانیان لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە چوار چێوەی بەرنامەکانیدا، لە پێناو ناساندن و بە بازاڕکردنی بەرهەمەکە و بە شێوازی جۆراو جۆر و بە بەکارهێنانی ڕەگەزەجیاوازەکانی تەلەفزیۆن بەرهەم دەهێنرێت، تا بەرهەمەکە بە بازاڕ و بەکاربەرەکان بناسێنێت ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی "هەموو جۆرە چالاکییەکە بەشێوەی کۆمەڵ پێشکەشدەکرێت و بەڕێگەیەکی گشتی نەک تاکی، بینراو بیستراو لە ڕێگەی پەیامێکی دیارکراو لەلایەن ڕیکلامکارەوە پەیوەست بەکاڵا یان خزمەتگوزاریەک. [2].
3. ئاڕاستە: بریتیە لەخواستێک بۆڕازیبوون لەبەرامبەر پەیامێک، یان ڕەتکردنەوەی پەیامێکی دیکە یان بابەتێک یان تێڕوانینی کەسێکی دیاری کراو یان چالاکیەک، کە تێیدا وەڵامی پەیامەکە بە شێوەی تاکەکەس دەدرێتەوە ، ئەوەش لە چوارچێوەی دەربڕینی هەڵسوکەوتێکی تاکە کەسیە و بەهۆی کاریگەربوونی بە پەیامەکە لە دوخێکی تایبەت و دیاری کراودا.[3]
4. بەکاربەر: بەکاربەران ئەو کەسانەن کە پێداویستیەک یان چەند پێداویستیەک لە بەرهەمهێنەران دەکڕن و بەکاری دەهێنن، یان بەو توحمەی پرۆسەی بازارکردن ناسراوە کە هەوڵ دەدات پێداویستیەکان بۆ تێرکردنی حەزەکانی خۆی بەکار بهێنێت.[4]

---

(1)محمد ايمن صبحي جربوع، مصداقية الاخبار المحلية في المواقع الاخبارية الفلسطينية لدي طلبة الاعلام في جامعات محافظات غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الاسلامية بغزة: كلية الاداب، 2017) ص68

(2) سامي العزيز،صفوت العالم، نهيلة الحفناوي، فن الاعلان:( القاهرة،مطبعة جامعة القاهرة، 2022) ص 118

(3)حسين صديق، اتجاهات من منضور الاجتماع، (مجلة جامعة الديمشق: مجلد 28العد 4+3، 2012) ص

(4)منيرنوري، سلوك المستهلك المعاصر:(الجزائر،ديوان المطبوعات الجامعية، جامعة الشلف، 2013) ص57

## حەوتەم: توێژینەکانی پێشوو:

توێژنەوەکانی پێشوو ئامرازێکی گرنگن، بەرچاوڕوونی بەتوێژەر دەدات، تا بتوانێت گریمانەکانی توێژینەوەکەی وچوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەلەهەردوو بواری تیوری پراکتیکی بۆ ڕوون بێتەوە، هەنگاوە نەزانراوەکان ئاشکرا دەکەن و وەڵامی دەیان پرسیاری نەزانراو ئاشکرادەکەن و وەڵامی دەیان پرسیاری ئایندە دەدەنەوە.

### 1. توێژینەوە کوردستانییەکان

### أ. بەناز ئەحمەد محمد(2017)[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی ماستەرە لە ساڵی (2017) لەلایەن توێژەر (بەناز ئەحمەد محمد) بەناونیشانی (نەخشەسازی لە بەرهەمهێنانی ڕیکلامی ڕۆژنامەوانیدا، گۆڤاری لڤین وڕۆژنامەی ئاوێنە بەنموونە)بڵاوکراوەتەوە.

میتۆدی توێژینەوە: توێژەر میتۆدی (وەسفی ) بەکارهێناوە، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە پراکتیکیەکەی پشتی بە شێوازی شیکاری ڕەواڵەتی بەستووە بۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی کە هەوڵی بەدیهێنانی داون.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیە لە گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەی ئاوێنە، کە تەواوی ژمارەکانی لە ساڵی 2015 وەرگرتوون، کە هۆکاری هەڵبژاردنی لڤین و ئاوێنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەردووکیان ئەهلی بوون و پشتیان بە بە ڕیکلام بە ستووە بۆ بەدەستهێنانی داهات.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین

1- زانینی جۆری ئەو ڕەگەزە هونەریانەی کە زۆرترین بەکارهێنانیان پێکراوە لە (گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەی ئاوێنە).
2- زانینی ئاستی هاوسەنگی ڕاگرتن لەنێوان ڕەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازی (گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەی ئاوێنە).
3- زانینی ئاستی گرنگیدان بە ڕەگەزە هونەریەکان .
4- زانینی جیاوازی لە یەکچوون لە بەکارهێنانی ڕەگەزە هونەریەکان لەنێوان (گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەی ئاوێنە).

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم جۆرە بوون :

1- ڕەگەزە هونەریەکان زۆرترین بەکارهێنانیان پێکراوە لەگۆڤاری لڤین ڕەگەزی وێنە زۆرترین بەکارهێنراوە و ئەوەش بۆ زۆری ڕووبەری گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە و کاریگەری لەسەر وەرگرەکان هەیە، لە ڕۆژنامەی ئاوێنەشدا ڕەگەزی هێما و دروشم ولۆگۆ بەکار هاتووە کە ئەوەش زۆرترینیان ڕیکلامی کۆمپانیاکان بوون .
2- هەریەک لە گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەی ئاوێنە نەیان توانیووە هاوسەنگی لە بەکارهێنانی ڕەگەزە هونەریەکاندا بکەن.

---

(1) بەناز ئەحمەد محمد،هونەری نەخشەسازی لەبەرهەمهێنانی ڕیکلامی ڕۆژنامەوانیدا،گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەی ئاوێنە بە نموونە، نامەی بلاو نەکراوەی ماستەر،(زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن،2017)

## ب- ئەحمەد قادرعەلی(2017) [1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی ماستەرە لە ساڵی (2017)، لەلایەن توێژەر (ئەحمەد قار عەلی)، بەناونیشـــانی (ڕۆڵـــی ڕیکلامـــی تەلەفزیـــۆنیە کوردیەکـــان لەســـەرڕەفتاری بەکـــاربەر لە پۆشاکپۆشیدا)بلاوکراوەتەوە.

میتۆدی توێژینەوە: توێژەر میتۆدی (وەسفی ) بە بەکارهێنانی شێوازی ڕووپێووی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیە لەخوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1- زانینی ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا).
2- دیاریکردنی ئاستی پشتبەستنی خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا.
3- دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاک لەتەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر بەباوکردنی پۆشاکێکی دیاریکراو لەلای خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.
4- دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.
5- دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر خەرجیی خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

گرنگرتین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. تا ئێستا تەلەفزیۆن نەبووەتە سەرچاوەی زانیاری و دانانی پلانی بینەران بۆ وەرگرتنی ڕیکلامەکان و گەڕان بەدوای پەیامە ڕیکلامیەکاندا بەتایبەت لای هاوولاتیانی پارێزگای هەڵبجە، دەکرێت بڵێن ئەو پەیامە ڕیکلامیانەی بە شێوەی زارەکی باس دەکرێن کاریگەریان زیاتر بووە لەوەی لە تەلەفزیۆنەکانەدا بلاودەکرێنەوە.
2. نەبوونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکانی تەلەفزیۆنیەکوردیەکاندا گرفتێکی دیارەلای بنەران و ئەوان وەک خۆیان وەڵامیان داوەتەوە زۆرینەیان پێیان وایە ئەوەی لە ناوەڕۆکی ڕیکلامەکان دەوترێت و ئەوەی لە واقعدا دەیبنن و جیاوازن، واتە بەشێوەیەکی گشتی گرفتی ناڕاست و نادرووست بوونی ڕیکلامەکان هەیە.
3. ئەو ڕیکلامانەی لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بلاوکراونەتەوە نەیانتوانیووە بۆچوونەکانی جەماوەر لەسەر شمەک و کالا ڕیکلام بۆ کراوەکان بگۆڕن و ئەوەش وایکردووە پەیامەکان بەشێکی زۆر لە جەماوەرنەگەن.
4. نەبوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا وایکردووە کە بەشێکی زۆر لە جەماوەری تەلەفزیۆنیە کوردیەکان، گرنگی بە ڕیکلامەکانیان نەدەن.
5. ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکان نەیتوانیووە ئاراستەکانی جەماوەر بگۆڕێت و بۆچوونی نوێیان لاگەڵالەبکات.

(1) ئەحمەد قادر عەلی، ڕۆڵی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنەکوردیەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیدا)، نامەی بلاونەکراوەی ماستەر، (زانکۆی سلێمانی: کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان،بەشی ڕاگەیاندن،2017 )

### ت-أميد محمد حسين، 2015[1]

ئەم تـوێژینەوەیە نـامەیەکی ماسـتەرە و لە سـاڵی(2017) لەلایەن تـوێژەر امیـد محمـد حسـین، بەناونیشانی (تحلیل الاقتصادي لاثر الاعلان التجاري في سلوك المستهلك ) بڵاوکراوەتەوە، توێژینەوەکە باس لە ڕۆڵی ڕیکلامی بازرگانی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر دەکات.

میتـۆدی تـوێژینەوە: تـوێژەر میتـۆدی (وەسـفی) بەشـێوازی ڕووپێـوی بەکارهێنـاوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بـریتییە لە دانیشـتوانی شـاری سلێمانی، سـامپڵی توێژینەوەکەی بـریتییە لە (452 ) لێتوێژراو، فۆرمی ڕاپرسی وەک ئامرازیی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە. سـەرەڕای توانـای بـەکارهێنانی ڕیکـلام بەشـێوەیەکی خـراپ لەهەنـدێک کاتـدا، بـەڵام لـەکاتی ئاسـایی وبـەکارهێنانی بەشێوەیەکی سودبەخش دەتوانێت سودبگەیەنێت بە بەرهەمهێن و بەکاربەر.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. دەرخستنی ڕۆڵی ڕیکلامی بازرگانی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر.
2. تـوێژینەوەی مەیـدانی لە شـێوازە سـەرەکیەکانی ڕەفتـاری بەکـاربەر لە چوارچێـوەی کـۆمەڵگەی توێژینەوەکەیدا و بە ستنەوەی بەو کاریگەریانەی کە ڕیکلامی بازرگانی لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیەتی .
3. ڕوونکـردنەوەی ڕیکـلام وەک ڕەگەزێکـی دیـاری ئـابوری و شـیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکـانی پەیوەستن بە ڕیکلام و خستنە ڕووی گرنگیەکەی.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە :

1. ڕیکلامـی بازرگـانی شـێوازێکە لـە کاروبـارە ئابوریـەکان، ئەوکەسـەی پێـی هەڵدەسـتێت ئامـانجی فرۆشـتنی زیـاتری ئـەو کـاڵاو خزمەتگوزاریانەیـە، کـە بەرهـەمی دەهێنێت لـە ڕێگـەی ئامرازەکـانی ڕاگەیاندنەوە.
2. ڕیکلام کۆمەڵێک ئەرکی هەیە لەوانە زانیـاری دان لەسـەر کاڵاکە و گـۆڕینی ئـارەزوو و خواسـتی بەکاربەرەکان ڕاکێشانیان بە ئاڕاستەی بەرهەمەکە.
3. نەریتـی کـۆمەڵایەتی لە کـۆمەڵگە جیاوازەکانـدا کـاریگەری هەیە لەسـەر ڕەفتـاری کڕین،بەجۆرێـک کـرداری کـڕین پەیوەنـدی بە داهـاتی تاکەکەسـەوە هەیە کە دەتوانێـت ڕەفتـاری کڕینـی بگـۆڕێت هەرکاتێک کە داهاتنی زیادی کرد.
4. سەرەڕای بەکارهێنانی توانای ڕیکلام بەشێوەیەکی خراپ لە هەندێ کاتدا،بەڵام لە کاتی ئاسـایی و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی باش دەتوانێت سود بگەیەنێت بە بەرهەمهێن و بەکاربەر.

(1) أميد محمد حسين، تحليل الاقتصادي لاثر الاعلان التجاري في سلوك المستهلك، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة السليمانية: كلية الادارة والاقتصاد، قسم الاقتصاد، 2015)

## ث- چوارەم: سلام نصرالدين محمد، 2008[1]

ئەم توێژینەوەیە نامەیەکی ماستەرە لە ساڵی (2008)، توێژەر سلام نصرالدين محمد بەناونیشانی (اتجاهات الجمهور الكوردي ازاء الأعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردية)یە بڵاوی کردوەتەوە، کە دەربارەی ڕیکلامی بازرگانیە لە لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان و زانینی بۆچونی جەماوەرە لەسەر ڕیکلامەکان کە لەتەلەفزیۆنەکان کە بڵاودەکرێنەوە و زانینی ڕادەی ڕەزامەندی جەماوەرە لەسەر ڕیکلامەکان و چۆنیەتی گونجاندنیان لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگایە.

میتۆدی توێژینەوە: توێژەر لە توێژینەوەکەدا میتۆدی (وەسفی )، بە بەکارهێنانی شێوازی ڕووپێوی بەکارهێناوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە دانیشتوانی ناو شاری سلێمانیی، کە (10) گەڕەکی وەک سامپڵ بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژاردووە، لەو (10) گەڕەکەش (400) لێتوێژراوی وەرگرتووە، فۆڕمی پێوانەکردنی وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتن لە :

1. بنیادنانی پێوانەی ئاڕاستەی جەماوەری کوردی،بەرامبەر بە ڕیکلامی بازرگانی لە ئامڕازە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان.
2. زانینی ئاڕاستەی بەکاربەری کوردی بەرامبەر بە ڕیکلامی بازرگانی لە ئامڕازە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان.
3. زانینی جیاوازی ئاڕاستەی جەماوەری کوردی بەرامبەر بە ڕیکلامی بازرگانی لە لە ئامڕازە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەز، ئاستی خوێندن، ئاستی بژێوی).
4. زانینی ئاستی گرینگیدانی ئامڕازە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان بە ڕیکلامی بازرگانی.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. بەشێکی زۆر لە ئامرازە تەلەفزیۆنیەکان بەشی ڕیکلام لە ڕێکخستنی دەزگاکانیاندا لە خۆناگرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەناڵانە گرنگی بەو جۆرە پەیوەندیە نادەن کە دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی داهات سودی لێ وەربگیرێت.
2. جەماوەری کوردی زۆر گرنگی بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەدەن،لەبەر ئەوەی لەگەڵ حەزەکانیاندا ڕیکلامەکان دەدوێن و جەماوەری کوردیش لەبەر ئەوەی بە زمانی کوردین، ئەو ئامڕازەیان لا پەسەندە.
3. ڕیکلامە بازرگانیەکانی ئامڕازە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان بڵاوی دەکەنەوە گرنگە بەلای جەماوەرەوە، چونکە زانیاریان دەداتێ لەسەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ درککردنی جەماوەری کوردی بە گرنگی ڕیکلام وەک ئامڕازێک بۆ دەستکەوتنی زانیاری و یارمەتیدانیان لە بڕیاری کڕین، بەهۆی هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە کاڵاوپێداویستی لە دەرەوەی بۆ ناوەوەی هەرێم، پەنابردن بۆ ناساندنی بەرهەمەکە لە ڕێگەی ڕیکلامەوە.

(1) سلام نصرالدين محمد، اتجاهات الجمهور الكوردى ازاء الأعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردية، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة السليمانية: كلية علوم الانسانية، قسم الاعلام، 2008)

## 2. توێژینەوە عێراقیەکان

### أ. سهاد عدنان جلوب ألمطيرى 2006 [1]

ئەم توێژینەوەیە نامەیەکی ماستەرە لە ساڵی (2006) توێژەر سهاد عدنان جلوب ألمطيرى بەناونیشانی (الأعلان في القنوات العربية والاتجاهات الاستهلاكية للجمهور العراقي)یە، کە دەربارەی ڕیکلامە لە تەلەفزیۆنە عەرەبیەکان و کاریگەری ئەو ڕیکلامانەیە کە لە تەلەفزیۆنی (العراقيه) ئاڕاستەی بەکاربەران دەکرێن لە عێراقدا.

میتۆدی توێژینەوە: توێژەینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و توێژەر شێوازی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی ماوەیەکی دیاری کراو لە ڕیکلامەکانی کەناڵی (العراقيه) و کاریگەریان لەسەر هاووڵاتیانی بەغدا.

گرنگرتین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین:

1. زانینی ڕێژەی تەماشاکردنی کەناڵی (ألعراقييه) لەلایەن بینەری عێراقییەوە.
2. دیاریکردنی ڕێژەی ئەو ڕیکلامانەی، کە زۆرترین کات بینەرەکان لە کەناڵی(ألعراقييه ) تەماشای دەکەن.
3. زانینی بۆچوونی جەماوەری کە ناڵی العراقيه لەسەر ئەو ڕیکلامانەی کە لە کەناڵەکەوە پەخش دەکرێن.
4. زانینی ڕادەی پشتن بەستنی جەماوەری کەناڵەکە بەو ڕیکلامانەی لە کەناڵ (ألعراقييه) بڵاودەکرێنەوە.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە :

1. زیادەڕۆیی لە ڕیکلامەکانی تەلەفزیۆنی (ألعراقييه) هەیە و زۆربەی جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لە کەناڵی (ألعراقييه) زیادەڕۆیی تێداکراوە لە خستنە ڕووی زانیاریەکاندا.
2. بەکارهێنانی ڕەنگەکان، دووبارەکردنەوەیان لە پێکهاتەی ڕیکلامەکاندا کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر وەرگرەکان.
3. دووبارکردنەوەی ڕیکلام هۆکارێکە بۆ مانەوەی ناوی بەرهەمەکە لە هزری وەرگراندا.

## 3. توێژینەوە عەرەبیەکان

### 1. عزة حلمى عوض ألجرجاوى، (2005)[2]

ئەم توێژینەوەیە نامەیەکی ماستەرە لە ساڵی (2005) توێژەر عزة حلمى عوض ألجرجاوى بەناونیشانی، (دور الاعلان التلفزيونى في التأثير على السلوك الشرائي- دراسة تحليلية ميداينة) یە، بڵاوی کردوەتەوە،کە توێژینەوە باس لەکاریگەری ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لەسەر ڕەفتاری کڕین دەکات لەلایەن بەکارانەوە.

---

(1) سهاد عدنان جلوب المطبرى، الأعلان في القنوات العربية والاتجاهات الاستهلاكية للجمهور العراقي، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة بغداد: كلية الاعلام. قسم الصحافة والاذاعة و التلفزيونية، 2006).

(2) عزة حلمى عوض الجرجاوى، دور الاعلان التلفزيونى في ألتأثير على السلوك الشرائي- دراسة تحليلية ميداينة، رسالة ماجستير غير منشورة، (الاسكندرية: كلية الاداب، جامعة الاسكندرية، 2005).

میتۆدی توێژینەوە: توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییە، توێژەر (400) منداڵی وەک سامپڵی توێژینەوەکەی بەشێوازی هەڕەمەکیی چینایەتی لە دەوورووبەری پارێزگای (البحیرە) وەرگرتووە، کە تەمەنیان لەنێوان (9-12)، ساڵدایە ، فۆڕمی ڕاپرسیی وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ توێژینەوەکەی بەکارهێناوە.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. زانینی کاریگەری ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری کڕین لەلای منداڵان.
2. زانینی کاریگەری ڕیکلام لەسەر دروستکردنی حەزو خولیای کڕین لای منداڵ.
3. کاریگەری ڕیکلام لەسەر منداڵ وەک بەکاربەر.

گرنگرتین دەرئەنجامەکانی تویژینەوەکە بریتین لە:

1. ریکلامی تەلەفزیۆنیی، سەرچاوەی یەکەمی بێ ڕکابەرە لە ناساندنی بەرهەمەکان.
2. . ڕیکلام کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کڕینی منداڵان هەیە.
3. تەنها ڕیکلام بەس نیە بۆ وەڵامدانەوە ڕەفتاری کڕین، هۆکارەکانی ناوگروپەکانیش گرنگن بۆ بەدەمەوەهاتنی ڕیکلامەکان.

## 2. أياس سمير اسماعيل صمد،(2011)[1]

ئەم توێژینەوەیە نامەیەکی ماستەرە لە ساڵی (2011) توێژەر أیاس سمیر اسماعیل صمد بەناونیشانی، (تأثير الاعلان الاذاعي على اتخاذ القرار الشرائي لدي طلبة الجامعات) یە بڵاوی کوردوەتەوە، کە باس لەکاریگەری ڕیکلامی ڕادیۆیی لەسەر خوێندکارانی زانکۆ حکومیەکانی فەلەستین دەکات.

میتۆدی توێژینەوە: توێژەر لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی- شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکانی پارێزگاکانی غزە لە فەلەستین، سامپڵەکەی بریتییە لە (409) خوێندکار، کە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی وەریگرتوون. فۆڕمی ڕاپرسیی و چاوپێکەوتنی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەکارهێناوە.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە

1. کاریگەری ڕیکلامە ڕادیۆییەکان لەسەربڕیاری کڕین لەلای خوێندکارانی زانکۆ حکومەیەکانی فەلەسین لە غەزە.
2. پێشکەش کردنی ژمارەیەک پێشنیار بۆکۆمپانیا و وویستگە ناوخۆییەکان، کە کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەو پەرەپێدانی چالاکیە ڕیکلامیەکان

گرنگترین دەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1-دارشتنی ڕیکلامی ڕادیۆیی لەڕوانگەی، (ناوەڕۆکو کاتی پێشکەشکردنوماوەکەیو دووبارەبوونەوەی ریکلام).

2-جێبەجێکردنی ڕیکلامی رادیۆیی لەڕوانگەی، (بەکارهێنانی کەسانی بەناوبانگ و ڕەچاوکردنی کلتووری باوی کۆمەڵگەو ڕاستگۆییو بەکارهێنانی زیاد لە ڕادیۆیەک بۆ ڕیکلامکردن).

---

(1) أياس سمير اسماعيل صمد،(تأثير الاعلان الاذاعي على اتخاذ القرار الشرائي لدي طلبة الجامعات بمحافظات غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الازهر في غزة: كلية الاقتصاد والعلوم الادارية،2011).

3-ناوی رادیۆ و توانای پێشکەشکردنی لە، (پەخش و ناوبانگ و ڕوونیی دەنگەکەیەوە).

### 3. محمد الصالح مفتوح، (2013)[1]

ئەم تـوێژینەوەیە نـامەیەکی ماسـتەرە لە سـاڵی (2013) لەلایەن تـوێژەر **محمـد الصـالح مفتـوح** بەناونیشانی (تأثير الاعلان على سلوك المستهلك النهائي)یە، بڵاوکراوەتەوە، کە باس لە کاریگەری ڕیکلام لەسەر بەکاربەران دەکات بۆ ئەو بابەتانەب کە ڕیکلامیان لەسەر کراوە.

میتۆدی توێژینەوە: توێژەر لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی وەسفیی شیکاریی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی تـوێژینەوەکەی بـریتییە لە دانیشـتوانی شـاری (ورقـلە)ی جەزائیـر، (80) کەسـی وەک سـامپڵی توێژینەوەکەی بە شێوەی هەڕەمەکیی وەرگرتووە. هەریەک لە ئامرازەکانی چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسیی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەکەیدا بەکارهێناوە.وەرگرتووە.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە :

1. زانینی ڕۆڵی ڕیکلام و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاراستەی بەکاربەری جەزائیری لەسەرئەو کاڵایانەی کە ڕیکلامیان بۆکراوە لە شاری (ورقلە)ی جەزائر .
2. زانینـی چـۆنێتیی کـاریگەربوونی بەکـاربەری جەزائیریـی بە ڕیکلامەکـان، ڕێـژەی کـاریگەربوونی بەکاربەری جەزائیری بە ڕیکلامەکان لە ڕوانگەی تایبەتمەندێتیی کەسییانەوە.
3. زانیی ڕادەی ڕەزامەندی بەکاربەری جەزائیریە لە ناوەڕۆکی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕیکلامەکان پەخش دەکرێن.

گرنگرتین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. بەکاربـەری جـەزائیری، پشـت بـە دامـەزاروەی مـوبیلیس دەبەسـتێت وەک سـەرچاوەیەک بـۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کەلوپەل و خزمەتگوزاریی.
2. جیـاوازیی ڕێـژەی کـارلێکی بەکاربـەری جـەزائیری بـۆ ڕیکلامـەکان بـەپێی جیـاوازیی ئـامرازی ڕیکلامکردنەکەیە، بەجۆرێک لای بەکاربەری جەزائیری تەلـەفزیۆن گرنگتـرین ئـامرازی بـەکارهێنراوە بۆ ڕیکلامکردن.
3. جیاوازیی ڕێژەی، کاریگەریی ڕیکلامەکان لەسەر تاکەکان، بەهۆی جیاوازیی کەسێتییانەوەیە.

### هەشتەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای ئەوەی تـوێژەر ژمـارەیەک تـوێژینەوەی نزیـک لە ناونیشـانەکەی خـۆی دەسـتکەوتن، لەو سـۆنگەیەوە تـوێژەر تـوانی چوارچێـوە گشـتیەکانی تـوێژینەوەکە دیـاری بکـات، لەڕووی میتـۆدی تـوێژینەوە و چـۆنیەتی بەکارهێنـانی ئامڕازەکـان و کـۆمەڵگە و سـامپڵی تـوێژینەوە و دروسـتکردنی فۆڕمی ڕاپرسی. دەتوانرێت گرنگی توێژینەوەکانی پێشوو لەم چەند خاڵەدا بخرێتە ڕوو:

1. ڕووناکردنەوەی هێڵەگشتیەکانی تویژینەوەکە و جێگیرکردنی ئامانج و ڕێکخستنی فۆڕمی ڕاپرسی و بەکارهێنانی ئامڕازە ئاماریەکان.

(1) محمد الصالح مفتوح، تأثير الاعلان على سلوك المستهلك النهائي، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة قاصدي مرباح- ورقيلة: كلية العلوم الاقتصادية، والتجارية، وعلوم التسيير، قسم العلوم التجارية، 2012).

2. سـودوەرگرتن لێیـان وەک سـەرچاوەی زانسـتی و پێداچوونەوە بە لیسـتی سـەرچاوەکانیان و وەرگرتنی چەندین ناونیشانی دیکە بۆ گەشەدان بە توێژینەوەکە.
3. زانینـی ڕاسـپاردە و دەرئەنجامەکانیـان و سـودوەرگرتن لە هەردوولایەنـی تیـۆری و پراکتیکـی توێژینەوەکان.
4. لە ڕووی میتـۆدی تـوێژینەوەوە و ئامرازەکـانی کـۆکردنەوەی زانیـاریی و ئەو ئامـانج و دەرەنجامانەی لە توێژنەوەکانی پێشووەوە بەدەستهاتوون لەگەڵ کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکان لای تـوێژەر خـوێنراونەتەوە و باشـترین میتـۆد بە لێکـۆڵینەوە لە ناونیشـانی تـوێژینەوەکە، بـۆ توێژینەوەکە دیاری کراوە.
5. توێژینەوەکـان لەوەدا یەکیـان گرتـووەتەوە کـاریگەریی ڕیکلامـی تەلەفزیـۆنی لەسـەر ڕەفتـاری بەکاربەرو جەماوەر و بینەرانی ناوەڕۆکە ڕیکلامیەکان پیشان داوە .
6. ڕادەی گرنگیـدانی بەکـاربەران بە ڕیکـلامە تەلەفزیۆنییەکـان. بەگشـتی توێژەرەکـان ڕێبـازی وەسفیی– ڕووپێوییان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان بەکارهێناوە و بە شێک لە توێژەرەکانیش شـیکاری ناوەڕۆکیـان کـردووە، ئەوەش ئەو تێـڕوانیە گشـتیەی لەنێـوان توێژەرەکانـدا دروسـت کردووە کە بینەران و جەماوەر و بەکاربەرەکان تەماشای ڕیکلامە تەلەفزۆنیەکان دەکەن .
7. لە ڕووی کۆمەڵگەی توێژنەوەکانیانەوە، هەرچەنـدە بە پێی کـات و شـوێن و بەروار، کۆمەڵگەکان جیـاوازن بەڵام سـەنتەری لێکـۆڵینەوەی هەمـوو توێژینەوەکـان بەکاربەرەکـانن،کە ئامڕازەکـانی کۆکردنەوەی زانیاریەکانیش تاڕادەیەک لە یەکترەوە نزیکن.
8. ئەو دەرەنجامانەی، کە توێژینەوەکانی پێشوو پێیان گەشتوون، هەرچەندە بەهـۆی جیاوازی کات و شـوێنی ئەنجامـدانی توێژینەوەکـانەوە لە یەکتـر جیـاوازن، بەڵام لەوەدا هاوبەشـن، کە ڕیکـلامە تەلەفزیۆنییەکـان کاریگەرییـان لەسـەر ڕەفتـاری بەکـاربەر هەیە بـۆ کڕینـی کـاڵاو شـمەکەکان و شـێوازی ڕەفتـارو کاروبـاری ڕۆژانەیـان و دروسـتکردنی ڕەفتـاری نـویێ لەلایـان. لە هەمانکاتـدا بەکـــاربەران ڕیکـــلامە تەلەفزیۆنییەکانیـــان وەک ســـەرچاوەیەکی بەدەســـتهێنانی زانیـــاری تەماشاکردووە.
9. جیــاوازی ئەم تــوێژینەوەیە لەگەڵا توێژینەوەکــانی پێشــوو لەوەدایە، کە کــار دەکــات لەســەر دیاریکردنی ڕادەی ڕاستگۆیی لە نـاوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیـۆنە کوردییەکان کاریگەری لەسـەر گـۆڕینی ئاڕاسـتەی بەکـاربەران، ئەم تـوێژینەوە دەیەوێـت ڕیکلامکـار و دامەزراوە ڕیکلامیەکـان هانبدات تا بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاست زانیاریەکانیان لە ڕێگەی ڕیکلامەکانەوە بڵاوبکەنەوە، تا کاریگەری لەسەر بەکاربەر و بینەران بەجێ بهێڵن .
10. توێژینەکـانی پێشـوو کاریـان لەسـەر کـاریگەری ڕیکـلام لەسـەر ڕەفتـاری کڕین کـردووە،ئەم توێژینەوەیە چووەتە نـاو بـوارێکی دیاری کراوی ڕیکلامـی تەلەفزیـۆنیەوە، کەڕاستگۆیی و پابەنـد بـوونە بە خسـتنە ڕووی زانیـاری ڕاسـت و دروسـت و دوورکەوتـنەوە لە زیـادەڕۆیی کـردن لە ڕیکلامەکـان، واتە بەجۆرێـک تایبەتمەنـدی بە بـوارێکی گرنگـی ڕیکـلام داوە و هەنگاوێـک دەنێـت بەرەو تایبەتمەندبوون و جیاکردنەوەی بابەت و پسپۆڕیە جیاوازەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا.

# بەشی دووەم

# ڕیکلام و ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

## پاری یەکەم: چەمک وپێناسەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

- یەکەم: چەمک و پێناسەی ریکلام
- دووەم: هۆکارەکانی گەشەکردنی ڕیکلام
- سێهەم: جۆرەکانی ڕیکلام
- چوارەم: ئەرکەکانی ڕیکلام
- پێنجەم: ئامانجەکانی ڕیکلام
- شەشەم:قۆناغەکانی گەیشتنی پەیامی ڕیکلامی بە بەکاربەر

## پاری دووەم: چەمکی تەلەفزیۆن و ڕیکلامی  تەلەفزیۆنی

- یەکەم: چەمکی تەلەفزیۆن
- دووەم:  پێناسەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- سێهەم:سەرهەڵدان و گەشەکردنی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان
- چوارەم:لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ڕیکلام
- پێنجەم: جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- شەشەم: شێوازەکانی قایلکردن لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا
- حەوتەم: جۆرەکانی پەیامی ڕیکلامی
- هەشتەم: ئامانجەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- نۆیەم : ئەرکەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- دەیەم :بنەما ئاکاریەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- یانزەیەم: ڕەگەزەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- دوانزەیەم: تایبەتمەندیەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- سیانزەیەم: گرنگی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی
- چواردەیەم: بەنەما دەروونیەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

# بەشی دووەم

# ڕیكلام و ڕیكلامی تەلەفزیۆنی

## پاری یەكەم:

## چەمك و مێژوو سەرهەڵدانی ڕیكلام

### یەكەم: چەمك و پێناسەی ڕیكلام

ڕیكلام وەك ژانرێك بە شێوەیەكی دیاری كراو نازانرێت ،مێژوو و بەكارهێنانەكانی كەی بەكارهێنراوە، بەڵام لە پەیوەندی مرۆڤەكان لەگەڵ یەكتردا و گۆڕینەوەی كاڵاو شمەكەكان لەنێوانیاندا دەتوانرێت بەسەرەتایەك دابنرێت كەلە قۆناعە جیاوازەكانی گەشەكردنی كۆمەڵگەكان بەكارهاتووە.

ڕیكلام: بریتیە لە شێوازێك لە شێوازەكانی كۆمەنیكەیشن لەنێوان دوولایەنی نێرەرو وەرگردا، كەدەیەوێت پەیامەكە ئیتر، (سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی)بێت، بەبەرامبەر بگەیەنێت و قەناعەتی وەرگرتنی لادروست بكات.(1)

بەهۆی فراوانی بواری ڕیكلام و پێكنەهاتنی نوسەران و توێژەران چەندین پێناسەی جیاواز بۆ ڕیكلام كراون، كۆمەڵەی بەبازاڕكردنی ئەمریكی پێناسەی ڕیكلام دەكات بەوەی " چالاكیەكی ناخودیە، لەلایەن دەستەیەكی دیاری كراوەوە، بیرۆكەو كاڵاو خزمەتگوزاری پێشكەش دەكرێت بەرامبەر بە بڕێك لە پارە".2

ئەم چالاكیە لەڕێگەی ئامڕازەكانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێت، كەهەربۆیە لەم سۆنگەیەشەوە ڕیكلام پێناسەدەكرێت، لە شێوەیەك لە شێوەكانی چالاكی ناتاكەكەسی كە لە ڕێگای یەكێك لە ئامڕازەكانی ڕاگەیاندنەوە لە بەرامبەر بڕێك پارەدا و بە هاوكاری لایەنێكی ئاشكرا و دیاری كراو ئەنجام دەدرێت(3) بەشێكی دیكەڕ لە نوسەران ڕیكلام وەك ئامڕازێك بۆ دروستكردنی كاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەكاربەران پێناسەی دەكەن و پێیان وایە ڕیكلام بریتیە لە هونەری فریودانی ڕەفتاری تاكەكان، بە ڕێگایەكی دیاری كراو. ڕیكلام بەچەندین شێوەی جیا بڵاودەكرێتەوە كە بە بۆچوونی واڵتەرگاز ئامڕازێكە بۆ فرۆشتنی بیرۆكە، كاڵا، یان خزمەتگوزاری بە كۆمەڵێك كەس و بەكارهێنانیان، ئەمەش لە ڕووپەری ڕۆژنامە یان لە شێوەی پۆستەر یان تەلەفزیۆن یان گۆڤارەكان یان لەكاتە جیاوازەكانی پەخشی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بلاودەكرێنەوە.(4)

لە فەرهەنگی ئینگلیزی (Robert)داڕیكلام"چالاكی، یان هونەرێكە، ئامانج لێی دروستكردنی كاریگەریی دەروونییە لەسەر جەماوەر، لە پێناو هێنانەدی ئامانجە بازرگانییەكاندا. فەرهەنگی فەڕەنسی (La La rouse) ڕیكلام پێناسە دەكات: "كۆمەڵێك ئامرازی بەكارهاتووە بەمەبەستی ناساندنی پرۆژەیەكی پیشەسازی، یان بازرگانی، یاخود پیاهەڵدان بە بەرهەمهێنراوێكدا(5). شێوەیەكە لە شێوازەكانی پەیوەندیە ناخودیەكان لە ڕێگەی ئامڕازێكەوە ئەنجام دەدرێت لەبەرامبەر بڕێك پارە (6)

---

(1) نەزاكەت حسین حەمەسەعید، سەرچاوەی پێشوو،ص6.

2 بسام عبدالرحمن المشاقبة، اخلاقيات عمل الاعلامي، (عمان ، دار اسامة للنشر ولتوزيع،2012) ص 183

(3) محمد الصالح مفتوح، سەرچاوەی پێشوو، ص3.

(4) طاهر محسن الغالي، احمد شاكر العسكري، الاعلان مدخل تطبيقي، (الاردن: دار الفكر للنشر، 2003) ص17-18.

(5) محمد علي البدوي، الدراسات سيوسيو _اعلامية، (بيروت: دار النهضة العربية، 2006) ص79

(6) محد فريد الصحن، الاعلان، ( الاسكندرية: مطبعة دار الجامعة، 2005) ص10.

یان، بریتیە لە پەیوەندیەکی ناخودی لە ڕێگای ئامرازە گشتیەکانی پەیوەندی کردنەوە بەرامبەر بەبڕێک پارە بڵاودەکرێتەوە.[1] ڕیکلام ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەناساندنی بەرهەمهێنەراندا، هەربۆیە ڕیکلام بەوە پێناسەدەکردێت، هونەری ناساندنە، کە یارمەتی بەرهەمهێنەران دەدات بۆ ئاشناکردنی بەکارهێنەرەکانیان بە شمەک و خزمەتگوزاریەکان کە دەیخەنە ڕوو، هەروەها یارمەتی بەکارهێنەران دەدات بۆ ناسینی پێداویستیەکانیان و چۆنیەتی پڕکردنەوەیان.

بەگشتی بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، پێناسەی ستانداردی ڕیکلام پێویستە ئەم توخمانەی تێدابێت: [2]

1. لەبەرامبەر بڕێک پارەدا دەکرێت.
2. بوونی سپۆنسەرێکی دەستنیشانکراو.
3. لە ڕێگەی میدیاوە بڵاودەکرێتەوە.
4. پێویستی بە جەماوەرێکی دیاریکراوە.
5. پرۆسەیەکی ئامانج دارە.

لە کۆی ئەو پێناسەو تێڕوانینانەی چ لەلایەن بیرمەندەکان و چ شیکردنەوەی توێژەران و ناوەندە زانستیەکان کردوویانە، دەتوانین واتای ڕیکلام لەم دوو خاڵەدا کورتبکەینەوە:

**یەکەم:** ڕیکلام تەنها چالاکیەکی کەسی نیە، بەڵکو کردارێکی پەیوەندیکردنی جەماوەریشە لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە ئەنجام دەدرێت، سروشتێکی بازرگانیشی هەیە، بەوپێیەی ڕیکلام بە پارەدەکرێت و ڕیکلامکار دەبێت پارە بەو ناوەندە یان دەزگایە بدات کە ڕیکلامەکەی بۆ دەکات.

**دووەم:** زیادەڕۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا هەیە، بەو پێیەی دەیەوێت بڕوا بە جەماوەر بهێنێت وکاریگەری لەسەر دروست بکات، پەیامە ڕیکلامیەکانیش ئاراستەی عەقڵ و هەست و سۆزی جەماوەری دەکرێن بۆ ڕاکێشانیان بە ئاراستەی بەرهەمەکان.

## هۆکارەکانی گەشەکردنی ڕیکلام

1- داهێنانی چاپ لە سەدەی پانزەهەمدا برگەیەکی بەرچاو بوو لە پەرەسەندنی ڕیکلامدا،چاپخانە ڕێگەی بە بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵی کتێب و ڕۆژنامە و کەرەستەی چاپکراوی دیکە دەدا، ئەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ ڕیکلام ڕەخساند. ڕیکلامکەران دەیانتوانی لە ڕێگەی میدیای چاپکراوەوە بگەنە ئامادەبووانێکی گەورەتر و بە بەکارهێنانی پیتە چاپکراوەکان ئاسانکاری بۆ دروستکردنی ڕیکلامی ئاڵۆزتر ڕوونکردنەوەی بە شێوەیەکی ئاسان دەستەبەرکرد. لە ئەنجامدا ڕیکلام زیاتر بەربڵاوتر بوو و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بازرگانی و ڕۆشنبیریدا هەبوو. [3]

2- شۆڕشی پیشەسازی کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە دەستی پێکرد، وەرچەرخانێکی بەرچاو بوو لە مێژوودا کە شێوازی کارکردن و ژیانی مرۆڤەکانی گۆڕی. پەرەپێدانی کەرەستە و ئامێری نوێ لەم ماوەیەدا بووە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان و کارایی لە بواری بەرهەمهێنان و

---

(1) منال طلعت محمود، مدخل الي علم الاتصال، (الاسكندرية: بدون نشر،2001-2002) ص15.

(2) علاْ كريم مطلك، مقومات الجذب السياحي الديني لمدينة سامراء، رسالة ماجستير غير منشورة، ( بغداد: كلية الادراة والاقتصاد، جامعة المستنصرية،2004) ص17.

(3) کەمال مەزهەر، ڕێنسانس، وەرگێرانی فواد مەجید میسری،چاپی سێهەم،(سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،2006) ص12

پیشەسازییەکانی دیکەدا، لە ئەنجامدا چین و توێژە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی و بە چینی کرێکاریشەوە توانیان سوود لەم ئامرازە نوێیانە وەربگرن و بەرهەمدارتر بن. ئەمەش بووە هۆی گەشەسەندنی ئابووری بەرچاو و ڕێگەی خۆشکرد بۆ پێشکەوتنی زیاتر لە بواری تەکنەلۆژیا و پیشەسازیدا. (1)

3- پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا بە تایبەتی لە بواری گواستنەوەدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕیکلام هەبووە. لەگەڵ توانای گواستنەوەی بەرهەم بۆ شوێنە دوورەکان لە ماوەیەکی کەمدا، پێویستییەکی زیاتری بە ڕیکلام هەبوو بۆ ئەوەی بگاتە بازاڕ و کڕیارە نوێیەکان. ئێستا ڕیکلامکەران دەتوانن، بەرهەمەکانیان بۆ ئامادەبووانێکی فراوانتر بناسێنن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ڕیکلام ڕۆڵێکی گرنگی زیاتری هەبوو لە بازرگانی و کولتووردا، و بووە بەشێکی چارەنووسساز لە ئابووری مۆدێرن.(2)

4- پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەران لایەنێکی بنەڕەتی ئابوورییە، بەرهەمهێنەران کاڵا و خزمەتگوزاری دروست دەکەن و بەکارهێنەرانیش بەکاریان دەهێنن. ئامانجی بەرهەمهێنەران قازانجکردنە لەڕێگەی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بە بەکاربەران، هاوکات ئامانجی بەکاربەران بریتییە لە تێرکردنی پێداویستی و خواستەکانیان لەڕێگەی کڕینی ئەو بەرهەمانەی کە پێداویستیەکانیان دابین دەکات. ئەم پەیوەندییە گرنگە چونکە گەشەی ئابووری دەباتە پێشەوە و هەلی کار دروست دەکات. کاتێک بەرهەمهێنەران سەرکەوتوو دەبن لە دروستکردنی بەرهەم کە پێداویستی بەکاربەران دابین بکات، ئەوا توانای بەدەستهێنانی قازانجیان دەبێت، کە دەتوانرێت سەرمایەگوزاری لە بازرگانیدا بکرێتەوە و سوودی لێوەربگیرێت بۆ دروستکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ ئەمەش پێویستی بە ڕیکلام هەبوو. (3)

5- سەرهەڵدانی مارکێتەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هۆکارێکی بەرچاو بوو بۆ گەشەکردنی ڕیکلام، مارکێتەکان ژمارەیەکی زۆر بەرهەمیان لەخۆگرتبوو بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ ڕیکلامکەران ڕەخساند کە بەرهەمەکانیان بۆ ئامادەبووانێکی فراوانتر بناسێنن. ئێستا ڕیکلامکەران دەتوانن لە ڕێگەی چەندین کەناڵەوە بگەنە بەکارهێنەران. (4)

6- سەرهەڵدانی کۆمپانیاکانی ڕیکلام هۆکارێکی بەرچاو بوو بۆ گەشەی ڕیکلام لە سەدەی بیستەمدا. کۆمپانیاکانی ڕیکلام خزمەتگوزاری تایبەتمەندیان پێشکەش بە کڕیارەکان دەکرد، لەوانە توێژینەوەی بازاڕ، پەرەپێدانی داهێنەرانە، پلاندانانی میدیا و کڕین. ئەمەش ڕێگەی بە ڕیکلامکەران دا کە هەڵمەتی ڕیکلامی کاریگەرتر دروست بکەن، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی میدیای دیجیتاڵی و گۆڕانکاری لە ڕەفتاری بەکاربەران، پیشەسازی ڕیکلام لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە کاتێکدا هەندێک لە کۆمپانیاکانی ڕیکلامی تەقلیدی دابەزینیان بەخۆوە بینیوە، هەندێکی تر خۆیان لەگەڵ گۆڕانی دیمەنەکەدا گونجاندووە و بەردەوامن لە ڕۆڵێکی گرنگ لە پیشەسازییەکەدا.دووریی ماوەی نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر، پێویستیی بە ناوەندێک هەبوو بۆ گەیاندنی بەرهەمەکان و ناساندنیان بە بەکاربەر.

---

(1) غازی حەسەن،سەرچاوەی پێشوو، لا12

(2) نوردين النادي، نجم عبد الشهيب،الدعاية ولاعلان في السينماء و التلفزيون، ط2،(عمان،مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع،2006) ص15

(3) علی محێدین قەرەداغی، دەروازەیەك بۆ ئابوری ئیسلامی، (سلێمانی: ب.د، 2015) ص370

(4) محمد عبدالمولي الدقس، علم الاجتماع الصناعي، ( عمان: دار المجدلاوى للنشر والتوزيع،2005) ص153

7- دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار، کە لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا سەریهەڵدا، بووە هۆی دابەشکردنی زیاتری پسپۆڕییەکان و پەرەپێدانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان کە تایبەتمەند بوون لە بەرهەمە جیاوازەکاندا. ئەم پسپۆڕییە ڕێگەی بە کۆمپانیاکان دا کە کارامەتر و بەرهەمدارتر بن، چونکە دەیانتوانی سەرنجیان لەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک بەرهەمی سنووردار بێت کە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە ڕکابەرەکانیان بەرهەمی بهێنن. هەروەها ئەم پسپۆڕییە دەرفەتی نوێی بۆ ڕیکلام دروستکرد، چونکە کۆمپانیاکان دەتوانن پەیامی ئامانجدارتر دروست بکەن کە دەنگدانەوەی لەگەڵ بەشە تایبەتەکانی بازاڕدا هەبێت. لە ئەنجامدا ڕیکلام ڕۆڵێکی گرنگی زیاتری هەبوو لە هاندانی ڕەفتاری بەکاربەران و دارشتنی ئابووری مۆدێرن.

8- گەشەی ڕیکلام بەهۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان و ژمارەی بەکارهێنەران بووە، لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنان، بازرگانەکان پێویستیان بە دۆزینەوەی ڕێگایەک بوو بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بە بەکاربەرێکی زیاتر هەبوو، ڕیکلامەکان ڕێگەیەکی بۆ گەیشتن بە بەکارهێنەرانی زیاتر دابین دەکرد، لە هەمان کاتدا گەشەی میدیای گشتی وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕێگەی بە ڕێکلامکەران دا کە لە هەموو کاتێک زیاتر بگەنە جەماوەر و بەکاربەری زیاتر،ئەمەش دەرفەتی نوێی بۆ ڕیکلامکەران ڕەخساند بۆ دروستکردنی پەیامی زۆرەملێ کە دەنگدانەوەی لەگەڵ بەکارهێنەران هەبوو و فرۆشتنی لێکەوتەوە. لە ئەنجامدا ڕیکلام ڕۆڵێکی گرنگی زیاتری هەبوو لە زیاد بوونی ژمارەی بەکاربەران[(1)]

## سێهەم: جۆرەکانی ڕیکلام

دیارە جۆرەکانی ڕیکلام زۆرن، هەرجۆرێکیشیان دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێکی دیکە، بەپێی پێوەرەکان، هاوکات بیرو بۆچوونی زۆر لەسەر جۆرەکانی ڕیکلامیش هەن، ڕیکلامەکان لەسەر چەند بنەماوپێوەرێکی، (جوگرافی و ئامانج و بابەت و ئەرکەکان) پۆلێن دەکرێن.[(2)]زۆری جۆرەکانی ڕیکلام بەهۆی ئەو ئەرک و ئامانجانەوەیە، کە پەیامە ڕیکلامیەکان هەیانە، دەتوانین بەم جۆرەی خوارەوە دابەشیان بکەین:

### جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی ئەرکەکانی

1- ڕیکلامی فێرکاری: ناساندنی بەرهەمەکە بەبەکاربەرو، خستنە ڕووی تایبەتمەندیەکانی و چونیەتی بەکارهێنانی یاخود، ڕەنگە پێشتر لە بازاڕدا بووبێت، هەروەها چۆنیەتی ناسین و بەکارهێنانی و پارێزگاری کردن لە کاڵاکە، بۆنمونە ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی بەکارهێنانی غەسالەیەک تا کۆتایی.[(3)]

2- ڕیکلامی ڕێنمای: ئەم جۆرە ڕیکلامە لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە بەرهەمەکە دەخرێتە بازاڕەوە، ڕێنمایی دەربارەی کات وتێچوون و گرنگی بۆ بەکاربەر بۆ تێر کردنەوەی خواستەکانی دەخاتە

---

(1) بڕوانە: سلام نصرالدين محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص12
محمد عبدالمولي الدقس، سەرچاوەی پێشوو، ص154

(2) عيسي محمد الحسن، الترويج التجاري للسلع والخدمات،(عمان: دار الزهران للنشر ولتوزيغ،2010) ص15

(3) بڕوانە: علي فلاح الزعبي، ادراة الترويج والاتصالات التسويقية، (عمان: دار الصفاء للنشر والتوزيع، 2009) ص35
شرف فهمي خوجة، استراتجيات الدعاية والاعلان، (جامعة الاسكندرية: دار المعريفة، 2011) ص13
محد فريد الصحن، سەرچاوەی پێشوو،ص64

ڕوو. ئامانجی ئەم ڕیکلامە بریتییە لە هاندانی بەکاربەر بۆ ئەوەی دەستبەجێ بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکە بکڕێت، وەک ڕیکلامی ئەو بەرهەمانەی، کە تازە دەخرێنە بازاڕەوە. پێویستە ڕیکلامەکە ڕێنمایی تەواوەتی تێدابێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کاڵاکە و تێرکردنی پێداویستیەکان [1]

3- ڕیکلامی بەبیرهێنانەوە: ئەرکی ئەم جۆرە لە ڕیکلام جەختکردنەوەیە، لە نرخ و شمەکان ولە بازاڕ، وە زیاد کردنی سیفاتی نوێیە بۆ شمەکەکان و وە جێگر کردنی نرخ و بەردەوامی پێدانیەتی، مەبەستی بیرهێنانەوەی جەماوەرە، بۆ بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان، کە بەهۆی سەرقاڵییانەوە ئەگەری لەبیرچوونەوەیان هەیە، واتە دژایەتیکردنی بیرچوونەوەیە. پشت بە دووبارەکردنەوەی ڕیکلامەکە دەبەستێت، شمەکەکە لای خەڵک ناسراوە بەلام بەهۆکارێک لەبیریان چوەتەوە[2].

4- ڕیکلامی ڕکابەریی: لەم جۆرەدا هەوڵدەدرێت تایبەتمەندیی و باشییەکانی بەرهەمەکە سەربخرێت، بەسەر بەرهەمەکانی دیکەی هاوشێوەی لە بازاڕدا، ئامانجی کاریگەریی دوورمەودایە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر جەماوەر، ئەم جۆرەی ڕیکلام زیاتر بۆ ئەو بەرهەمانە دەکرێت، کە ماوەیەکە لە بازاڕدان.

5- ڕیکلامی بەراوردکاریی: لەم جۆرەدا بەراوردی بەرهەمی خاوەن ڕیکلامو بەرهەمێکی دیکە دەکرێت، بەبێ نیشاندانی ناو و ناونیشانی بەرهەمەکەی دیکە، یان بەراوردکردنی بەرهەمی ڕەسەن و ناڕەسەن، یان بەراوردکردنی دوو دیاردەی جوان و ناشیرین لە کۆمەڵگەدا. یاخود بەراوردکردنی هەمان بەرهەم لە دوو کاتی جیاوازدا.[3]

## جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی جەماوەری مەبەست[4]

**جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی جەماوەری مەبەست پێکدێن لەم جۆرانەی خوارەوە:**

1. ڕیکلامی پیشەسازیی: ئەم جۆرە ڕیکلامانە زیاتر بەوە دەناسرێن، ئاڕاستەی ئەوتوێژانە دەکرێن کە خوازیاری ئامێرە پیشە سازیەکانن، بۆنمونە ڕیکلام بۆ ئامێرەکانی بەرهەم هێنان.
2. ڕیکلامی بازرگانیی: ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر ئامانجەکانی بریتین لە فرۆشتن یان زیاتر کردنی فرۆشتنی بەرهەمە بازرگانیەکان.
3. ڕیکلامی پیشەیی: ئەم جۆرەی ڕیکلام زیاتر ئاڕاستەی خاوەن پیشەکان، دەکرێت بەتایبەتر ئەو کەسانەی کە پیشەی تایبەتیان هەیە وەک، (ئەندازیار، پزیشک، جوتیار.....)بۆنموونە ڕیکلامێکی پەیوەندیدار بە بابەتە پزیشکیەکان، هێنانەوەی ڕیکلامەکە و جارێکی دیکە بڵاوکردنەوەی لە یەکێک لە ئامڕازەکان لە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەو بوارە.

**جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی شوێنی جوگرافی و دابەشکردنی بەرهەم** [5] :

---

(1) مصطفى عبدالقادر، دور الاعلان في التسويق السياحي، (عمان: الشارقة العالمية، 2000) ص25

(2) بڕوانە: رستم ابو رستم محمد ابو جمعة،الدعاية والاعلان،(عمان: دارالمعتبر للنشر والتوزيغ،2003) ص95-96

(3) محمد صالح المؤذن، سەرچاوەی پێشوو، لا430

بشير خضر، جيلالي سهام، دور الاعلان المكتوب في التوجية سلوك مستخدمي (ئۆريدو)، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة عبد الحميد ابن باديس- مستغانم-: كلية العلوم الاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال، 2015–2016) ص6

(4) رستم ابو رستم محمد ابو جمعة،سەرچاوەی پێشوو، ص95-96

(5) عصام الدين أبوعلفة ألترويج (ألمفاهيم – الاستراتيجيات – العمليات بين النظرية والتطبيق، ط3، (مؤسسة الطيبة للنشر و التوزيع ، الاسكندرية، 2022) ص15

1. ڕیکلامی ناوچەی: ئەم جۆرە ریکلامانە زیاتر بۆ ئەو کەل و پەل و ئامێرانە دەکرێن کە لە ناوچەیەکی دیاری کراوی سنوردارن،ئەم جۆرە ریکلامانە بۆ سنور یان کۆمەڵگەیەکی ناوخۆییە.
2. ڕیکلامی هەرێمی: ڕیکلام کردنە بۆ بەرهەم و کەل و پەلەکان لە چوارچێوەی هەرێمێکی دیاریکراودا.
3. ڕیکلامی نیشتیمانی: وەک ئەو ڕیکلامانە کە لەسەر ئاستی هەرێمێکدا بڵاو دەکرێنەوە.
4. ڕیکلامی نێودەوڵەتی: ژمارەیەکی زۆر لە ووڵاتان بەرهەمەکانیان لە لایەن بەکار بەرانی ووڵاتانی دیکەوە ساغدەکرێنەوە، لێرە پشت بە ڕیکلام دەبەسترێت، هەندێک لە بەرهەمەکان بۆ ئەوەی بگەنە بەکاربەران، پێویستیان بە ڕیکلامی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش، پەنادەبرێتە بەر ئەوئامڕازانە کە زانیاریەکانیان، لەسەر ئاستی جیهان بڵاودەکەنەوە و بینەرێکی زۆریان هەیە.

## جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی ناوەندی ڕیکلامکردن (بڵاوکەرەوە)

1- ڕیکلامی چاپکراو: ئەم جۆرە ڕیکلامە وەک، ڕیکلام لە ڕۆژنامەکان وئەو پۆستەراتانەی کە ڕۆژانە بڵاو دەکرێنەوە و ئەو تابلۆیانەش کە لەسەر ڕێگاکان هەن.
2- ڕیکلامی بیستراو: وەک ئەو ڕیکلامانەی کە لە ڕادیۆکانەوە گوێبستیان دەبین.
3- ڕیکلامی بینراو: هەموو ئەو ڕیکلامانەی لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەیانبینین.
4- ڕیکلامی ئەلیکترۆنی: بریتییە لە ڕیکلامی ئینتەرنێتیی (مەڵتی میدیا).[1]

## جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی مەبەست و ئامانجەکانی ڕیکلامکار [2]

1- ڕیکلامی بەرهەمەکان: دەزگا بەرهەمهێنەرەکان، بەمەبەستی دابەشکردن وفرۆشتنی بەرهەمەکانیان ڕیکلامی بۆ دەکەن.
2- ڕیکلام بۆ ناوبانگی بەرهەمهێن: ئەم جۆرە ڕیکلامانە، زیاتر بۆ بەرگری کردنەوە لە مانەوە و هێشتنەوەی ناوی کۆمپانیاکان، لای بەکاربەران، کە ڕیکلام بۆ ناوی خۆیان دەکەن بە بێ ئاماژەدان بە بەرهەمەکانی دیکەی کۆمپانیاکە.
3- ڕیکلامی پەیوەندییە گشتییەکان: بەشی پەیوەندیە گشتیەکان لە دامەزراوەکانی ڕیکلامدا سەرنج و پێشنیاری بەکاربەران وەردەگرێت و لەداهاتوودا، ئەو بەرهەمانەی کە بەرهەمیان دەهێنێت ڕەچاویان دەکات.
4- ڕیکلامی نەتەوەیی و نیشتیمانی: ئەم جۆرە ڕیکلامانە زیاتر لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بڵاو دەکرێتەوە، بەمەبەستی پاراستنی دەستکەوتە نەتەوایەتیەکان.

---

(1) ئەحمەد قادر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ص 12
(2) بڕوانە لە: بەهادین ئەحمەد محمد، ریکلام و پەیوەندی گشتی وبازارڕکردن، چ3، (سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2017)، ص71
فلاح علي الزعبي، سەرچاوەی پێشوو، ص 38
نوردین النادي، نجم عبد الشهیب، سەرچاوەی پێشوو، ص 26
جمال مجاهد، مدخل الي الاتصال الجماهري، (الجامعة الإسكندرية: دارالمعريفة، 2010) ص32

## جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی لایەنی بڵاوکەرەوەی ڕیکلام [1]

1- ڕیکلامی حکومی: ئەوڕیکلامەیە، کە دەوڵەت وحکومەت، بۆهوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان پێی هەڵدەستن، لە هەمانکاتدا بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکیی لە داواکاریی و پلانەکانی دەوڵەت، زیاتر لە ڕیکلامی نەتەوەییەوە نزیکە، کە ئامانج لێی، هوشیارکردنەوەی هاووڵاتییانە بۆ پاراستنی سەروەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی، یان بۆ خۆپاراستن لە کێشەو نەخۆشییەکان.

2-ڕیکلامی کۆمەڵەیی: ئەو ڕیکلامەیە، کە کۆمەڵە کەسێک، یان دەزگاو دامەزراوەیەک پێی هەڵدەستێت، بەمەبەستی ناساندنی بەرهەم، یان دامەزراوە، یان پیشەیەک بە جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی دیاریکراو.

## جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی بابەت

1- ڕیکلامی بازرگانیی: ئەو جۆرەڕیکلامانەیە، کە پەیوەندیدارن بە بە شمەک و بەرهەمەکان، کەزۆر جار ڕۆڵی نێوەندگیر دەگێڕێت، بە مەبەستی هێنانەوەی بەکارهێنەرانی کۆتایی شمەکەکان، نەک کڕیارە پیشەسازیەکان [2] ئامانجی سەرەکی گەیاندنی بەرهەمەکانە بە کڕیارەکان، کە ئەمە لە چوار چێوەی پەیامێکی ڕیکلامیدا کە هەموو زانیاریەکانی تێدایە،بە ئامانجی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.[3]

2- ڕیکلامی سیاسیی:ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر لەلایەن لایەنەسیاسیەکانەوە دەکرێت، بۆ پاڵنان بەرەو بەرژەوەندیەکی تایبەت، یاخود گەشەدان بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، وەک بانگەشەی هەڵبژاردن یان پاراستنی ئاسایشی نەتەوە.

3- ڕیکلامی ڕۆشنبیریی وهونەری: ڕیکلامکردنە بۆ بۆنەو یادە هونەرییەکان و فێستیڤاڵ و کۆنسێرت و کۆڕو شانۆگەریی و ئەو بابەتانەی لەو بوارەدان دەکرێت.

4- ڕیکلامی کۆمەڵایەتی: زیاتر بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە، بەمەبەستی هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی بڵاودەکرێتەوە.

5- ڕیکلامی پەروەردەیی: ڕیکلامکردنە لە بواری پەروەردەو فێرکردن بەمەبەستی هاندانی جەماوەر بۆ خوێندن و خوێنەدەواریی.

6- ڕیکلامی ئاینیی: ڕیکلامە بۆ بۆنە و سروت و بەها ئاینییەکانی ناو کۆمەڵگە، لەگەڵا ئەو دابونەریت و ڕەفتارە ئاینییانەی لە کۆمەڵگەدان.

7- ڕیکلامی سەربازیی و ئاسایشی: ئەو ڕیکلامانەن، کە لە بواری سەربازی و ئاسایشی وڵاتدا دەکرێن، بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەر لە ڕووی ئەمنی و پاراستنی سەروەریی و ئاسایشی وڵات لە مەترسیی ناوخۆیی و دەرەکی.[4]

---

(1) الیاس جمیل، الاعلان _مفهومة وتطبیقاتة، (الدمشق: دار رضا للنشر،2010) ص49

(2) امیة معراوي، الاعلان الاذاعي والتلفزیوني، (السوریة: من منشورات الجامعة الاقتراصیة السوریة، 2020) ص51

(3) بروانە لە: بشیر خضر، جیلالي سهام، سەرچاوەی پێشوو، ص30

بەهادین ئەحمەد محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا50

علي فلاح الزعبي، سەرچاوەی پێشوو، ص39

(4)الیاس جمیل، الاعلان _مفهومة وتطبیقاتة، ص50

## جۆرەکانی ڕیکلام لەسەر دەمی میدیای دیجیتاڵیدا

لەگەڵ سـەرهەڵدانی پلاتفۆرمەکـانی سۆشـیال میـدیا، ئێسـتا خەڵـک دەتـوانن هەواڵ و بۆچـوون و ناوەڕۆکی دیکە لەگەڵ بینەرێکی جیهانیدا هاوبەش بکەن. هەروەها ئەمەش بووەتە هۆی سـەرهەڵدانی فۆڕمی نوێی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، وەک ڕۆژنامەگەری هاووڵاتی و بلۆگکردن. میدیای دیجیتاڵی ئاسانکاری بۆ خەڵک کردووە بۆ دەستگەیشتن بە زانیاری و هاوبەشیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە.

**پێناسـەی میـدیای ژمـارەیی:** کۆمەڵێـک تەکنەلۆژیـای پەیوەنـدیکردنن، کە لە هەمـاهەنگی نێـوان کۆمپیوتەر و ئامرازە تەقلیدییەکانی زانیاری، چاپکردن، فۆتـۆگرافی، دەنگ و ڤیدیۆ دروست دەبن و ڕۆڵێکی کارایان هەیە بۆ گەیاندنی پەیامە میدیەکان بە جەماوەر و بینەران لەسەرتاسەری جیهاندا.یان پرۆسـەیەکی پەیوەنـدیە لە دەرئەنجـامی یەگرتنـی سـێ تـوخم هـاتووەتە ئـاراوە کە پێکهـاتوون لە کۆمپیتەر و تۆڕەکان و مەڵتی میدیا کە بوونەتە هـۆی بڵاوبوونەوەی زانیاریەکـان بە شـێوەیەکی بێ سـنور.[1] میـدیای نـوێ یـان میـدیای دیجیتـاڵی کۆمەڵێـک تەکنەلۆژیـای پەیوەنـدی دیجیتـاڵییە کە لە هاوسـەرگیریی تەکنەلۆژیـای کۆمپیـوتەر و ئـامێرە زیرەکەکـان (Mobile) و ئـامرازە تەکنیکییەکـانی زانیاری وەک چاپکردن، فۆتۆگرافی، دەنگ، وێنە و ڤیدیۆ دروست دەبن.[2]

**بەشێک لە سەرچاوە زانستیەکان جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیان لەسەردەمی میدیای دیجیتاڵی بەم جۆرە خستووەتە ڕوو:**

### 1-تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

سۆشیال میدیا بەناوبـانگترین میدیای دیجیتـاڵییە کە لە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا بەکاردێت. لە ڕاسـتیدا لە سەرانسەری جیهاندا زیاتر لە ٣.٦ ملیار بەکارهێنەری سۆشیال میدیا هەیە، ئەمڕۆ سۆشـیال میدیا بە شـێوەیەکی بەرفـراوان بـۆ ڕیکلامـی بازرگـانی و بەبـازاڕکردن لە ڕێـگەی سـتراتیژی و نـاوەڕۆکی جۆراوجـۆرەوە بەکاردەهێنرێـت. بەڵام مەبەسـتی سـەرەکیی بەسـتنەوەی مرۆڤەکـانە لە هەمـوو جیهاندا.بەناوبانگترین پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ بریتین لە فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام، یوتیوب، تامبڵ، لینکیدئین، سناپچات، و تیک تۆک. دەتوانیت نزیکەی زۆربەی جۆرەکانی نـاوەڕۆک بەدەست بهێنیت تەنها بە بەکارهێنەری ئەکاونتی ئەم سۆشیال میدیایە[3].

### 2- سەکۆی ئۆنلاین

سەکۆی ئۆنلاین و کۆمەڵگەی ئۆنلاینن کە هاندەری هاوبەشکردنی زانیارین بۆ بەکارهێنەرانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش. ئەو شوێنەیە کە خەڵک دەتوانن کۆمێنت و کارلێک و گفتوگۆ و گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بکەن. بەناوبانگترین مەکۆی ئۆنلاین بریتین لە Reddit و Quora وDigg ، بەڵام دەتوانیت چەندین گفتوگۆی ئۆنلاین لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا وەک گروپەکانی فەیسبووک بدۆزیتەوە.

(1)أمل محمد حسنين سراج،توظيف اتجاهات االعالم الرقمي كاستراتيجية اتصالية في تصميم الحمالت اإلعالنية، (مجلة العمارة والفنون والعلوم االنسانية – عدد 2، 2021) ص267

(2) احمد سمير محمد ، التحديات التي تواجه المجتمع: في عصرالإعلام الرقمي،https://ae.linkedin.com /2020-7-4، بەرواری سەیر کردن 29-5-2023، سەعات 2ی نیوەڕۆ

(3)وائل مبارك خضر فضل ،اثر الفيسبوك على المجتمع،(السودان: بدون نشر، 2012) ص6

### 3- پۆدکاستەکان

پۆدکاست بریتیە لە زنجیرەیەک دەنگ کە تەنها لەسەر بابەتێک یان بابەتێکی دیاریکراو جەخت دەکەنەوە. پلاتفۆرمێکە کە ڕێگە بە هاوبەشکردنی زانیاری دەدات لە ڕێگەی دەنگەوە، پێویست ناکات بۆ وەرگرتنی زانیاریەکان بخوێنیتەوە یان چاوەکانت بەکاربهێنیت؛ تەنها گوێچکەکان دابنێ یان بڵندگۆکان بەرز بکەرەوە بۆ گوێگرتن لە ناوەڕۆکەکە.

### 4-تۆڕەکانی هاوبەشکردنی میدیا

تۆڕەکانی هاوبەشکردنی میدیا جیاوازن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئامانجەکەیاندا جیاوازن. ماڵپەڕێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامانجی بەستنەوەی مرۆڤەکانە، تۆڕێکی هاوبەشی میدیا ئامانجی هاوبەشکردنی میدیایە. ئەمڕۆ زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ هاوبەشکردنی میدیا بە هەمان شێوە بەکاردەهێنرێن. وەک بەشێک لە هەوڵە داهێنەرەکان بۆ مانەوە لە پێش کێشەکە، تایبەتمەندیەکانی وەک واقیعی زیادکراو، ڤیدیۆی ڕاستەوخۆ، تەلەفزیۆن و زۆر شتی تر زیاد دەکەن. بەشێک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی کە هاوبەشی میدیایش بەکاردەهێنن بریتین لە ئینستاگرام، سناپچات، یوتیوب، و تیک تۆک[1].

### 5-تۆڕەکانی ڕێکخستنی ناوەڕۆک

تۆڕەکانی کۆکردنەوەی ناوەڕۆک ڕێگە بە خەڵک دەدەن کە مالتیمیدیای هاوچەرخ بدۆزنەوە، بەگشتی ئەمانە تۆڕەکانن کە سەرنجیان لەسەر داهێنانە. باشترین نموونە بریتییە لە Pinterest کە بەکارهێنەران دەتوانن بە ئاسانی بەدوای بیرۆکەکاندا بگەڕێن و بیکەن بە بۆردەکانیانەوە و لە سەرانسەری سۆشیال میدیای دیکەدا بڵاویان بکەنەوە. ئەم جۆرە تۆڕە زۆر دیارە، و پێویستە بەکارهێنەران ناوەڕۆکێک بڵاوبکەنەوە کە سەرنجڕاکێش بێت و ئەوەندە ناچارکەر بێت بۆ ئەوەی دابمەزرێنرێت. سەکۆیەکی نایاب بۆ دروستکردنی هۆشیاری براند و هاندانی بەشداریکردنی بەکاربەر.

### تۆڕەکانی بلۆگ و بڵاوکردنەوە

ئەم تۆڕانە بەزۆری بۆ بەبازاڕکردنی ناوەڕۆک بەکاردەهێنرێن. مەبەستی سەرەکییان بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکەکانە یان لە ماڵپەڕی خۆیان یان لە ماڵپەڕێکی لایەنی سێیەم. ئەمەش بۆ دروستکردنی هۆشیاری و بەشداریکردنی بەکاربەر و هاندانی بۆ سایتەکە و دروستکردنی لید و ڕاگرتنی کڕیارەکان. ئەم جۆرە ماڵپەڕە ئامرازەکانی پلانی ناوەڕۆک بۆ بلۆگەرەکان یان براندەکان دابین دەکات. بەناوبانگترین سایتەکانی بلۆگکردن بریتین لە وردپرێس و بلۆگەر. هەروەها سایتی مایکرۆ بلۆگکردنی وەک تامبڵ و تویتەر هەیە. هەروەها، پلاتفۆرمی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵایەتی کارلێککەر وەک میدیۆم هەیە کە بەکارهێنەران دەتوانن بەشداری بکەن لە بلۆگی خۆیان.

### 6-ئیمەیڵەکان

ئیمەیڵ یەکێکە لە میدیای دیجیتاڵی بەناوبانگ، وە ئامرازێکی زۆر بەهێزە کە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردێت. پلاتفۆرمێکی بێ کات و بەردەوامە لە سەلماندنی کاریگەری خۆی لە هەردوو بواری تۆڕ و

---

(1)مصطفي بن بن قطيب، ماهو الاعلام الرقمي و انواعه،https://motaber.com/digital-media ،النشر 2023، بەرواری سەیرکردنی 29-5-2023

بازاڕکردندا. لە ڕاستیدا ئیمەیڵ بازاڕیکردن، یەکێکە لە سەرکەوتووترین ستراتیژییەکانی دیجیتاڵ مارکێتینگ. ئیمەیڵ بۆ بەکارهێنانی کەسی یان مەبەستی بازرگانی بەکاربهێنیت، ئەوە شتێکە کە ڕۆژانە چەندین جار پشکنین بۆ دەکەیت. هەر لەبەر ئەمەشە کە میدیایەکی ئۆنلاینە بەناوبانگە کە شانازی بە سەرکەوتنی گەرەنتی کراوەوە دەکات کاتێک ستراتیژییەکانی مارکێتینگی ئیمەیڵی دروست جێبەجێ دەکرێن [1].

## 7-تۆڕەکانی پێداچوونەوەی بەکاربەر

ئامانجی سەرەکی ئەم میدیا دیجیتاڵیانە هاوبەشکردنی زانیارییە دەربارەی براندە تایبەتەکان، بەرهەمەکان، خزمەتگوزارییەکان، چێشتخانەکان، شوێنەکانی گەشتکردن و زۆر شتی تر. ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات کۆمێنت و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە ئەزموونە دەستی یەکەمەکانیان لەسەر مارکەی ناوبراو بەجێبهێڵن. هەندێک لە سایتە بەناوبانگەکانی وەک ئەم بریتین لەZomato ، Yelp TripAdvisor.، ئەم جۆرە تۆڕە بەهایەکی زۆری هەیە چونکە پێداچوونەوەکان ئەوەیە کە کڕیارەکان دەیبینن. ئەگەر پێداچوونەوەی ئەرێنی ببینن، ئەوا ئەگەری کڕینی زیاتریان هەیە لە براندەکە. لە کاتێکدا ئەگەر زۆربەی پێداچوونەوەکان نەرێنی بن، ئەمە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کاریگەری کڕیارە ئەگەرییەکان هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە براندەکە دوور بکەونەوە.[2]

## چوارەم: ئەرکەکانی ڕیکلام

ڕیکلام لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی هەیە، بە ئامانجی نزیکبوونەوە لە بەکاربەرەکان و باوڕپێهێنانیان، یاخود یارمەتی دانیان تا بەردەوام لەسەرە بەکارهێنانی بەرهەمەکان بیان هێڵیتەوە، دەکرێت ئەرکەکانی بەم جۆرە بخەینە ڕوو:

**ئەرکی ڕیکلام پەیوەست بە بەرهەمهێنەوە:**

1- یەکێک لە ئەرکەکانی ڕیکلام پەیوەست بە بەرهەمهێنەوە، بریتیە لە ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکان بە جۆرێک کە بەکاربەرەکان، هانبدات بۆکڕینی و سەرنجیان ڕابکێشێت،[(3)] گەلێک واتاو چەمک وەردەگرێت تاکەکان ڕازی دەکات و دەبێتە ڕەفتارێک لە ژیانیان.[(4)]

2- بەرهەمهێن و دامەزراوەکان بە جەماوەر دەناسێنێت و گەشە بە پەیوەندیی کۆمپانیاو جەماوەر دەدات.

3- کەمکردنەوەی بڕی تێچوون، هاوکات زیاتکردنی ڕێژەی فرۆشتن و زیاترکردنی بڕی بەرهەمهێنان.[(5)]

4- ڕیکلام هێزێکی گەورەو کاریگەرە بۆ ڕێکخستنی داواکاری لەسەر کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، بەو پێیەی، ڕێنوێنی ئاست و جۆری بەکارهێنانی کاڵایەکی دیاریکراو دەکات.[(1)]

---

(1) باسم مجدی، اهمية البريد الاكتروني،https://www.techpostar.com/2020/04/e-mail.html، 20-5-2020، بەبرواری سەیرکردن 29-5-2023

(2) هدي عبدربەحميد القريشي، تأثير وسائل التواصل الاجتماعي على ثقافة الاستهلاک في المجتمع،(مجلة كلية التربية:المجلد 37- العدد6، 2021) ص131

(3) محمد جودت الناصر، سەرچاوەی پێشوو، ص171

(4) کەمال فاروق، دەروونناسی میدیایی، وەرگێڕانی محمد عەبدولا کەلاری، (هەولێر:چاپخانەی ڕۆژهەلات، 2013) ص97

(5) بەهادین ئەحمەد محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص20-21

5- پردێکی گرنگی نێوان بریکاری کۆمپانیاکان وبازرگانە بچووکەکانە، لە پێدانی زانیاری لەسەر شمەکەکان، ئاگادارکردنیان لە گۆڕانکاریەکان، یارمەتیدانی بریکاری کۆمپانیاکان و بازرگانە بچووکەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست لەسەر شمەک.[2]

6- بەکاربەرەکان ئاگادار دەکرێنەوە لە گۆڕانکاریە نوێیەکان لەسەر بەرهەمەکان لە بازاڕەکاندا و هانیان دەدەن بۆ کڕینی کالاکان.

7- هاندانی خاوەن بەرهەمەکان بۆ ڕکابەریی و ململانێ و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمەکانیان لە ڕووی چۆنێتییەوە.[3]

## ئەرکی ڕیکلام پەیوەست بەبەکاربەرەوە

دیارترین پێکهێنەری بازار بەکاربەرەکانن، کە لە کات و شوینێکی دیاری کراو لە چوار چێوەی پرۆسەی بازاڕکردندا، ئەو بەرهەمانەی کە خواستیەتی دەیەوێت بەدەستیان بهێنێت،[4] ئەم ئەرکەی ڕیکلام پێناسەش دەکرێت بە، بریتییە لە (هەستپێکردن، بڕواپێهێنان)، کە پەیوەستن بە ئەزموونی بەکاربەر، لەگەڵ بەرهەمەکەو ڕەفتاری کڕین، (پشتیوانیی، بیرهێنانەوە)، ئەم دوانەیان پەیوەستن بە قۆناغی دوای ئەنجامدانی ڕەفتاری کڕینەوە.[5]

**ئەرکی ڕیکلام بۆ بەکاربەر سەرچاوە زانستیەکان بەم جۆرە دەیخەنەڕوو:**

1- ڕیکلام لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیەوە ئاسانکاری دەکات بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمەکان لەلایەن بەکاربەرەوە کە کاتێکدا بەرهەمەکان هاوشێوەیی زۆریان هەیە.

2- لەڕێگەی خستنەڕووی ڕێنماییەکانیەوە بەکاربەر، بەچۆنیەتی بەکارهێنانی شمەکان ئاگادار دەکاتەوە.

3- بەراوردکاری نێوان کاڵاکان و هەڵبژاردنی باشترینیان.[6]

**ئەرکی ڕیکلام پەیوەست بە دەزگای بڵاوکەرەوەی ڕیکلامەوە:**

1- ڕیکلام سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابوری دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، لەڕێگەی داهاتی ڕیکلامەوە بەردەوامی دەدرێت بە دەزگاکان، و پرۆگرامی نوێش دروست دەکرێن[7]

2- هەرچەندە ئەم سەرچاوە داراییە کاتییە، بەڵام هەرلە ساتەوەختی دامەزراندنی تەلەفزیۆنەوە تا ئەمرۆ بەردەوامە.[8]

3- ناساندنی کەناڵەکەو خۆشەویستکردنی لای جەماوەر.[9]

**بەشێکی دیکە لە سەرچاوە زانستیەکان، ئەرکەکانی ڕیکلامیان بەم جۆرە خستوەتە ڕوو:**

---

(1)کاسر نصر منصور، سلوك المستهلك مدخل الاعلان، (عمان: دار الحامد للنشر والتوزيع، 2006) ص96

(2) نورالدين النادي، نجم عبد الشهيب، سەرچاوەی پێشوو، ص31

(3) شقة بلال، اثر الاعلان علي زيادة المبيعات، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة قاصدي مرباح-ورقلة-كلية العلوم الاقتصادية والتجارية و علوم التسيير: قسم العلوم التجارية، 2010-2011) ص45

(4) كاسر نصر منصو، سەرچاوەی پێشوو، ص96

(5) علي عبدالفتاح كنعان، الاعلام والمجتمع، (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، 2014 ) ص60

(6) كاسر نصر منصور، سەرچاوەی پێشوو، ص97

(7) بەهادین ئەحمەد محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص93

(8) مەم بورهان قانع، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، (سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، 2012) ص20

(9) بەهادین ئەحمەد محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا20

1- ئەرکی ئابووریی: بەهۆی کاریگەریەکانی لەسەر زیاتر کردنی فرۆشتنی بەرهەمەکان و کەم کردنەوەی بڕی تێچوون، ڕیکلام کاریگەریی لەسەر بازار ئەرکێکی گرنگی ئەرکی ئابوریە.

2- ئەرکی بازاڕکاریی: خستنە ڕووی بەرهەمەکان بە چەندین شێوەی جیا لە بازاڕ، بەمەبەستی ساغ کردنەوەیان ئەرکێکی بازاڕکاری ڕیکلامە.[1]

3- ئەرکی فێرکردن: خستنەڕووی بەرهەمەکان و چونیەتی بەکارهێنانیان و زانیاریەکانی سەر بەرهەم و کاڵاکان، لەڕێگەی ئەرکی فێرکاری ڕیکلامەوەیە.[2]

4- ئەرکی باوەڕپێهێنان: گرنگترین ئەرکەکانی ڕیکلام لە ڕێگەی گەیاندنی زانیاری و نرخ و خزمەتگوزاریەکانی شمەک و کالاکانەوە، باوڕپێهێنانی بەکار بەرەکانە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە ڕیکلامی بۆ کراوە.

5- ئەرکی کۆمەڵایەتیی: لە ڕێگەی ڕیکلامە ڕێنمایی و قازانج نەویستەکانەوە وەک چاودێری کردنی تەندروستی و کۆمەلایەتی،ڕیکلام بەشدار دەبێت لە پێگەیاندی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا[3]

6- ئەرکی کاتبەسەربردن: چەندین ڕیکلام هەن لە ڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی ڕیکلامەوە ئامادە دەکرێن، بە شدارن لە فەراهەمکردنی کاتێکی خۆش بۆ جەماوەر وەک ڕیکلامە درامی و گۆرانی ئامێزەکانی هونەرمەندان.[4]

## پێنجەم: ئامانجەکانی ڕیکلام

بەگشتی دەتوانین ئامانجەکانی ڕیکلام لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

1- ئامانجی بنەڕەتی ڕیکلام دروستکردنی گۆڕانکارییە لە ئارەزوو و ئاراستە و ڕەفتارەکانی بەکاربەردا. بە دروستکردنی پەیامی ڕیکلامی کە دەنگدانەوەی لەگەڵ بەکارهێنەران هەبێت، ڕیکلامکەران دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران هەبێت و فرۆشتن بباتە پێشەوە. چەندین تەکنیک بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی ئەم پەیامانە، لەوانە بانگەوازی سۆزداری، پشتگیریکردنی کەسایەتییە ناودارەکان و زمانی قایلکەر. ئامانجی کۆتایی ڕیکلام دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنییە لە نێوان بەرهەمێک و پێداویستی یان ئارەزووەکانی بەکاربەردا، کە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی فرۆش.[5]

2- زیادبوونی بەردەوامی فرۆشی بەرهەمەکان و پشکی بازاڕی کۆمپانیاکە ئامانجێکی هاوبەشی ڕیکلامە، ڕیکلامکەران دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران هەبێت و فرۆشتن بباتە پێشەوە. ئەمەش لە بەرامبەردا دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی پشکی بازاڕی کۆمپانیاکە و پێگەیەکی بەهێزتر لە بازاڕدا.

3- گواستنەوەی زانیاری لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ خەڵک و پێدانی زانیاری لەسەر کاڵاکان ئەرکێکی گرنگی ڕیکلامە. بە پێدانی زانیاری دروست و سەرنجڕاکێش سەبارەت بە بەرهەمەکان بە

---

(1) عنبر ابراهيم شلاش،ايدارة الترويج والاتصالات،(الاردن:دار الثقافة للنشر والتوزيع،2011) ص262

(2) محمد امين السيد علي، اسس التسويق، ( عمان: مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، 2000) ص284

(3) محمد عواد،فهد الخطيب، مبادي النسويق مفاهيم اساسية،ط2( الاردن، مركز يزيد للخدمات الطلابية،(2004) ص216

(4) سامی ذوبیان، دەروازەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕۆژنامەگەری ڕۆژانەو ڕاگەیاندن، وەرگێڕانی: هاوژین عومەر، (دهۆك، چاپخانەی خانی، 2009)، ص87

(5) طاهر محسن الغالي،احمد شاکر العسكري، سەرچاوەی پێشوو، ص30

بەکارهێنەران، ڕیکلامکەران دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران هەبێت و فرۆشتن بباتە پێشەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنەران زیاتر ئەو بەرهەمانە دەکڕن کە تێدەگەن و پێیان وایە پێداویستیەکانیان دابین دەکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ڕێکلامکەران چەندین تەکنیک بەکاردەهێنن، لەوانە زمانی قایلکەر، بانگەوازی سۆزداری و پەیامی زانیاری. لە کۆتاییدا دەتوانرێت سەرکەوتنی ڕێکلام بە توانای هاندانی ڕەفتاری بەکاربەران و زیادکردنی فرۆشتن لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاری بەکارهێنەران بێتە دی .[1]

4- لەڕیگەی خستنە ڕووی تایبەتمەندیەکانی شمەکان کاریگەری لەسەر بڕیاری بەکار بەرەکان دروست دەکات. بە خستنەڕووی تایبەتمەندی کاڵاکان. بە تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییە ناوازەکان و سوودەکانی بەرهەمەکان، ڕێکلامکەران دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران و بزوێنەری فرۆشتن بن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنەران زیاتر ئەو بەرهەمانە دەکڕن کە بە سوودبەخش یان خوازراو دەزانن.

5- یەکێک لە ئامانجەکانی ڕیکلام بەبەردەوامی بیرهێنانەوەی شمەک و کاڵاکانە بە بەکاربەرەکان ئەمەش ئاسانی بڕیاردان بۆ کرینی بەرهەمەکان و زوو دەستخستنیان دەهێنێتە کایەوە. لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنەران زیاتر ئەو بەرهەمانە دەکڕن کە ئاشنان و چەندین جار بەرکەوتەییان بووە. بە بیرهێنانەوەی بەکارهێنەران لە کاڵاکان لە ڕێگەی ڕیکلامەوە، ڕیکلامکەران دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران و بزوێنەری فرۆشتن بن. ئەمەش بە تایبەتی گرنگە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە زۆرجار یان بە شێوەیەکی بەردەوام دەکڕدرێن، چونکە بەکارهێنەران زیاتر ئەگەری کڕینی دووبارەی ئەو بەرهەمانەیان هەیە کە ئاشنان پێیان.[2]

6- یەکێک لە ئامانجەکانی ڕیکلام ڕاستکردنەوەی بیرۆکە نەرێنییەکانە سەبارەت بە بابەتەکەی ڕیکلام کراوە، وەک کاڵا و بیرۆکە و پرۆژە و بەرنامە. بە چارەسەرکردنی تێڕوانینە هەڵەکان و تێڕوانینە نەرێنییەکان سەبارەت بە بەرهەم یان بیرۆکەکان، ڕیکلامکەران دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران و بزوێنەری فرۆشتن بن. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنەران زیاتر ئەگەری کڕینی بەرهەم یان پشتگیری لەو بیرۆکانەیان هەیە کە بە ئەرێنی یان سوودبەخش هەستیان پێدەکەن .[(3)]

---

[1] محمد فريد الصحن،سەرچاوەی پێشوو،ص93

[2] عرسان يوسف عرسان الزوبعي،الاعلان التلفزيوني و اتجاهات المنتخبين و المستهلكين( عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع،2016) ص50

(3) بڕوانە لە: محمد عەلی بەدەوی، سەرچاوەی پێشوو، لا121
عصام الدين، ابۆ علفة، سەرچاوەی پێشوو، ص74
طاهر محسن الغالي،احمد شاكر العسكري، سەرچاوەی پێشوو، ص25
نوردين النادي،نجم عبد الشهيب، سەرچاوەی پێشوو، ص30
عصام الدين أبوعلفة، سەرچاوەی پێشوو، ص74

## شەشەم: قۆناغەكانی گەیشتنی پەیامی ڕیكلامی بە بەكاربەر[1]

1- بەكارهێنانی وێنە و وێنە كێشان لە ڕیكلامدا: بەكارهێنانی وێنە هەر لەسەرەتای درووست بوونی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە تا ئێستا ئامڕازێكی بە بایەخ و جێگەی سەرنج بووە تا سەرنجی بەكاربەر ڕابكێشێت بۆ پەیامە ڕیكلامیەكان، بە ئاسانی جۆر و شێوازی ئەو بابەتەی كە ڕیكلامی بۆ كراوە بۆی ڕوون بێتەوە، كە لەتوانایدا هەیە، بە ئاسانی تێگەشتن دروست بكات.

2- سەردێڕی لاوەكی: هەندێك لە ڕیكلامەكان پشت بە یەك سەردێڕی سەرەكی دەبەستن، هەندێكی تریش پشت بە سەردێڕی لاوەكی دەبەستن، سەردێڕی لاوەكی كۆمەڵێك ئەركی هەیە، وە یەكێك لە ئەركەكانی دابەشكردنی لۆژیكی بیرۆكەی ڕیكلامەكەیە بۆ ئەوەی بینەر باوڕ پێبكات لە هەر بەشێك بە جیا، و بەم شێوەیە دەتوانێت بە خێرایی تێبگات. لە كۆتاییدا دەگەینە بیرۆكەی یەكگرتووی بابەتی ڕیكلامەكە و سەردێڕە لاوەكییەكان چانسی وروژاندنی ئارەزووی بەكاربەر بۆ پەیامی ڕیكلام و بەرهەمەكە زیاد دەكەن.

3- دەرەنجام: ئەمانە ئەو وشانەن كە لە كۆتایی ڕیكلامەكەدا داوا لە بەكاربەر دەكەن كە بە شێوەیەكی ئەرێنی مامەڵە بكات بۆ كڕینی كاڵاكە یان وەرگرتنی خزمەتگوزارییەكە، وەك سەردانمان بكە و دەیدۆزیتەوە چی دڵخۆشت دەكات، یان دەستبەجێ پەیوەندیمان پێوە بكەن بۆ ئەوەی كاربكەین بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەكانت، و بەو پێیەی ئەنجامەكە دوا شتە وشەكان لە مێشكی بەكاربەری وەرگردا جێگیر دەبن، كە قسەكانی دەبێت بەهێز و كاریگەر و پێشنیاری ڕەفتاری ئەرێنی بن، وەك ڕیكلامەكە داوای دەكات لە ڕووی ئامانجەوە.

4- هاندانی ئەو ئارەزووەی كە یارمەتیدەرە بۆ ئاراستەكردنی پاڵنەرە گونجاوەكان كە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجە قایلكەرەكان.

بەشێكی دیكە لەسەر چاوە زانستیەكان ئاماژە بەوەدەكەن بۆ ئەوەی كە پەیامە ڕیكلامیەكان، نوێگەرانە و داهێنەرانەبن بۆ دانانی كاریگەری لەسەر بەكاربەرەكان پێویستە پەیڕەوی ئەم بنەمایانە بكەن:

1- دیاریكردنی لایەنی دەروونی: ئەم لایەنە توخمێكی زۆر گرنگە لە ئامادەكردنی پەیامی ڕیكلامدا، ڕیكلامكار بزانێت لە ڕووی دەروونیەوە بەكاربەر بە شوێین كام لە پێداویستیەكانەوە، چوارچێوەی بیرۆكەی سەرەكی ڕیكلامەكەی لەو ڕوانگەوە دابڕێژێت.[2]

2- تێگەشتن لە چەمكی پەیوەندیكردن : قۆناغی بەدیهێنانی چەمكی پەیوەندیكردن نوێنەرایەتی قۆناغی دووەم دەكات كە دەكەوێتە چوارچێوەی كاری ڕیكلامی كاریگەرەوە، ئەركی چەمكی پەیوەندیكردن پەیوەندی بە كارەكەوە هەیە بە گشتی، لەوانە بەكارهێنانی توخمە بینراو و زارەكی و دەنگیەكان بە مەبەستی پێشكەشكردنی ڕیكلامێك لەگەڵ كەسایەتییەكی كاریگەر كە پەیامەكە

---

[1] على فلاح الزعبى، عبدالعزیز مصطفي ابو نعمة، دور الادوات المستخدمة في تكوين هيكل الرسالة الاعلانية،https://almerja.net/reading.php?idm=17850،بەرواری 7-7-2022، بەرواری سەیركردن 22-5-2023 سەعات 4ی ئێوارە

[2] 71 حنان شعبان، اثر الفواصل التلفزيونية علي الاشهار التلفزيونية علي عملية التلقي، رسالة ماجسترغير المنشورة،(جامعة الجزائر:كلية العلوم السياسية ولاعلام، قسم علوم الاعلام ولاتصال ، 2008) ص71

بەرز دەکاتەوە، ڕاستگۆیی لە ناوەڕۆکی پەیامەکەدا هەبێت و بەجۆرێک ڕیکلامەکە بکرێت، ببێتە هۆکارێک بۆ وروژاندنی هەستێکی ئەرێنی بۆ بەرهەمەکە لەلایەن بەکاربەرەوە.[1]

3- ئامادەکردنی شێوازی پێکهاتەی ڕیکلام: قۆناغی کۆتاییە لەناو کاری ڕیکلامی کاریگەر و داهێنەرانەدا، کە بریتییە لە بەرجەستەکردن و بەکارهێنانی ئەو بیرۆکە بنەڕەتییەی کە ڕیکلامکار دەیەوێت پەیوەندی بە بەکاربەرانەوە بکات، بەپشتبەستن بە کۆمەڵێک داوا ، لەوانە ئەوانەی پەیوەستن بە وەسفکردنی تایبەتمەندی و تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە کاڵاکەوە، و باسسوودە کارایی یان تەکنیکییەکان کە دەتوانرێت لەڕێگەی بابەتی ڕیکلام بۆکراوەوە بەدەستبهێنرێن.[2]

---

[1] السيد بهنسي، ابتكار الافكار الاعلانية،(القاهرة:عالم كتاب، 2008) ص37

[2] محمد فريد الصحن، سەرچاوەی پێشوو، ص232

# پاری دووەم:
# چەمکی تەلەفزیۆن و ڕیکلامی تەلەفزیۆن

## یەکەم/ چەمکی تەلەفزیۆن

چەمکی تەلەفزیۆن (Television) لە دوو بەش پێکدێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو زمانی یۆنانی و لاتینیی، (Tele) وشـەیەکی یۆنانییـەو بـەمانای دوور دێـت، (Vision یـان Vader) وشـەیەکی لاتینییەو بەمانای بینین دێت، هەردووکیان پێکەوە (Television) بەمانای (تۆمارکردنی دەنگ و وێنە لە شوێنێکداو گواستنەوەی لە هەمانکاتدا بۆ شوێنێکی تر)دێت، هاوکات بە مانای بینی لەدوورە دێت هەردوو ووشکە.[1]

مێژووی دەستپێکی داهێنانەکانی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1853)، تا ساڵی (1923)، کە (فلادیمیر زورکین) ئـامێری (ئایکۆنۆسکۆبی) داهێنـا، کە بە چاوی ئەلیکترۆنی تەلەفزیـۆن ناسـرابوو. لەساڵی (1924)دا بێرد توانی یەکەم سیستەمی تەلەفزیۆنی بخاتەڕوو، کە ناوینا (Analog).[2]

هەر سـێ جـۆری پەیوەنـدیی (ڕووبەڕوو گفتووگـۆکردن لە نـزیکەوە، پەیوەنـدی دووراو دوور لە ڕێـگەی تەلەفـۆن و ئینتەرنێـتەوە، پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆو ڕووبەروو لە دوورەوە) لە تەلەفزیۆنـدا بەرجەستەدەبوون.[3]

تەلـەفزیۆن، لـە سـۆنگەی کرداریـەوە، ڕێگایەکـە بۆ نـاردن و وەرگرتنـی ووێنـەی وەسـتا و جـوڵاو ودەنگ لە ڕێگەی شەپۆلە کارۆ موگناتیسیەکانەوە. لـە سـۆنگەی وێنەگرتنـەوە، بریتیـە لەگواسـتنەوەی وێنـە، وەسـتاو جولاوەکـان لـە ڕێگـەی تەکنیکەکارەباییەکانـەوەو گواسـتنەوەی بـۆ شـوێنکی دوور لـەو شوێنەی کە وێنەکانی تێدا گیراوە، هاوکات وەرگرتنی ووێنەکان لە ڕێگەی ئامێرێکی دیکەوە.[4]

## دووەم: پێناسەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

ڕیکلامـی تەلـەفزیۆنیی "بریتییـە لـەو چالاکییـەی پـەیامی ڕیکلامـی بینـراوو بیسـتراو بـە جـەماوەر پێشکەش دەکات، بۆ ڕاکێشانی سەرنجیان لـەپێناو کڕینی کاڵایـەک، یـان خزمەتگوزارییـەک لەبەرامبـەر کرێیـەکی دیـاریکراو."[5] بـە شـێکی دیکـە لەگـەڵ ئـەوەی ڕیکلامـی تەلـەفزیۆنی بـە ڕوونکردنـەوەی پێشـکەوتنە تەکنەلۆجیـەکان دەزانـن و پیـان وایـە ڕیکلامـی تەلـەفزیۆنی دوو دیـدگای هەیـە، یەکـەم پەیوەستە بە بەرهەمەکەوە، دووەم پەیوەستە بەهاو ڕەفتارەوە. هونەری ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بە گرنگیدان بە لایەنە ئەرێنییەکان بۆ کاڵاکە بە ئامانجی ئەوەی پاڵنەر بێت بۆ کڕین یان کاردانەوەیەک وەربگرێت کە لەلایەن ڕێکلامـکەرەوە چاوەڕوان دەکرێت ئەمە بۆ ئەوەیە لە هەمـان کاتـدا وێنەیەکی دەروونی باش لەبارەی ئەو و کاڵاکەیەوە دروست بکرێت.[6]

---

( 1)ئەحمەد قادر عەلی، سەرچاوەی پێشوو،ص 35

( 2) حەبیب کەرکوکی، پێشەکیکەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، ( دهۆک: چاپخانەی خانی، 2008) ص55

( 3) نەجات روستی، میدیای هەواڵ و رایگشتی، (سلێمانی: چاپخانەی بینایی،2009) ص35

(4) سعدي نسرين، التلفزيون والتنشئة الاجتماعية للطفل قنات طيور الجنة نموذجا، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة المسيلة: كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال، 2013) ص24

( 5) فهد عبدالرحمن الشميمرى، التربية الاعلامية (كيف نتعامل مع الاعلام، (الرياض: مكتبة ملك فهد الوطنية،2010) ص 127

( 6)شدوان شيبة، الاعلان المدخل النظرية،( الاسكندرية: دار المعريفة الجامعية، 2016) ص16

**دەتوانین لە کۆی پێناسە و بۆچوونەکان بگەینە ئەو دەرئەنجامەکەی،** کە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی: بە دەنگ و ڕەنگ و ووشەو وێنەی جوڵاو ئاراستەی جەماوەرێکی فراوان دەکرێت،سەرنج ڕاکێشی و ڕادەی وەرگرتنی پەیامە ڕیکلامەکە لای جەماوەر دەردەکەوێت و دەسەتەجەمعیە، ئەمەش لە سایەی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیاوە دێتەدی.

## سێهەم: سەرهەڵدان و گەشەکردنی تەلەفزیۆن لەهەرێمی کوردستان

لەهەرێمی کوردستان ، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە لەبواری تەکنەلۆجیا و میدیا بە شێوەیەکی گشتی هاتوونەتە ئاراوە، وەک ناوچەیەکی دیاری کراو بێبەش نەبووە لە دامەزراندنی دەزگاو دامەزراوە میدیاییەکان، بەتایبەت لە بواری میدیای بینراودا .

مێژووی دامەزراندنی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە تەلەفزیۆنی (تەئمیم) کە لە لە( 1967/11/18) دەستی بە پەخش کردووە، لە ساڵانی (1970-1974) جۆرێک سەربەخۆیی هەبووە و لە خزمەتی کوردی کردووە دواتر لەدوای ساڵی 1974 خراوەتە خزمەت ڕژێمی بەعسەوە لە هاوینی ساڵی 1978 بەشی کوردی تەلەفزیۆنی موسڵ، کە بەشێوەزاری کرمانجی ژوور و پەخشی کردووە، ماوەی پەخشەکەی (2:30) خولەک بووە، دواتر لە ساڵی 1990 داخراوە، پاشان تەلەفزیۆنی مەهابات دامەزراوە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک بەردەستی توێژەر نەکەوتووە کە ڕیکلام لەو تەلەفزیۆنانە بڵاوبوبێتەوە یاخود نا [(1)]

لە دوای ڕاپەڕینەوە یەکەم تەلەفزیۆنی کوردی لە زاخۆ لە ناوەڕاستی ئابی (1991) لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بە ناوی (TV زاخۆ) دامەزرا، بەدوای ئەمەشدا چەندین تەلەفزیۆنی دیکەی ناوخۆیی دامەزرا، کە زۆرێکیان زمانحاڵی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بوون، لەوانە (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، تەلەفزیۆنی خاک، K.TV، تەلەفزیۆنی ئازادی، U.TV، IMK).[(2)]
لە پارێزگای سلێمانیش، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان یەکەمین تەلەفزیۆنی کوردی بوو لە شاری سلێمانی لە ساڵی (1991) لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دامەزرا، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (puk tv) لە مانگی ئابی (1992) تەلەفزیۆنی (هەرێم) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە شاری هەولێر دامەزرا، کە بە یەکەمین تەلەفزیۆنی حکومی دادەنرێت لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە ساڵی (2005) پەخشی ئەم تەلەفزیۆنە جگە لە شاری هەولێر،شارەکانی سلێمانی و دهۆک و کەرکوکی گرتەوە. یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردی لە(1995/5/15) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەناوی (Media T.V) دامەزرا لە (1999/1/17) یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی لە ناوەوەی کوردستان بەناوی (کەناڵی سەتەلایتی کوردستان) دامەزرا، پاشان لە (2000/1/1) کەناڵی (کوردسات) دامەزراو دواتر کەناڵی ئاسمانی کوردسات نیوز لەکەناڵی کوردساتەوە لە ساڵی 2013 لەدایک بووە، لە هاوینی (2005) لە یەکگرتنی هەردوو تەلەفزیۆنی (KTV) و تەلەفزیۆنی گوڵان، کەناڵی ئاسمانی (زاگرۆس) دامەزرا. [(3)]

(1) سەباح مەجید، سەرچاوەی پێشوو، ل25
(2) ئەحمەد قادر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل49
(3) بەهادین ئەحمەد، کەناڵی ئاسمانی کوردسات "دامەزراندن و گەشەکردن"،( گۆڤاری رۆژنامەنووس: ژمارە8، 2006) ل83

له (2007/5/15) کەناڵی VIN وەک کەناڵێکی تایبەتمەند بە میوزیک و گۆرانی دامەزراوە. کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە (2008/5/29) دامەزراوە کە زمانحاڵی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، دەزگایەکی راگەیاندنی کوردستانیە ، گرنگی بە روداو و هەواڵ و کێشەکانی خەڵک و کولتوری کوردی و پاراستنی ناسنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەدات و وێبساتەکەی بە کوردی سۆرانی، کورمانجی و عەرەبی بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە.[1] کەناڵی ئاسمانی پەیام لە (2008/12/1)دەستی بە پەخش کردووە. پەیام یەکەمین کەناڵی ئاسمانی ئیسلامییە لە باشووری کوردستان و نوسینگەی سەرەکی لە شاری سلێمانییە.کەناڵێکی هەواڵی سیاسیە و گرنگی دەدات بە ڕومالی ڕوداوە گەرمەکان، هاوکات گرنگی بە بەشی وەرزش دەدات و بەرنامە و گەشتی هەواڵی تایبەتی هەیە. بە زمانی کوردی "شێوەزاری سۆرانی کرمانجی خوارو" بەرنامەکانی پێشکەش دەکات، ئامانج لە دامەزراندنی بەرز راگرتنی دروشمە دینیەکانە و ناساندنی گەلی کوردە وەک گەلێکی رەسەنی موسڵمان و گەیاندنی دیدی ئیسلامیانە لەسەر مەسەلەی کورد رووداوە هەنوکەییەکان.کەناڵی پەیام بەشێکە لە تۆڕی میدیای کۆمەڵ و لە لایەن کۆمەڵی دادگەرییەوە پشتیوانی دەکرێت.[2]

کەناڵی ئاسمانی (KNN) تۆڕی هەواڵی کوردی لە (2008/12/20) دامەزراوە و زمانحاڵی بزووتنەوەی گۆڕانە[3]

سەتەلایتی جەماوەر لە ساڵی 2008 لەلایەن حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دامەزرا، لە وەک کەناڵێکی ناوخۆیی و لە چوارچێوەی کەناڵە ناوخۆییەکاندا پەخش دەکات. سەتەلایتی گەلی کوردستان لە (2009/6/1) دەستی بە پەخش کردووە،کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان یەکێکە لە دامەزراوە میدیاییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گرنگی دەدات بەوهەواڵ و زانیارییانەی کە خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات و لە 11-9-1991 ، وەک یەکەم کەناڵی کوردی دوای ڕاپەڕین بەووتارێکی مێژوویی سەرۆک مام جەلال، پەخشی ناوخۆیی لەشاری سلێمانی دەستپێکرد. لە 1-6-2008 ، پەخشی ئاسمانی کەناڵی گەلی کوردستان بەهەردوو شێوەزاری (سۆرانی ، کورمانجی ) دەستپێکردوو لەڕێوڕەسمێکدا لەلایەن سەرۆک مام جەلال کراوەتەوە، نێردراوی لەزۆربەی شارەکانی کوردستان و عیراق و وڵاتانی ناوچەکەو جیهان هەیە.[4]

کەناڵی (KOREK TV) لە شاری هەولێر لەلایەن کومپانیای کۆرەک تیلیکۆم لە (2009/12/1) دامەزراوە، کەناڵێکی بازرگانییە زیاتر بایەخ بە بابەتی هونەری و میوزیک و گۆرانی و ڕیکلام دەدات، کومپانیای بابلیۆن بریکاری سەرەکی ئەم کەناڵەیە بۆ ڕیکلام.[5]

دامەزراوەی میدیایی کۆمپانیای نالیا بۆ بەرهەمهێنان& بڵاوکردنەوە و بەبازارکردنی میدیا (NRT) یەکەمین تۆڕی میدیایی سەربەخۆبوو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی ئازادەوە پێکهاتووە کە یەکەم تۆڕی میدیایی سەربەخۆیان دەستپێکردووە، کە لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە پارەی بۆ دابینکراوە. (NRT) کە خاوەندارێتی کەناڵەکانی (nrt 3 , nrt 4,nrt 2, nrt , nrt,

---

[1] www.speda.com سایتی کەناڵی سپێدەوە
[2] www. Payam .net سایتی، سایتی کەناڵی ئاسمانی پەیام
[3] www,knnc.net سایتی کەناڵی کەی ئێن ئێن
[4] www.gksat.tv سایتی کەناڵی گەلی کوردستان
[5] www,korak tv.com سایتی کەناڵی کۆڕەک

ڕادیۆی نالیا و چەند دامەزراوەیەکی دیکەی میدیایی دەکات)، یەکەمین کەناڵی هەواڵی کەرتی تایبەتی دامەزراند لە هەرێمی کوردستان، لە (2011/2/17) دەستی بە پەخشکردووە،کەناڵەکە خاوەنی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تییە، بەشێکە لە ئێن ئاڕ تی بە بەڕێوەبردنی شەش ماڵپەڕ و سێ ئەپی مۆبایل لە ساڵی 2011 دامەزراوە و پام میدیا، کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانە کە ڕێکلام بۆ بەرهەم یان خزمەتگوزارییە بازرگانییەکان دەکات و سەربە کەناڵەکەیەکە لە ساڵی 2014 دامەزراوە. [1]

کەناڵی (Kirkuk tv) لە (2011/9/3) دەستی بە پەخش کردووە،، کەناڵێکی گشتییە. کەناڵی (پێڵیستانک) وەک یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی تایبەتمەند لە بواری منداڵاندا لە (2012/5/1) دەستی بە پەخشکردووە، کەناڵێکی ئەهلییەو لەلایەن چەند بازرگانێکەوە دامەزراوە. کەناڵی (kurdmax)پەخشی بەرنامەکانی لە (2012/7/5) دەستپێکردووە.[2] کەناڵی ئامۆژگاری کەناڵێکی ئاینی ناحوکومی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئامۆژگاری کردنی مسوڵمانان بە بەڵگەی قورئان و سوننەت، بە تێگەیشتی پێشین و پێشەوایانی ئوممەت. لە بەرواری (5-5-2013) دەستی بە پەخش کردووە.[3]

کەناڵی ڕووداو (Rudaw) لە (2013/5/29) دەستی بە پەخش کردووە، تۆڕی میدیایی ڕووداو، دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆیە. بەرهەمەکانی بەشێوەی نووسراو، بینراو و بیستراو بڵاودەکاتەوە. دامەزراوەیەکی قازانج ویستە، بەڵام گەیاندنی زانیاری و ڕاستییەکان بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی دادەنێت. لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە هیچ سنوورێکی جوگرافیایی و چوارچێوەیەکی هزری نابەستێتەوە و دیدێکی جیهانییانەی هەیە بۆ کارکردن و بڵاوکردنەوە. کۆمپانیای رووداو لە مانگی نیسانی 2008 دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە لە بواری کاری میدیاییدا. لە 14ی مانگی ئایاری 2013 وەک پۆرتاڵ و سۆشیاڵمیدیایەکی بەرفراوان نوێکرایەوە و بووە بەشێکی گرنگی تۆڕی میدیایی ڕووداو، بە زمانەکانی کوردی (کورمانجی سەروو و خواروو)، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی، هەروەها بۆ یەکەمین جار ئەپڵەکەیشنی ڕووداو بەو زمانانەش بۆ سەر تەلەفۆنی مۆبایل و تابلێتەکان دروستکرا، کە ئەوەش بۆ میدیای کوردستانی و ناوچەکە کارێکی تازەبوو. [4]

کەناڵی (Kurdistan 24) وەک کەناڵێکی ئەهلیی لە بواری هەواڵی سیاسیدا پەخشی بەرنامەکانی لە ( 2015-10-30) دەست بەپەخشکردنی کردووە، خاوەنی تۆڕێکی فراوانی پەیامنێرانە،پێکهاتووە لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 و رادیۆی کوردستان 24وێبسایتی کوردستان24 بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی – کرمانجی) ، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی و فارسی بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە[5]

---

[1] www,nrt.com سایتی کەناڵی ئێن ئارتی

(2) ظاهر حمدامين صابر، ڕۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنی لە هاندانی رەفتاری بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵا، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، (زانکۆی سەلاحەدین: کۆلێژی ئاداب، بەشی راگەیاندن،2014) ص82

[3] www,amozhgary.tv سایتی کەناڵی ئامۆژگاری

[4] www,rudaw.net سایتی کەناڵی ڕوداو

[5] www.kurdistan24.net سایتی کەناڵی کوردستان 24

کەناڵی ئاڤا میدیا لە ساڵی (2018) دامەزراوە و کەناڵێکی هونەری و کەلتوریەو ڕیکلام لەچوار چێوەی بەرنامەکانیدا بلاودەکاتەوە .[1]

لە ئێستادابە پێی ئامارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، 158 کەناڵی ئاسمانی و ناوخۆیی هەن کە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و لە هەیکەلی تەلەفزیۆن و دەزگاکانیاندا، بەشێکی تایبەت بە ڕیکلام هەیە، کە جگە لەبەرهەمهێنان و وەرگرتنی ڕیکلامەکان لە کۆمپانیا و بەرهەم هێنەرەکان، ڕۆژانە لە چەندین کاتی زێڕین و تایبەتدا، ڕیکلامەکان پەخش دەکەن.

## چوارەم: لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ڕیکلام

تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی جەماوەری، لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی هەیە و لەو کاریگەریانەی کە لەسەر وەرگرەکانی دایان دەنێت دەکرێت بەم جۆرە ڕوونیان بکەینەوە :

**یەکەم: لایەنە ئەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ڕیکلامکردن**

1. بەهۆی پێکەوە بەستنی دەنگ و وێنەی جوڵاو، ئامرازێکی کاریگەرو بڕواپێهێنەرە بۆ بینین و سەرنجڕاکێشان.
2. بەهۆی ئەوەی ئامڕازێکی جەماوەریە و بەرنامەکانی هەمەچەشنە، بەئامرازێکی زۆر نزیکی پەیوەندییکردنی ڕووبەڕووەودادەنرێت، کە ئاراستەی جەماوەری هەمەچەشن دەکرێت.[(2)]
3. توانای پەیوەندی گرتن لەگەڵ جەماوەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە بێ جیاوازی توانا زانستی و ڕۆشنبیریەکانیان، وایکردووە، ئامڕازێکی گرنگی پەیوەندی گرتن بێت لە جەماوەرە جیاوازەکان و لە چوار چێوەیەشدا ئەو پەیامەی کە هەیەتی دەیگەیەنێت.[(3)]
4. بەهۆی دەستەبەر کردنی کاتێکی زۆرەوە بۆ ڕیکلامەکان، کە لەلایەن ڕیکلامکارەکانەوە، لە بەرنامە تەلەفزیونیەکاندا دەستەبەر دەکرێت وای کردووە قەبارەی بینیی ڕیکلامەکە و گەشتنی بە ژمارەیەکی فراوان لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە زۆربێت.[(4)]
5. بەرجەستەکردنی شێوەو بیرۆکە ڕیکلامیەکەش،لەڕێگەی بەکارهێنانی دیکۆرو جوانکاریی و جلوبەرگ و کاریگەرییە دەنگیو ڕەنگییەکانەوە، توانای بەکارهێنانی شێوەی کامێراو جوانکاریی ڕەنگ، بەجۆرێک جەخت بکاتە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی بەرهەمەکە کەڕیکلامکار مەبەستییەتی. تەلەفزیۆن ئامێرێکی زۆر خێرایە لە گەیاندن وڕێکخستن، وادەکات بەئاسانی ئامانجەکانی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکە بەدیبهێنێت.[(5)]
6. بەهۆی ئەوەی بەرهەم هێنانی تەلەفزیۆنی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، کە بە دانانی بیرۆکە و ناونیشان و دواتر ڕێکخستنی نوسین و پاشان وێنەگرتن و ڕیزکردنی وێنەکان و پاشان

---

[1] www. http://avaentertainment.net، سایتی کەناڵی ئاڤا میدیا

(2) مەم بورهان قانع، سەرچاوەی پێشوو، لا37

(3) فتحي القصير، تأثير البرامج التلفزيونية على المراهقين وعلقتها بالعنف المدرسي، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة عمار ثليجي-الاغواط: كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم، علوم الاجتماع و الديمغرافيا، 2015) ص40

(4) بالميدي سميمة، بسرة يامنة، فعالية الاشهار التلفزيوني علي الشباب في الجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة قاصدي مرباح-ورقلة، كلية علوم الإنسانية: قسم، علوم الإعلامي والاتصال الحديثة، 2015) ص27-28

(5) ابرادتشة سعيدة، الإستمالات الإقناعية في الإعلان المتلفز- دراسة تحليلية في مضمون إعلانات قناة MBC، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة منتوري – قسنطينة: كلية العلوم الإنسانية و العلوم الاجتماعية، قسم، علوم الإعلام والإتصال، 2008) ص37-38

مۆنتاژکردنیان تێپەڕ دەبێت وتێیدا بە بەکارهێنانی دەنگە جیاوازەکان لە پەیامە ڕیکلامیەکان وەک منداڵ و پیاو ژن و ڕیکخستنیان بە پێی ئەو نوسینەی بۆ پەیامە ڕیکلامیەکە ئامادە کراوە، وای کردووە تەلەفزیۆن ئامڕازێکی گرنگ بێت لە گەیشتنی ئامانجی پەیامە ڕیکلامیەکە[1]

7. بەکارهێنانی کەسانی ناسراو بۆ ڕیکلامکردن لە تەلەفزیۆنەکانەوە بە شێوەی وێنە و دەنگ و گوزارشت کردن لە پەیامە ڕیکلامیەکان، وادەکان کاریگەری لەسەر بەکارهێنەرەکان دروست بکات و زیاتر خزمەتگوزاری بە بە بەکارهێنەرەکانی بابەتەکە ڕیکلامیەکە بگات.[2]

8. تەلەفزیۆن لەگەڵ ئەوەی هۆکارێکی کاتبەسەربردنە، لە هەمانکاتدا هاوڕێیەکی نزیکە لەناوماڵدا، ئەمەش هەلی ئاوێتەبوونی زیاتری بینەرو شاشەی تەلەفزیۆن دەستەبەردەکات.[3]

9. هەڵبژاردنی ئەو جەماوەرەی، کە ڕیکلامکار مەبەستیەتی پەیامە ڕیکلامییەکەیان پێبگات لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕۆژو کات و جۆری ئەو بەرنامە و تەلەفزیۆنەی، کە ڕیکلامەکەی تێدا بڵاوبکرێتەوە لە هەفتەدا ئەتوانێ خۆی هەڵیبژێرێت.[4]

10. بەهۆی ئەوەی کە کە ووێنە و دەنگی بە یەکەوە گرێداوە، بە ئاسانی دەتوانرێت لە ڕێگەی ئامێری تەلەفزیۆنەوە گوێ لە تەلەفزیۆن بگیرێت، ڕێگەی تێگەیشتن لە پەیامەکانی تەلەفزیۆن ئاسانە، ئەمەش وایکردووە پەیامەکان بە ئاسانی بگەنە جەماوەری مەبەست).

11. ئەو زانیاریانەی کە بڵاودەکرێنەوە توێژینەوەکان سەلماندوویانە، لای مرۆڤ بە ئاسانی وەرناگیرێن، بە دووبارەکردنەوەیان وادەکات کاریگەری لەسەر مرڤەکان دادەنێن و جێگیر دەبن، ئەوەش یەکێک لەلایەنە ئەرێنیەکانی تەلەفزیۆنە وەک ئامڕازێکی گرنگ بۆ ڕیکلام و دووبارەکردنەوەی ڕیکلامەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە چەندین جار، ئەمەش دەبێتەهۆی جێگیرکردنی ڕیکلامەکە لە مێشکی بینەرداو کاریگەریی لەسەری دەبێت.[5]

## دووەم: لایەنە نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ڕیکلامکردن

1- تێچوونی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆن زۆرە و هەڵەکانیش قەرەبوو ناکرێنەوە، ئەمەش وایکردووەهەموان نەتوانن ریکلام بۆ بەرهەمەکانیان بکەن.

2- بەکارهێنانی زانیاری و شارەزایی زۆری دەوێت [6].

3- کەڵەکەبوونی مادە ڕیکلامیەکان بەهۆی زۆری ڕیکلامەکانەوە و لەیەکچوونی ڕیکلامەکان لە یەکدی کاریگەریان کەم دەبێتەوە.

(1) مريم زعتر، الاعلان في التلفزيون الجزائري، رساله ماجستر غير منشوره، (جامعة منتوري، قستنطينة: كلية علوم الإنسانية وعلوم الاجتماعية، قسم الاعلام و الاتصال، 2007-2008) ص25

(2) سفيان تقية، الإعلان التلفزيوني وتأثيره على سلوك المستهلك، رسالة ماجيستر غير المنشورة، (جامعة المسيلة: كلية علوم الاتصال، قسم، الاتصال، 2014) ص45

(3) سامی ذوبیان، سەرچاوەی پێشوو، لا50

(4) زينب ليث عباس، الاعلان التلفزيوني و خدمات شركات الهواتف النقالة- دراسة تحليلية الاتجاهات الشركات والجمهور ازاء الاعلان التلفزيوني، (جامعة بغداد: كلية العلوم للنبات، مجلة باحث الاعلامي، العدد17، السنة 2012) ص62

(5) اسامة ظافر كبارة، برامج التلفزيون و التنشئة التربوية و الاجتماعية الأطفال، (لبنان: دار النهضة العربية،2008) ص 106-107

(6) مريم بازوند، قاسم على شيرى، ياسان اللة بور اشراف ، بررسى تأثير ابعاد تبليغات تلويزيونى منبع پيام و محتوا پيام بر نگرش كودكان از مواد غذايى، (دانشگاه ايلام: ، ماهنامه پژوهشهاى مديريت و حسابدارى، شماره بيستوشش، مرداد ماه 1395)، لا73

4- بەهۆی ئەوەی بینەرانی تەلەفزیۆن سەیری هەموو ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان ناکەن بەشێکیان بەهۆی زۆر دووبارە بوونەوە و بەشێکیشان بەهۆی نەگونجانیان لە ڕووی ئاینی و کۆمەلایەتی و کەلتوریەوە، لە چەند بارە بوونەوەشیان جەماوەر بێزار دەکات[1].

## پێنجەم/ جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی

شارەزایانی ئەم بوارە لە سێ ڕوانگەوە دابەشکاریی بۆ ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دەکەن، کە بریتین لە:

**یەکەم: لە ڕوانگەی چۆنێتی پێشکەشکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنییەوە:**

1- ڕیکلامی ڕاستەوخۆ: ئەمە جۆرە ڕیکلامەلەشێوەی پەیامێکدایە کە کەسێک ئامۆژگاری بینەران دەکات، کە ئەو بەرهەمەی کە ڕیکلامی بۆ دەکات بەکاریبهێنن، زۆر جار بۆ ئەم جۆرە ڕیکلامە پشت بە کەسایەتیەکی ناسراو دەبەسترێت.[2]

2- ڕیکلامی گفتووگۆ یان ڕووبەڕوو: ئەم جۆرە ریکلامە پشت بە گفتوگۆی دوو کەس یان زیاتر دەبەستێت، دەربارەی تایبەتمەندیەکانی بەرهەمەکە گفتوگۆدەکەن، زۆرجار ئەم جۆرە لە شێوەی پرسیار و وەڵامدایە لەنێوان دووکەس، کە بۆ چوونەکانی خۆیان دەردەبڕن.[3]

3- ڕیکلامی درامیی: لەم جۆرە ڕیکلامەدا لە ڕێگەی چیرۆک یان بابەتە درامیەکانەوە بە بەکارهێانی کارتێکەتە دەنگیەکان دۆخی کەسێک دەخاتە ڕوو کە گرفتێکی هەیە، تێیدا بە خستنە ڕووی تایبەتمەندیەکانی بەرهەمەکە وا لە کەسەکە دەکات کە بەکاری بهێنێت، هاوکات دۆخی کەسەکە پێش بەکارهێنانی دەخاتە ڕوو، چوار ڕەگەزی سەرەکی هەن،کە پێویستە لە ڕیکلامی درامیدا هەبن کە پێکهاتوون لە: پێویستەئەو بابەتە سەرەکیەی کە ریکلامە درامیەکەی لەسەر بونیاد نراوە بخرێتە ڕوو، ئەوگرفتەی کە لە ڕیکلامە درامیەکەدا دەخرێتە ڕوو پێویستە چارەسەری گرفتەکە لە ڕێگەی دەرکەوتنی شمەک و کاڵا ڕیکلام بۆ کراوەکەدا چارەسەر بکرێت،چارەسەری گرێ دەروونیەکە و بڕیاری کۆتایی پێبێت.

4- ڕیکلامی گۆرانی: لەم جۆرە ڕیکلامەدا، ڕیکلامکار پشت دەبەستێت بەکەسایەتیە دیارەکان و گۆرانیبێژەکان، ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکە لە ڕێگەی گۆرانیەوە دەخرێتە ڕوو.[4]

---

(1) بەهادین ئەحمەد محمد، سەرچاوەی پێشوو،لا68
(2) بالميدي سميمة، بسرة يامنة، سەرچاوەی پێشوو، ص28
(3) احمد عادل راشد، الاعلان الفعال، (بيروت: دار النهضة العربية، د، ت) ص89
(4)امية معراوي، الاعلان الاذاعي والتلفزيوني، (السورية: من منشورات الجامعة الاقتراصية السورية، 2020) ، ص151

## دووەم: لە ڕوانگەی چۆنێتیی کڕینی کاتی ڕیکلامەوە (1)

1. ڕیکلامی تاک: لەم جۆرە ریکلامەدا ریکلامکار هەڵدەستێت بە کڕینی کاتێیکی دیاری کراو و دابەشکردنی کاتەکە بەسەرئەو ڕیکلامانەی بۆ ئەو بەرهەمەی کە هەیەتی دەیکات لەو ماوەیەیی کە کڕیویەتی بۆ ڕیکلامکردن.
2. لەئەستۆگرتنی تێچوونی تەواوی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی: لەم جۆرەریکلامانەدا خاوەنی ڕیکلامەکە تەواوی تیچووی بەرنامەکەلە ئەستۆ دەگرێت و هەندێک جار لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایدا ڕیکلام دەکات.
3. بەشداریکردن:هەندێک جار ژمارەیەک بازرگان یان خاوەن بەرهەم پێکەوە کۆدەبنەوە و کاتێکی دیاریکراو دەکڕن ئەمەش لەپێناو کەم کردنەوە ئەو کرێیەدایە کە بەهۆی ڕیکلامەکەوە دەکەوێتە ئەوستۆیان.

## شەشەم: شێوازە قایلکەرەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا

1- شێوازە قایلکەرەکانی پەیوەست بە فۆرمی ڕیکلامەکە:[2]

سروشتی ئەو میدیایەی ڕیکلام کە لە ڕیکلامەکاندا بەکاردەهێنرێت هەرچییەک بێت، هۆکاری گرنگ هەن تا وابکەن پەیامەکە بەردووستی بگات کەرگرنگترینیان ئەمانەن:

أ- شوێنی ڕیکلام: هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕیکلامکەر،تاقیکردنەوەکان دەریانخستووە کە تا شوێنی بڵاوبوونەوەی ڕیکلام فراوانتر بێت، بەهای زیاتری دەبێت لە هاندانی ڕەفتاری بەکاربەران و زیادکردنی فرۆشتن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شوێنی ڕیکلامی فراوانتر شوێنی زیاتر بۆ ڕێکلامکەران دەرەخسێنێت کە پەیامەکانیان بگەیەنن و کاریگەرییان لەسەر تێڕوانینەکانی بەکاربەر هەبێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

ب- بەکارهێنانی وێنە و گرافیک لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان: بەکارهێنانی وێنە و گرافیک لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان دەتوانێت بیرۆکەی ڕیکلام ئاسانتر بکات بۆ بەکاربەر بۆ تێگەیشتن. بە بەکارهێنانی ئاماژەی بینراو بۆ گەیاندنی پەیامەکان، ڕیکلامکەران دەتوانن یارمەتی بەکارهێنەران بدەن بۆ ئەوەی بە خێرایی لە سوود و تایبەتمەندییەکانی بەرهەم یان بیرۆکەکان تێبگەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زۆرجار ئاماژە بینراوەکان لەبیرنەکراوتر و ئاسانترن بۆ ئەزموونکردن لە چاو پەیامە نووسراوەکان یان دەنگیەکان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ڕیکلامکەران چەندین توخمی بینراو لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان بەکاردەهێنن، لەوانە وێنە، گرافیک، ئەنیمەیشن و ڤیدیۆ، لەنێو ئەوانی تردا.

ت-ڕوونی: ڕوونی بە توخمێکی بنیاتنەری دەربڕینی ڕێکلام دادەنرێت و ڕۆڵەکەی ڕاستەوخۆ لەلایەن کەسەوە هەست پێناکرێت. ڕوونی لە ڕیکلامدا ئاماژەیە بۆ توانای ڕێکلامکەران بۆ گەیاندنی

---

(1) بڕوانە لە: فضل الشعراوي عايد، الاعلان والعلاقات عامة، (القاهرة: الدار الجامعية للطباعة والنشر، 2006) ص66

نسيمة سحنون، تطورات الاشهارات التلفزيونية للشركة الوطنية للاتصالات، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة العربي بن مهدي ام البواقي: كلية العلوم الاجتماعية الانسانية، 2016-2017) ص33

محمد حسن العامري، الاعلان وحماية المستهلك ،(القاهره: دار العربي للنشر والتوزيع ،2006) ص96

[2] ايمان بومعزة، فيروز بن شايطة، الاعلان التلفزيوني والسلوك الا ستهلاكي، رسالة ماجستيرغير مشورة، (جامعة الصديق بن يحيي- جيجل-: كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية،قسم الاعلام والاتصال،2017-2018) ص60

پەیامەکانیان بە شێوەیەکی ڕوون و پوخت، بەبێ دووڕوویی و سەرلێشێواندن. ئەمەش گرنگە چونکە بەکارهێنەران زیاتر لە پەیامەکانی ڕیکلام تێدەگەن و لەبیریان دەبێت کە ڕوون و ئاسانن بۆ تێگەیشتن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ڕێکلامکەران چەندین تەکنیک بەکاردەهێنن، لەوانە زمانێکی سادە، پەیامی ڕوون و بانگەوازی ڕاستەوخۆی بۆ دەکات[1]

2. دەرهێنانی پەیامە ڕیکلامیەکە: ئەم قۆناغانە لەخۆدەگرێت

أ- قۆناغی ئامادەکاری: پرۆسەی نووسین بۆ کامێراکان لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی پەیامەکان بە وردی لە نووسینەوە بۆ وێنە وەربگێڕدرێن. ئەم قۆناغە گرنگە چونکە بریتییە لە دروستکردنی پلانێکی ورد بۆ چۆنیەتی گواستنەوەی پەیامەکانی ڕیکلام لە ڕێگەی میدیای بینراوەوە، وەک تەلەفزیۆن یان ڤیدیۆی ئۆنلاین. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ڕیکلامکەران چەندین تەکنیک بەکاردەهێنن، لەوانە ستۆری درووستکردن، نووسینی سیناریۆ، و لیستی وێنەگرتن، لەنێو ئەوانی تردا.

ب-وردەکارییەکانی دیمەنەکە: بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی ڕیکلام و توخمەکانی وەک ڕازاندنەوەی ڕووناکی و گۆشەی وێنەگرتن و جوڵەی کامێرا و زۆر شتی تر لەخۆدەگرێت. ئەم وردەکاریانە گرنگن چونکە یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی کەشێکی تایبەت کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر تێڕوانین و ڕەفتاری بەکاربەر هەبێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ڕێکلامکەران چەندین تەکنیک بەکاردەهێنن، لەوانە ڕووناکی، چوارچێوەدان، و جوڵەی کامێرا[2]

ت-پرۆسەی وێنەگرتن: بریتییە لە جوڵەی توخمەکانی دیمەن و سروشتی شوێنی وێنەگرتن بۆ دیاریکردنی باشترین شوێن و بەرزترین کوالیتی. ئەم پرۆسەیە گرنگە چونکە وێنەگرتنی ڕاستەقینەی پەیامی ڕیکلامی تێدایە، کە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کاریگەری پەیامەکە هەبێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ڕیکلامکەران چەندین تەکنیک بەکاردەهێنن، لەوانە گۆشەی کامێرا، ڕووناکی، و دیزاینە جیاوازەکان.

ث-پرۆسەی پێکهاتەکردن: لێرەدا دیمەن و وێنەکان هەڵدەبژێردرێن و کاریگەرییەکان دەناسێنرێن، کە تێیدا پەیامە ڕیکلامیەکە بەرجەستەدەبێت.

4- بەکارهێنانی ڕەنگ لە ڕیکلامدا: زۆربەی توێژینەوەکان پێیان وایە ڕیکلامکردن لە تەلەفزیۆن باشترە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە لە تەلەفزیۆندا بە بەکارهێنانی ڕەنگی گونجاو کراوە دەتوانرێت دەروونی بەکاربەر بۆ پەیامەکە ڕابکێشرێت و پەیامە ڕیکلامیەکەش باشتر بگەیەنێت.[3]

---

[1] مریم زعتر، الإعلان في التلفزيون الجزائري ، رسالة ماجستير غيرمنشورة،( جامعة منتوري- قسنطينة: كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم علوم الإعلام والاتصال،2018) ص68

[2] سعيده ابرادتشه، الاستمالات الاجتماعية في الإعلان المتلفز،رسالة ماجستير غير مشورة،( جامعة منتوري- قسنطينة: كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم علوم الإعلام والاتصال،2009) ص45

[3] ايمان بومعزة، فيروز بن شايطة، سەرچاوەی پێشوو، ص61-62

## حەوتەم / جۆرەکانی پەیامی ڕیکلامی

1- پەیامی ریکلامی سادە: ئەم جۆرە پەیامە بەشێوەیەکی سادە و ئاسان دادەڕێژرێت،هیچ زانیاریەکی ئەوتۆی تێدا نیە لەگەڵ مێشکی بینەرەکاندا نەیەتەوە،کە دەخوێنرێتەوە بەجۆرێکە ئاسانە کە ناوی بەرهەمەکە دەڵێت و ئاڕاستەی جەماوەرێکی دیاری کراوی دەکات.

2- پەیامی ڕیکلامی وەسفی: ئەم جۆرە پەیامە ڕیکلامیە، ئامانجی سەرەکی وەسف کردنی کاڵاو شمەکەکانە و تایبەتمەندیەکانیانە، ڕونکردنەوەی چونیەتی بەکار هێنانیەتی.[1]

3- پەیامی ڕیکلامی تەفسیری: ئەم جۆرە پەیامە ڕیکلامیە ژمارەیەکی زۆر زانیاری لەسەر شمەک و کاڵاکان پێشکەش دەکات و ئامانج و مەبەستی راکێشانی خوێنەر و بینەرە بۆلای خۆی لە ڕێگەی خوێنەوەی زیاتر وشیکردنەوەی زانیاریەکانی ناوپەیامە ڕیکلامیەکە.

4- پەیامی ریکلامی پشت بەستوو بە بڕوانامە: ئەم جۆرە پەیامە ڕیکلامیە، پشت دەبەستێت بە کەسایەتیەک، کە زانیاری بۆسەر شمەک وکاڵاکە زیاد دەکات، بە دەربڕینی دواین بۆچوونەکانی خۆی، لە چوارچێوەی پێگەی شوێنەکەی و پێگە کۆمەڵایەتیەکەی.[2]

5- ئەو دەنگەی لە دەقی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا هەیە: ئاماژەیە بۆ کوالیتی ئەو دەنگەی کە پەیامی ڕیکلامەکە دەخوێنێتەوە،جا ئەو دەنگە دەنگی پیاوێک بێت، ژنێک بێت، منداڵێک بێت، یان هەمووان پێکەوە بێت و دەنگەکەش هەر قاڵبی خۆی بێت، هونەر ئەوەیە کە تێکەڵکردنی سێ دەنگەکە زیاترە لە بەکارهێنانی دەنگی ژن یان دەنگی منداڵ بە تەنیایان دەنگی تاقانە پیاوێک، کە یارمەتیدەرە بۆ پێدانی تایبەتمەندی بەکارهێنانی خێزان بەو کاڵا یان خزمەتگوزارییەی ڕیکلامی بۆ دەکرێت.[3]

6- بەکارهێنانی کەسایەتییە بەناوبانگەکان لە ڕیکلامەکەدا: پەیامی ڕیکلامەکە بەندە بە تیشک خستنە سەر کاڵاکە و خزمەتگوزاریەکانی ئەگەر ئەو کەسایەتیەی کە ڕیکلامەکە دەکات کەسێکی ناسراوبێت و ناوبانگی هەبێت و بەرهەمەکە بەکاریهێنێت، ڕەنگە کاریگەری گەشتنی پەیامە ڕیکلامیەکە باشتربێت.

7- ئەو قاڵبە هونەریانەی کە لە ڕێگەیانەوە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکرێت لەوانە:

أ- قسەی ڕاستەوخۆ: ئەم شێوازە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕادیۆوە وەرگیراوە، بەو پێیەی سادەترین شێوەی پەیوەندی مرۆڤە.کە کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر قسە دەکات، بەڵام بە خێرایی لەگەڵ سروشتی تەلەفزیۆن گونجاندنی بۆکراوە، ئەمڕۆ بە شێوەیەکی باو بەکاردێت یەکێکە لە شێوازە بەناوبانگەکانی ڕیکلام بە پێدانی زانیاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ،دەست پێدەکات و وەلامی بۆ گرفت و داواکاریەکانی بەکاربەر پێیە.[4]

ب-دیالۆگ: پەیوەستە بە ئەنجامدانی دیالۆگ لە نێوان دوو کەس یان زیاتر سەبارەت بەو سوودانەی کە لە ئەنجامدا دەتوانرێت بە بەکارهێنانی کاڵاکە و توانای کاڵاکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەکاربەران، بۆنمونە وەک تاکێک دەردەکەوێت باسی بوونی کێشەیەکی دیاریکراو دەکات و تاکی

---

(1) إسماعيل محمد السيد، الإعلان، ( الإسكندرية: المكتب العربي الحديث، 1990) ص481-482

(2)عاشوري نسرين، امنة ميهوبي، استعمال الكوميديا في الإعلان التلفزيوني واثرها علي سلوك الطفل علي وجهة نظر ربات البيوت بالمسيلة، رسالة ماجستير غير منشورة،( جامعة محمد بوضياف-المسيلة: كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية،قسم علوم الاعلام ولاتصال، 2017) ص48

(3)مريم زعتر، سەرچاوەی پێشوو ، ص62

4 سعد سلمان المشهداني، الإعلان التلفزيوني وتأثيره على الجمهور،( عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع،2012) ص75

بەرامبەر چارەسەرێک پێشنیار دەکات، بە بەکارهێنانی کاڵاکە چونکە بە هەمان ئەزموونـدا تێپەڕیوە.[1]

ت-گۆرانی: شێوازی گۆرانی وتن و سەماکردن یەکێکە لە سەرنجراکێشترین شێوازەکانی ڕیکلام، کە تێیدا، کاڵاکە بە ووتنی گۆرانی لەلایەن هونەرمەندێکی ناسراو یان ئاوازێکی هونەری ناسراو بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی پەیامە ڕیکلامەیەکە بە بەکاربەر کە بە گۆرانی کاڵاکە و تایبەتمەندیەکانی ڕوون دەکاتەوە .[2]

8- شێوازەکانی پێشکەشکردنی ڕیکلام لە تەلەفزیۆن: چەندین شێوازی پێشکەشکردنی ڕیکلام لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە هەیەلەنێو ئەوانەی زۆرترین بەکارهێنراون بریتین لە:

**أ-** شێوازی فیلم: ڕیکلامی فیلم بەهۆی بەکارهێنانی توخمێکەوە پێی دەوترێت ڕیکلامی ئەنیمەیشن و وێنەی جوڵاو کە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆن دادەنرێت و ئەم ڕیکلامانە بە قالبێکی سەرنجراکێشن بۆ بەکاربەر و سەرنجی بۆ کاڵاکە ڕادەکێشن.

**ب-** سلاید: کۆمەڵێک ووێنەی تایبەتن کە لە چوار چێوەی ڕیکلامێکدا دانراون، کاتێک کە ڕیکلامکار پەیامە ڕیکلامیەکە دەخوێنێتەوە، سلایدەکان لەگەڵ خوێنەوەکە ڕێک دەخرێن، بۆنمونە باسی ئامێرێک دەکات، ووێنەکەی پیشان دەدات ، دواتر باسی نرخ دەکات لە ڕێگەی سلایدەکەوە نرخەکە دێتە سەر شاشە، پاشان باسی خزمەتگوزاری و چونیەتی بەکارهێنانەکانی، هەنگاو بە هەنگاو بە ووێنەکان ڕوون دەکاتەوە.[3]

ت-ڕۆڵە: ئەم جۆرەی ڕیکلامە پێکهاتووە لە دەقێکی نوسراو بە شێوەی جولاو لەسەرەوە لەگەڵ خوێنەوەی بابەتەکە لەلایەن ڕیکلامکارەکەوە نوسینکەش دێتە سەر شاشە، کەمتر لایەنی تەکنیکی تێدا بەکاردێت ، بەڵام دەبێت ڕوون بێت وەک ڕیکلام بۆ دامەزراندن یان تەندەری پرۆژەیەک

ث-ووێنەی جولاو: ئەم شێوازەی ڕیکلام پێک دێک لە پێکەوە گرێدانی ووێنە و دەنگ و کارتێکەرە دەنگیەکان، ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی هەستی بینین و بیستی بەکاربەر دەکرێت، تا پەیامە ڕیکلامەیەکەی بە باشترین شێوە پێ بگەیەنێت.[4]

---

[1]قحطان العبدلي،سمير العبدلي، الترويج والإعلان،( عمان: دار زهران، 2010) ص135

[2]حامد الشطري، الإعلان التلفزيوني ودوره في تكوين الصورة،(عمان: دار دار أسامة للنشر والتوزيع،2013) ص 156

[3]ايمان بومعزة، فيروز بن شايطة، سەرچاوەی پێشوو، ص64

[4]حامد الشطري، سەرچاوەی پێشوو، ص99

## هەشتەم: ئامانجەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

1. بەشـــێکی زۆرلـــەتوێژەران ئامانجـــەکانی ڕیکلامـــی تەلـــەفزیۆنی لەبەرامبـــەر جەماوەردەیبەستنەوەبەگۆڕانکاری لە مێشک و گۆرینی بیروبۆچوونەکانیان،بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ئامانجەکان تایبەت بە ڕیکلامی بازرگانی دابەش دەکەن بۆ چوار بەشەوە کە پێکهاتوون لە: زانیاری و هوشیاری، تێگەیشتن و وەلامدانەوە دوای وەرگرتن ناساندی بەرهەم و چۆنیەتی بەکارهێنانی، بە بەکارهێنەران و تایبەتمەندیەکانی بە ئامانجی بەدەستهێنانی سودێکی زۆر.
2. هاوبەشی دەکات لە زیاد کردنی خواست لەسەر بەرهەمەکان، ڕیکلام خواستەکان بۆ بەرهەمەکان زیاتر دەکات لە قورسایی خۆی، ڕۆڵێکی کاراش دەبینێت لە ساغ کردنەوەی بەرهەمەکان.[1]
3. ڕیکلام بەکاردەهێنرێت بۆزیادکردنی هۆشیاری براند و بەرکەوتنی لە بازاڕی ئامانجداردا، ئاگادارکردنەوەی کڕیار لە براندەکە، یەکەم هەنگاوە بە گەیشتن بە ئامانجە بازرگانیەکان.
4. ڕازیکردنی کڕیاران بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو ئامانجێکی دیارە لە ڕیکلامدا، ڕەنگە ئەرکەکان بریتیبن لە: کڕین و تاقیکردنەوەی ئەو بەرهەم و خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش دەکرێن، پێکهێنانی وێنەیەکی براند.[2]
5. ڕیکلام لە توانایدایە کێبەڕکێ دروست بکات لە نێوان بەرهەمە پێشکەش کراوەکاندا، وە دەتوانێت لە ڕێگەی شێوازە نوێیەکانەوە ڕیکلامەکە لەسەر ئاستی جیهان بڵاوبکاتەوە.
6. ڕیکلام دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەها بۆ کاڵاکان.
7. بیرهێنانەوەی کاڵاکان لای جەماوەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕیکلامەکان لای جەماوەر زیاتر بناسرێن.
8. ڕیکلام دەبێتە هۆی زیاتر ڕاکێشانی بەکاربەرەکان لە بازاڕە ئامانجدارەکان، ئەوەش لە ڕێگەی پێشکەش کردنی زانیاریەوەیە لەسەر بەرهەمەکان[3].

## نۆیەم/ ئەرکەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی:

بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی جگە لە ساغ کردنەوەی بەرهەم و خستە ڕوو و باسکردن لە تایبەتمەندیەکانی، چەند ئەرکێکی دیکەی هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. دروستکردنی هۆشیاری و کاریگەری کردن لەسەر زهنیەتی مروڤەکان لەکاتی پێشکەش کردنی پەیامە ڕیکلامیەکان.
2. کاریگەری کردن لە بۆچوونەکانی جەماوەر، ڕیکلام دەورێکی کاریگەر دەبینێت لەسەر بۆچوونەکانی جەماوەر بە بەکارهێنانی بنەما و ستراتیژیەکانی برواپێهێنان.

---

(1) Bhasin ,Hitesh(12-10-2021): Objectives of Advertising ,https://www.marketing91.com/objectives-of-advertising/2022-8-5 کاتی سەردان

(2) Pahwa ,Aashish (28-2-2022): What Is Advertising? Examples, Objectives, & Importance,، https://www.feedough.com/what-is-advertising-advertising-objectives-examples-importance/ ،-8-5 کاتی سەردان 2022سەعات 4ی ئێوارە

(3) جلالي فاطمة، تاثير الاشهار التلفزيوني في السلوك الاستهلاكي لدي الفتاة الجزائيرية، اطروحة الدكتورا غير منشورة،(جامعة ابوبكر بلقايد: كليه العلوم الاتصال، تخصص علم اجتماع الاتصال، 2016-2017) ص59

3. دروستکردنی وێنەی زیهنی لای جەماوەر، ئەوەش لە ڕێگەی پشت بەستن بە شارەزایی لە خستنەڕووی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە بەرهەم هێنانەوە تا بڵاوکردنەوەی.
4. ناساندنی دەزگا یان دامەزراوەکان بە جەماوەر و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان دەزگاو جەماوەردا[1]
5. ئەرکی خستنە بازاڕ: کارگەکان کار لەسەر خستنە بازاڕی بەرهەکانیان دەکەن، لێرەدا ڕیکلام ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینێت،کە کار لەسەر خستنە ڕووی ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکە بۆ جەماوەری مەبەستدار دەکات. زۆرجار جەماوەر لە ڕیکلامەکانەوە بەرهەمەکان دەناسێت، بۆ نموونە نرخ و شوێن و بەکارهێنانی دەخاتە ڕوو، لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی ڕیکلامەکەوە باوڕ بە بەکارهێنەرەکە دەهێنێت.
6. ئەرکی فێرکاری: یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕیکلام ئەوەیە کە جەماوەر ئاشنا دەکات بە بەرهەمەنوێیەکان، لە تایبەتمەندیان، نرخیان، چۆنیەتی بەدەست خستنیان، لەو ڕێگەیەوە فێری دەستبەرکردنی ژیانێک نوێ لەگەڵ بەرهەمە نوێیەکان دەبن.
7. ئەرکی ئابوری: زۆرجار دەوترێت ڕیکلام سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوریە لە بوارە جیاوازەکاندا،کە کاریگەری لەسەر تاکەکان لە ناوخۆودەرەوەش دادەنێت، لە ڕێگەی ئەو ڕیکلامانەوە بۆ بەرهەمەکان دەیانکات، کەشێکی بازرگانی دروست دەکات وە پشتگیری چالاکیە ئابوری و پیشەسازیەکان دەکات، کە دێنە ناو کۆمەڵگەوە، ئەمەش لە چوار چێوەی ئەو ڕوڵەی ڕیکلامدایە کە بە ئاسانی باوڕ بە کەسەکان دەکات.
8. ئەرکی کۆمەڵایەتی: کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان، لەسەر ڕیکلام وایکردووە هاوکاربێت لە بەدیهێنانی شێوازێکی نوێ لە ژیان،کە لەچوار چێوەی خستنە ڕووی هەمە جۆری بەرهەمەکانیدا، پێداویستیە کانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە بەردەوامی بخاتەڕوو،وە دەتوانێت گرفتەکانی کۆمەڵگە لە هەندێک کاتدا چارەسەر بکات، بە پێشخستنی ژیانی تاکەکان و ئاشناکردنیان بە شێوازێکی دیکە لەو ژیانەی کە هەیانە.
9. ئەرکی تەرفیهی: یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ڕیکلام ئەرکی تەرفیهیە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بینەر زیاتر بهێڵێتەوە،سەرنجی بۆ بەرهەمەکە ڕابکێشێت،باوڕ بە بەکارهێنەربهێنێت، ئاراستەی بکات بۆ ئەو شوێنەی کە بەرهەمەکەی لێ دەست دەکەوێت ئەمەش لە شێوازێکی کۆمیدی دایە کە زیاتر هونەرمەندە کومیدیەکان بەرجەستەی دەکەن[2].
10. باوڕپێهێنان: بەهۆی ئەو کاریگەریە بەهێزەی ڕیکلام هەیەتی ناکرێت، ئەو توانا بەهێزەی لە کاریگەری دانان لەڕێگەی ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکەوە لەیادبکرێت کە دەتوانێت، کاریگەری لەسەر بۆچون و ڕەفتاری کەسەکان دروست بکات.

---

(1) فريدة اوملحة، نوال فارس، تاثير الاشهار علي سلوك الافراد في المجتمع الجزائري، رسالة ماجيستر غير منشورة،(جامعة الجيلاني بونغامة- بخميس مليانة: كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم، علوم الانسانية، 2016) ص42

(2) سعيد سليمان المشهداني، الاعلان التلفزيوني و تائثيرة في الجمهور، (عمان: دار اسما للنشر والتوزيع، 2011) ص48

11. بیرخستنەوە: لە ڕێگەی خستنەڕووی ڕیکلامەکان و بەبەردەوامی بیرخستنەوەی ڕیکلامەکان بۆ جەماوەر لە ڕێگەی ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکانەوە دەتوانرێت کاریگەری زیاتر لەسەر جەماوەر دروست بکات [1].

## دەیەم: بنەما ئاکاریەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

ئاکار: کۆمەڵێک بنەمای ئاکارین، یاسایەکی نەنوسراوە، لە زۆر حاڵەتدا کاردەکات بۆڕێنمایکردنی ڕەفتاری تاک، بەڵام دەکرێت زیاتربێت لەمە.[2]

ڕیکلام وەک هەرزانست و هونەر و پیشەیەکی دیکە پشت بە چەندین بنەما و ڕێسای تایبەت بە خوی دەبەستێت، پێویستە کۆمپانیا بازرگانی و دامەزراوەکان و ئاژانسەکانی ڕیکلام لەکاتی بەرهەمهێنانی پەیامە ڕیکلامیەکان لەسەر بابەتە ریکلام بۆکراوەکان لەبەرچاوی بگرن.

1. زانیاری ڕاست و دروست: پێویستە ڕیکلام لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر باشی و کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان، زانیاری ڕاست و دروست لەسەر جۆر و کوالیتی شمەکان بخاتە ڕوو،نابێت ڕیکلام هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی بینەر و جەماوەربدات.[3]
2. پێویستە نوسەری ڕیکلامەکە بەڕوونی بنوسێت، ڕێگەنەدات وەک بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقی، ناڕوونی و بەلاڕێدابردنی، بەکارهێنەر بکاتە ئامانجی خۆی، چونکە ڕیکلامە ڕوونەکان، زیاتر ئامانج دەپێکن.
3. بەشێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، بەکارهێنەران گرنگی زیاتر بەو پەیامە ڕیکلامیانە دەدەن کە بنەمای ڕاستگۆییان لەبەرچاوگرتووە[4]
4. پێویستە ڕیکلام بۆ ئەو بابەتانە بکرێت کە جێگەی بایەخی جەماوەرن، بە ڕەچاوکردنی لایەنە یاسایی و ئیتیکی پیشەیی ڕیکلامکردندا، هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی جەماوەرو، لەکەدارنەکردنی کەس و لایەنەکان و پاراستنی ڕەوشی ئاسایش و بانگەشە نەکردن بۆ جیاوازی ڕەگەزی و تایفەگەری و توندوتیژی و تیرۆر، پێویستە کۆمپانیا و ئاژانس و نوسینگەکانی ڕیکلامکردن بەمەبەستی پێدانی زانیاری ڕاست و وورد بە جەماوەر و ڕەچاوکردنی لایەنی سایکۆلۆجی جەماوەر و بەدیهێنانی پیداویستی و حەزو ئارەزووەکانیان و پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاو زانیارو، ڕاپرسی و توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن و هەوڵی زانینی فیدباکی جەماوەربدەن.
5. پێویستە ڕیکلام بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرێت، پەیامی ڕیکلامی، تەنها وویست و خواستێکی بێسنور نیە، ڕیکلامکار چۆن بیەوێت درێژەی پێبدات تەنها لەبەرامبەر ئەوەی خۆی دەیەوێت، بەدەستی بخات پێویستە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی لەبەر چاوبگرێت.

---

(1) شدوان علي شيبة، الاعلان المدخل والنظرية، (الاسكندرية: دار المعريفة الجامعة،2005) ص28-29

(2) بغداد بن ديدة، اخلاقيات ممارسة الاعلامي الفضائي الخاص في الجزائر، رسالة دكتورا غير منشورة، ( جامعةعبدالحميد بن باديس مستغانم: كلية علوم الاجتماعية والإنسانية، قسم علم الاجتماع و الاتصال،2018) ص20

(3)مزروق عبدالحكيم العادلي، الاعلانات الصحفية دراسة في الاستخدامات ولاشباعات، (القاهرة: دار الفجر للنشر وللتوزيع، 2004)، ص190

(4) Del Gigante ,Michael (12-4-2011): Eight Principles Of Advertising Ethics، www.mdgadvertising.com , -8-13 کاتی سەردان کردن 2022) سەعات 5 ئێوارە

6. پێویستە ڕیکلام کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێت، پێویستە هەموو پەیامێکی ڕیکلامی ڕێز لە مرۆڤ بگرێت، ڕێگەی پێبدات بە بەرپرسیاریەتی و سەربەستانە کاڵاکان هەڵبژێرێت، بەنموونە بەشێک لە ڕیکلامەکان ئاڕاستەی منداڵان دەکرێن، وا لەدایک و باوکیان دەکرێت کە ناچاربن ئەو کاڵایە بۆ منداڵەکانیان بکڕن، یاخود بەکارهێنانی مرۆڤ لە ڕیکلامەکاندا وەک کاڵایەکی ڕیکلام بۆکراو.(1)
7. پێویستە لە ڕیکلامدا بەهیچ شێوەیەک وێنەی هیچ کەس و لایەنێک بە بێ پرس و ئاکاداری خۆی بڵاو نەکرێتەوە.
8. نابێت ڕیکلام کۆمەڵێک دەستەواژە بگرێتەوە کە دژی کێبڕکێی کارەکان بێت، یان بەرهەمێک یان خزمەتگوزاری بەرهەمێکی دیاری کراو.(2)
9. پێویستە ڕاستیەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکەو زانیارییە ڕاستەکان بخاتەڕوو بەبێ شێواندیان، پێویستە ئەولایەنە دژانەش کە هەن، لە چوار چێوەی پەیامەکەدا ئاماژەیان پێبکرێت.

## یانزە: ڕەگەزەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی(3)

بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دابەشدەکرێن بەسەر ئەم چەند ڕەگەزەی خوارەوەدا کە توێژەران دەیان خەنە ڕوو:

1- ڕەگەزە دیارەکان: لێرەدا ڕیکلام کار هەڵدەسێت بە بەکارهێنانی ژمارەیەک لایەنی جیاواز لە ڕەنگ و دەنگ و کارتێکەرە جیاوازەکان، بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن بۆگەیاندنی ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیە تەلەفزیۆنیەکە، وەتایبەتمەندی شمەک و کاڵاکان دەخاتە ڕوو، بە بەکارهێنانی دیکۆری جیاواز وهەموو کەرەستە جوانکاریەکان.

2- دەنگ: دەنگ یەکێک لە ڕەگەزە، گرنگەکانە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا، کە سێ جۆرە(دەنگی مرۆڤ، موسیقا، کارتێکەرە دەنگیەکان)، بەکارهێنانی دەنگ لە تەلەفزیۆندا بەشێوازێکی جیاوازترە لەڕادیۆ، کە دەنگەکان بەم جۆرە بەکاردەهێنرێن:

1. دەنگی مرۆڤ: دەکرێت دەنگی مرۆڤ بە شێوازێکی ڕاستەوخۆبێت، کە لەگەڵ جەماوەرگفتوگۆبکات، یان بەجۆرێک بێت و خۆی دەرنەکەوێت و بە دەنگەکەی گوزارشت لە بابەتەڕیکلام بۆ کراوەکان بکات.
2. دەنگی موسیقا: دەنگی موسیقا بە شێوەی جیاجیا بەکاردەهێنرێت، لە ڕیکلامەکاندا، کاریگەری گەورەی هەیە چ لەگەیاندنی ئەو پەیامەی کە بۆ بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکە کراوە، یان دروستکردنی کاریگەری بۆ ڕاکێشانی جەماوەر بۆپەیامەکە،یان هەندێک لەو کەسانەی کە موسیقا بەکار دەهێنن دەچن خۆیان موسیقای تایبەت بە خویان بەکار دەهێنن.
3. کارتێکەرەدەنگیەکان: ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەدروستکردنی کاریگەری لەسەر هەست و ناخی کەسەکان، کە ژمارەیان زۆرە و بەجۆرەها شێوەبەکاردەهێنرێن بۆ نموونە لە دروستکردنی هەستێکی خوش یان ناخۆش.

---

(1) Folem John P, Pontifical(22-2-1997): council for docial communication ethics in adverting , https://www.vatican.va/,.2022-8-2 ،کاتی سەردانکردن 5PM

(2) حسين نيازي الصيفي، اخلاقيات الإعلان في الفضائيات العربية، (مصر: دار الفجر للنشر والتوزيع،2011) ص 118

(3) عزالدين بقدوري، اخلاقيات العمل الصحفي في الموسسات الاعلامية الجزائرية، اطروحة دكتورا، غيرمنشورة،( جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم: كلية علوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم والاتصال، 2016) ص87

دەتوانین پێکهاتەی هەموو پەیامێکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بەم جۆرە دابەش بکەین:

1. ناونیشانەکان: ناونیشان لەم جۆرە ڕیکلامەدا بەکارناهێنرێت، لەبەر ئەوەی پێویستە پەیامە ڕیکلامیەکە توانای ئەوەی هەبێت کاریگەری لەسەر ئاڕاستەی بینەرەکان دروست بکات، بە بەکارهێنانی کارتێکەرە دەنگیەکان بتوانێت بینەرەکانیش بەلای خویدا ڕابکێشێت.[1]
2. پەیامی سەرەتایی: ئەم جۆرە ڕیکلامە بەشیوەیەکی ئاسان کار بودانانی کاریگەری و ڕاکێشانی بەکارهێنەران دەدات، بە ڕەچاوکردنی بابەت و بیرۆکەکان بۆ ڕاکێشانی هەستی بینەرەکان، ئەمەش لە ڕێگەی گرنگی دان بە گونجانی دەنگ و وێنەکان لەگەڵ یەکتری، کە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی نەگونجاوە وەک یەک نەبن.
3. پەیامی سەرەکی: تەرکیز دەکاتەوە لەسەر بیرۆکە ڕیکلامیەکە، و گرنگرتین خاڵی فرۆشتن لە پەیامە ڕیکلامیەکەدا.
4. پەیامی کۆتایی: پەیامی کوتایی، هانی بەکارهێنەردەدات بە بەرزکردنەوەی ڕیژەی بەکارهێنانی کالاکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ.[2]

## دوانزە: تایبەتمەندیەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

1. داهێنان وکاریگەری: بەهۆی تێکەڵکردنی دەنگ و وێنە و ڕەنگ بەشیوەیەکی ڕێکخراو هاوکات، نمایشکردنی بەرهەم وکالاکان بە شێوەی درامی، یارمەتی دەدەرن بۆدانانی کاریگەری ڕیکلامی تەلەفزیونی لەسەر بینەر، بە بەکار هێنانی شیوازە جۆراو جۆرەکانی ڕیکلام وەک بازرگانی یان تەرفیهی و جۆرەکانی تر، وادەکات بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بەرهەمەکان بخاتەڕوو.
2. خستنەڕووی ڕاستیەکان بە شێوەیەکی کاریگەر: ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دەتوانێت بگات بە ژمارەیەکی فراوان لە بینەران بە بێگوێدانە ( تەمەن، ڕەگەز ئاستی ڕۆشنبیری، داهات، کەلتور، ئاست، مارکێت و نرخی شتومەکەکە)، والەبینەران دەکات بە بابەتەکەدا بچنەوە، تا دەگاتە ئەوەی وای لێدەکات چۆن و لەکام مارکێت بگات بە بەرهەمەکە.
3. سەرنج ڕاکێشان: ڕیکلامی تەلەفزیۆنی توانایەکی گەورەی هەیە لە سەرنجراکێشان بۆ ئەو بیرو ڕایانەی کە نمایشیان دەکات بۆ بینەران، لەگەڵ هەڵبژاردنی باشترین شوێنی ناو بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە ڕیکلامیەکە و وەتوانای هەیە باشترین کات هەڵبژێرێت لەو کەناڵەی کە دەیەوێت لێیەوە بگات بە بینەران وکاریگەریەکی ئەرێنیان لەسەردابنێت.[3]
4. لێهاتویی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی: وێستگە تەلەفزیونیەکان زۆرجار لەگەڵ خستنەڕووی پەیامە ڕیکلامیەکان چ بە شێوەی جوڵەیی بێت یان هونەر بەرپرسیاریەتی، دەگرنە ئەستۆ لەهەردوو بارە پیشەسازیەکە و زانستیەکەدا.
5. ڕیکلام لە یەک کاتدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکاندا و لەگەڵ هەستەکانیاندا گفتوگۆدەکات، بەگرتنەبەری شێوازە نوێیە زانستیەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی باشترین پرۆگرامی تەلەفزیۆن.

---

(1) عاشوري نسرين، ميهوبي آمنة، سەرچاوەی پێشوو، ص47

(2) إسماعيل محمد السيد، سەرچاوەی پێشوو، ص481–482

(3) Non writer(2012) Advantages of television advertisng( ,https://tec-direct.com/7-advantages-of-television-advertising/, کاتی سەردان11-9-2022،سەعات 8ی ئێوارە

6. ڕیکلامی تەلەفزیۆنی توانای هەیە کە بگاتە زۆرینەی بینەران بە تێچوونێکی کەم بەراورد بەڕیکلامێکی تاکەکەسی، وەدەتوانێ ژمارەی بینەرەکانی ڕیکلامەکەش بەرز بکاتەوە بە پێی کات و خەرجکردنی بوارە مادیەکان بۆ بەرهەمهێنانی پەیامە ریکلامیەکان.[1]
7. ڕیکلام توانای هەیە بەزۆرترین ژمارە لە بینەران بگات و ئەمەش تێچوونی ڕیکلام لەسەر تاکەس کەم دەکاتەوە.
8. لەوکاتەوەی تەلەفزیۆن بووەتە هاوڕێیەکی نزیک و ناو ماڵەوەی هەموان، هۆکارێکی بەناوبانگ و گرنگ بووە، بۆ بڵاو کردنەوەی پەیامە ڕیکلامیەکان بە شێوەی گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەراندا.[2]
9. پێویستە تێکەڵکردنی لایەنی هونەری و تەرفیهی لە ڕیکلامەکاندا لەبیر نەکرێت چونکە، ئەوە هۆکارێکە وات لێدەکات کە ڕیکلامەکە لەیاد نەکەیت.
10. پێویستە چیرۆکی سادەو گەشبین لە ڕیکلامەکاندا بخرێتە ڕوو، تابینەر لەیەکیان بداتەوە و پەیوەندی بە ڕیکلامکارەوە بکات.[3]

## سیانزە: گرنگی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

1. پێدانی زانیاری: لەڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاریەکانەوە، یارمەتی بەکارهێنەردەدات کە چۆن بەدەم کاڵا و بەرهەمەکانەوە بێت و بەشداری بکات لە بەکارهێنانیاندا، بەهۆی زۆری بڵاوبوونەوەیەوە، ڕێژەی بەکارهێنەرەکانی بەرهەمە ڕیکلام بۆ کراوەکە  زیاد دەکات.
2. تێرکردنی حەزەکان: ڕیکلام دەتوانێت لە ڕێگەی خوێنەوەی حەزو ئارەزوورەکانی بەکارهێنەر، بەنمایشکردنی بەرهەمە ڕیکلام بۆ کراوەکان و نرخەکانیان و زانینی ڕادەی بەکارهێنانیان و خستنەڕووی تایبەتمەندی و چۆنیەتی  بەکارهێنانیان حەزو ئارەزوەکانی بەکارهێنەر پڕبکاتەوە.[4]
3. خستەڕووی گرنگی بەکارهێنانی کاڵاکان: تەلەفزیۆن بە بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو دەورێکی گەورە دەگێڕێت، لەڕوونکردنەوەلایەنە جیاوازەکانی کاڵاکە، لە ماوەی خستنە ڕووی ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکە دەتوانێت ڕۆڵێکی باش بگێڕێت لە خستنە ڕووی هەمولایەنەکانی کاڵاکە.[5]
4. دروستکردنی کێبەرکێ لەنێوان مارکەکان: ڕیکلام لەماوەی خستنەڕویی پەیامە ڕیکلامیەکەدا تایبەتمەندیەکانی کاڵاکە، بەراورد بە کاڵاکانی دیکە دەخاتەڕوو، وا لە بەکارهێنەردەکات ئاشنای کاڵاکە ببێت، لە چوارچێوەی کاڵاکانی دیکەی مارکەکاندا، ئەم جۆرە ڕیکلامە لەنێوان کاڵاکە و خزمەتگوزاریەکانیدا دەکرێت، یان لەنێوان دووکاڵای هاوشێوەی یەکدا.[6]

(1) قحطان بدر العبدلي، سمير عبدالرزاق، الدعاية و الاعلان،( عمان، مكتبة بغدادي للطباعة والنشر،عمان) ص67-68
(2) سفيان تقية، سەرچاوەی پێشوو، لا27-28
(3) Marcucci(22-8-2012):Five characteristics of winning TV ads, https://www.rbr.com/five-characteristics-of-winning-tv-ads/ 5:30 PM2022-5-12 کاتی سەردان
(4) محمد فريد الصحن، سەرچاوەی پێشوو، ص79
(5) لبدازي بشري، بوترعة نسيمة، اخلاقيات الاعلان التلفزيوني من وجهة نظر طلبة ماسترعلوم الاعلام والاتصال، رسالة ماجستر غير منشورة، ( جامعة 8 ماي 1945 قالمة: كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية،قسم علوم الاعلام و الاتصال و علم المكتبات، 2017-2018) ص37
(6) منى سعيد، سلوي امام عقلي، سەرچاوەی پێشوو، ص223

**چواردە: بنەما دەروونییەکان لە پێکهێنانی ڕیکلامدا:**

دەروونناسی ڕیکلام واتە لێکۆڵینەوە لە تەکنیکەکانی ڕیکلام و کاریگەری لە ڕەفتاری بەکاربەر هەیە لە دەستنیشانکردنی هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ ئەنجامدانی کڕین، جێبەجێکردنی بنەما و ڕێساکانی دەروونناسی لە ڕیکلامدا کارامەیی و هونەرێکە کە پێویستی بە هەبوونی زانیاری دیکە هەیە لە بوارەکانی زانستی بەڕێوەبردن و زانستە ڕەفتارییەکان و زانستە مرۆییەکان و سوودوەرگرتن لە ڕوانگە و هەڵوێستی ئەو زانستانە لە بابەتی پەیوەندیکردندا. بە یارمەتی دەروونناسی ڕیکلام و لێکۆڵینەوە لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی بینەر، دەتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر پێشبینی شێوازی ڕەفتاری مرۆڤەکان و شێوازی دەروونییان بکرێت کە دەبێتە هۆی بڕیاردانی کڕین.

جەوهەری ڕیکلام لە ژێر بەربەستی هەستەکان و پاڵنەرە دەرونیەکان، بۆ یەکەمجار لەلایەن پسپۆڕێکی ڕیکلامەوە بە ناوی "جەیمس ڤیکاری" بەکارهێنرا، کە یەکێک بوو لە خاوەن سینەماکان لە ئەمریکا. لە کاتی نمایشکردنی فیلمی سپارتاکۆسدا، دەستەواژەی "پۆپکۆرن بخۆ و کۆک بخۆرەوە" بە خێرایی یەک لە سێ هەزاری چرکەدا فڕێدایە سەر شاشەکە، بەبێ ئەوەی بینەران ئاگاداری پێشوەختە بن. لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکەدا بینەران هەستیان بە خواستێکی گەورە بۆ پۆپکۆرن و خواردنەوە گازییەکانی کۆکاکۆلا کرد و دوای نمایشکردنی ڕیکلامەکە، جەیمس ڤیکاری بانگەشەی ئەوەی کرد کە فرۆشتنی خواردنەوە گازییەکان و پۆپکۆرن لە سینەمادا زیادی کردووە.[1]

**ژمارەیەک بنەمای دەرنوونی هەن کە کاریگەریان لە سەر پەیامە ڕیکلامیەکان هەیە لەسەر بەکار بەر کە پێکهاتوون لەمانەی خوارەوە:**

1- لایەنە دەروونییە لەبارەکان: ئەم لایەنانە بەشدارن لە بەدەستهێنانی بانگەشەیەکی یەکگرتوو و ئاسوودە بۆ بینەر، کە ئەمەش وا لە ڕیکلامکەر دەکات بگاتە ئامانجەکەی ئەمانیش چەند جۆرێکن:

أ- پاڵنەرە دەرونییەکان: گرنگترینیان بریتین لە پاڵنەری خۆشەویستی بۆ حەقیقەت کە لە ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، مرۆڤ ئارەزووی زانینی حەقیقەت دەکات بە هەر نرخێک بێت،ئەم حەزە ئەگەر لە ڕیکلامەکاندا هەبێت کاریگەری پەیامە ڕیکلامیەکان لەسەر بەکاربەر زیاد دەکات

ب-پاڵنەری مەعریفە: سروشتی مرۆڤ وایە دەیەوێت ئەو شتانە بزانێت کە لە دەوروبەری دەگوزەرێت و هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری ڕوودەدەن لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەرییەوە بڵاودەکرێتەوە یان پەخش دەکرێت و بەم شێوەیە ڕێکلامکەر دەبێت بەدواداچوون بکات زانیاری وورد بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بینەر و بەرکاربەر ڕازی بکات .[2]

2- پاڵنەرە ماددیەکان: لە داواکاری و هەڵبژاردنی پێداویستییەکان نوێنەرایەتی دەکرێت، کە سروشتی مرۆڤایەتییە کە بانگهێشتی دەکات[3]

---

[1]علیرضا میرزایي، اصول و تکنیک های روانشناسی در تبلیغات چیست،https://tavanaedu.com/ ،فروردین 18, 1401، بەرواری سەیرکردن 2023-5-30

[2]بوسلاح حسان ، أثر الفواصل الإشهارية التلفزيونية على عملية التلقي،رسالة ماجستر غير منشورة،(جامعة عبد الحميد باديس- مستغانم-كلية العلوم الاجتماعية،قسم علوم الاجتماع والاتصال،2012-2013) ص 36

[3]عنابي بن عيسي، سلوك المستهلك،( الجزائر: ديوان المطبوعات الجامعة بن عنكنون الجوائر،2003) ص65

1- پاڵنەری خاوەنداریێتی: لە کاتێکدا ڕاستە هەندێک جار لەبازاڕدا ڕیکلامکارەکان دەتوانێت یاری بە ئارەزوو و سۆزەکانی خەڵک بکات لە پێناو ئامانجەکانی خۆیاندا، بەڵام گرنگە ڕیکلامکاران بە شێوەیەکی ئاکاری و بەرپرسیارانە مامەڵەبکەن، چونکە، لە کۆتاییدا بەکارهێنەران دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە خۆیان هەڵبژاردەی خۆیان بکەن و بڕیار بدەن کە دەیانەوێت چی بکڕن.

2- پاڵنەرەکەی بانگەشە: ڕیکلامکارەکان ڕەنگە هەندێک لە بەکارهێنەران بۆ ئەو بەرهەمانە ڕابکێشرێن کە پەیوەندییان بە باشترینەوە هەیە یان لەلایەن کەسانی ناسراوەوە بەکاردەهێنرێن. بەڵام گرنگە ڕێکلامکەران ڕاستگۆ و شەفاف بن لە بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان. نابێت بانگەشەی درۆ بکەن یان بەرهەمەکانیان بە چەواشەکاری پیشان بدەن بۆ ئەوەی سەرنجی خواستی بەکاربەران ڕابکێشن. لە کۆتاییدا بەکارهێنەران دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە بڕیار لەسەر بەرهەم و کاڵاکان بدەن.

3- پاڵنەری ئابوری: ڕاستە زۆرێک لە بەکارهێنەران بەهۆی خواستی پاشەکەوتکردنی پارە چاویان لەوەیە کە ،ڕیکلامکەران لە ڕێگەی ڕیکلامەکانیانەوە، یارمەتی کڕیاران بدەن لە پێشکەش کردنی داشکاندنە جیاوازەکان لە بەرهەمەکانیان و ڕاستگۆیی بکەن پێوەرێک بۆڕاکێشانی سەرنجیان.

4- لایەنە دەروونیە دژ بەیەکەکان: ئەم لایەنانەش دەکرێن بەچەند جۆرێکەوە کە ئەمانەن:

أ- گومانە دەروونیەکان: پێویستە ڕیکلامکارەکان دووربکەنەوە لە زیادەڕۆیکردن لە ڕیکلامەکاندا تا بەکاربەر پێشوازی لە پەیامەکانیان بکات، چونکە چەندین گومانی دەروونی هەن کە مرۆڤ لەکاتی بەکارهێنانی کاڵاکان لە بیر و هزریدا دروست دەبن

ب- ناوبانگ پێویستە ڕیکلامەکان بە ئامانجیان بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بەکاربەرەکانبن تا بتوانن بگەنە ژمارەیەکی زۆر لە بەکاربەران، ڕیکالامەکانیان لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە زیاتر جێگەی قایلکردنی بەکاربەرەکانبن.[1]

---

[1]بوسلاح حسان، سەرچاوەی پێشوو، ص37

# بەشی سێهەم:
# ڕاستگۆیی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و گۆڕینی ئاڕاستەکان

## پاری یەکەم: ڕاستگۆیی لە ڕیکلامدا

- یەکەم: پێناسەی راستگۆیی
- دووەم:گرنگی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامدا
- سێهەم: بنەما ئاکاریەکانی ڕیکلامی بازرگانی
- چوارەم: گرنگی متمانە لە ڕیکلامدا
- پێنجەم: هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕاستگۆیی

## پاری دووەم: چەمک و پێناسەی ئاڕاستەکان

- یەکەم: پێناسەی ئاڕاستە
- دووەم: ئەرک و ڕۆڵەکانی تەلەفزیۆن بەرامبەر بە بەکاربەر
- سێهەم:چۆنیەتی گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەران
- چوارەم:گرنگی ئاڕاستە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا
- پێنجەم:پێکهێنەرەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا
- شەشەم: ئەرکەکانی ئاڕاستەلە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا
- حەوتەم: جۆرەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامدا
- هەشتەم: پێکهێنەرەکانی ئاڕاستە
- نۆیەم : قۆناغەکانی دروست بوونی ئاڕاستە
- دەیەم: ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لە گۆڕینی ئاڕاستەدا هەیە
- یانزە: ڕێگاکانی گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەر لە ڕیکلامدا
- ڕێگاکانی دروستکردنی کاریگەری ڕەفتاری کرین لە ڕێگەی ڕیکلامەوە

# بەشی سێهەم:
# ڕاستگۆیی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەران
## پاری یەکەم:
## ڕاستگۆیی لە ڕیکلامدا
### یەکەم: پێناسەی ڕاستگۆیی

بەگشتی لە ڕابردوودا فرۆشیارەکان دوو شێوازیان ڕێبازی گشتییان هەبووە بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان، لە ڕێبازی یەکەمدا ڕاستگۆیی لەسەر بنەمای کارەکانیان و ڕاستگۆیی لە بانگەشەکردنی بەرهەمەکانیاندا بەکاردەهێنا. بەڵام لە ڕێبازی دووەمدا زانیاری ناڕاست دراوە بە جەماوەر، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر دەرەوە نەبێت، بەڵام لە ناوەوە زیان بە بازرگانی و ناوبانگی کەسەکە دەگەیەنێت. ئێستاش ئەم یاسایە لە شوێنی خۆیدایە، فۆرم و ڕێبازی ڕیکلامەکانمان بە گشتی گۆڕاوە و سیستەمی فرۆشتنیش بە گشتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە ڕابردوودا ڕووبەڕوو لەگەڵ کڕیارەکان پەیوەندی دەکرا، بەپێی کەسایەتی و تایبەتمەندییە دەروونییەکانی کەسەکە پەیوەندیمان لەگەڵ هەر کەسێکدا دەکرد و ڕاستگۆییمان هەڵدەبژارد یان پێچەوانەکەی یان وەک هەندێک لە فرۆشیارەکان دەڵێن هەموو شتێک. بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆت لەگەڵ کڕیارەکەتدا نەماوە و لەلایەکی دیکەشەوە کڕیار دەستی بە زانیاری بێکۆتایی و هەڵبژاردنی بێکۆتایی بەرهەمە هاوشێوەکان دەگات. لە ئەنجامدا باشترین ستراتیژت بە دڵنیاییەوە ڕاستگۆییە لە فرۆشتندا، چونکە بەم شێوەیە دەتوانیت کاریگەری لەسەر دڵی کڕیار دروست بکەیت و ئەگەر نرخەکەت کەمێک بەرز یان نزم بێت یان هەندێکجار کوالیتی بەرهەمەکەت کەمێک جیاواز بێت. بە دڵنیاییەوە پشتگوێ دەخات و فرۆشتنەکانت دەگۆڕدرێن. بۆ ئەوەی لە کاریگەری ڕاستگۆیی لە ڕیکلام و کاریگەرییەکانی لەسەر کارەکەت تێبگەین، پێویستە لە ڕاستگۆیی ووردبینەوە، فاکتەر و پێکهێنەر و ڕەگەز و ڕێگاکانی پەرەپێدانی بخەینە ڕوو، ڕاستگۆیی وەک چەمک و پێناسە بناسێنین.

لێرەوە دەگەینە ئەو پرسیارەی ئایا ڕاستگۆیی لە پەرەپێدانی بازرگانیدا پێویستە؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامەکەی بەڵێ یە، کاتێک خۆت دەخەیتە جێگەی کڕیارێکەوە کە تۆ ڕیکلامکار یان بەرهەمهێنەریت، یەکەم پرسیار کە هەمیشە لە خۆت دەکەیت ئەوەیە کە ئایا فرۆشیارەکە ڕاستگۆیە لەگەڵم؟ ئایا ئەم ماڵپەڕە لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی هەموو زانیاری و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی ناساندووە؟ کاتێک یەکەم هەنگاوت بۆ کڕینی بەرهەمێک ڕاستگۆیی لایەنی بەرامبەرە، لە ئەنجامدا هەبوونی ڕاستگۆیی لە پەرەپێدانی بەرهەمەکاندا .

ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا، کلیلی پەیوەندییەکی سەرکەوتووە لەگەڵ کڕیارەکان. ئەگەر لە کارەکەتدا لەگەڵ کڕیارەکانت ڕاستگۆ نەبیت و هەوڵبدەیت زانیاری هەڵەببەخشیتەوە، زۆر بە خێرایی کارەکەت لەدەست دەدەیت و ناوبانگت لەناو دەچێت. ئەگەر بەڵێنێک بە کڕیارێک بدەیت و جێبەجێی نەکەیت، ڕیکلامەکانت زیادەڕەوی بکەیت، یان بە هەر شێوازێکی ترڕاستگۆ نەبیت لەگەڵ کڕیارەکانت ،

هەمـوو کڕیارەکانـت لەدەسـت دەدەیـت. لە دونیـای ئەمـڕۆدا زۆر بە خێرایـی بڵاودەبێـتەوە لەگەڵ فراوانبوونی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و ناوبانگی نەرێنی بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانت بلاو دەبێتەوە.[1]

هەربۆیە ڕاستگۆیی لە پەیامەکان و ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان ئەرکێکی گرنگە، بەجۆرێک، هەندێک جار ڕاستگۆیی هێندە کاریگەرە کە پەیوەندی نێوان بە کارهێنەران بەسـەرچاوەی بەرهەمەکەوە بە لینکێک دەبەستێتەوە، یان خزمەتگوزاریە باوڕپێکراوەکانی، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی متمانە بە بەکارهێنانی ئەو نیشانە یان براندە بازرگانیە کە ڕیکلامی بۆ کراوە و گەشتنی پەیامەکە بە ڕوونی بە بەکاربەران.[(2)]

چـەمکی ڕاسـتگۆیی لە ڕیکلامـی تەلەفزیۆنیـدا بەو شـێوەیە پێناسـە دەکرێـت کە، لەبەرچـاوگرتنی ڕاسـتگۆیی و ڕوونـیە و لە هەمـوو لایەنەکـانی ئەو پەیـامە ڕیکـلامەی کە لە تەلەفزیۆنـدا پێشـکەش دەکرێـت،بە جۆرێـک داواکـاری سـوود و تایبەتمەنـدییەکانی ئەو بەرهەم یـان خزمەتگـوزارییەی کە ڕیکلامی بۆ دەکرێت ڕاستگۆیانەبێت و سەرنجی بەکاربەران ڕابکێشێت .[(3)]

## دووەم: گرنگی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامدا[4]

لێـرەدا ئەو هۆکـارانەدەخەینە ڕووکە گرنگـی ڕاسـتگۆیی لە ڕیکلامـدا نیشـان دەدەن و ڕاسـتگۆیی لە پەیامەکاندا بۆ بەرکاربەرەکان دەسەلمێنن

1. **ناپـاکی لە ڕیکلامـدا بەرهەمـی پـێچەوانەیە:** هەزاران برانـد ڕۆژانە هەوڵـدەدەن بە ڕیکـلامە جیاوازەکـان سـەرنجی خەڵـک ڕابکێشـن، هەوڵ دەدەن بە پێـدانی بەڵێنـی سـەرنجڕاکێش و چەواشەکارانە خەڵکێکی زیاتر بۆ خۆیان ڕابکێشن. بەڵام زانیاری ناڕاست و بەبازاڕکردن بە شێوازی چەواشەکارانە دەتوانێت کاریگەری پێچەوانەی هەبێت و زیان بە براندەکە بگەیەنێت. لە ڕێگەی ئینتەرنێت و بە تایبەتی لە ڕێگەی سۆشیال میدیا، ئەمڕۆ بەکارهێنەران لە هەموو کاتێک زیـاتر دەرفەتـی دەربڕینـی نـاڕەزایی و تـوڕەیی خۆیـان لە بەرامبەر بەرهەمە کوالیتی نزمەکان یان زانیاری ناڕاستی براندێک هەیە. وە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئەم گلەییانەی زۆر بەخێرایـی بڵاودەبـنەوە و دەگەنە گـوێی هەمـوو کڕیـارانی ئەو برانـدە. لە ئەنجامـدا ناوبـانگی براندەکە لە مەودایەکی کورتدا لەدەست دەچێت و هەموو کڕیارەکانی لەدەست دەدات.
2. **متمانە بە کڕیاران دەبەخشێت:** متمانەی براند – لەگەڵ هۆشیاری براند – هەمیشە وەک یەکێک لە گرنگتـرین ئامانجەکـانی سـتراتیژییەکانی بـازاڕکردن بـاس دەکـرێن. ئەم متمـانەیە تەنیـا لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستگۆیانە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. ئەمە بەواتای ئەوەیە کە براندەکان لە هەموو ڕیکلامەکانیاندا پەیڕەوی لێبکەن. بەزۆری هەڵە زۆر زیاتر لە شتی باش لە مێشکی خەڵکدا دەمێنێتەوە. هەنـدێک جـار زانیـاریەک ناڕاسـتی بچـووک بەسـە بـۆ ئەوەی متمـانەی

---

[1] پریا بازیار،تاثیر صداقت در تبلغات، https://orginweb.com/ ،21 اسفند 1401،کاتی سەردانکردن 23-5-2023،سەعات 4 ی ئێوارە

(2) Romy Verstraten, The effect of advertising credibility A magister message that is not published,(University Rotterdam, Marketing Department of Erasmus,2015) ،pag12

(3)محمد ایمن صبحي جربوع، سەرچاوە پێشوو، ص68

[4] پریا بازیار، سەرچاوەی پێشوو

براندێک بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەدەستهێنانی متمانەی کڕیاران بەڕاستی کاری قورسە؛ وە بێگومان پاراستنی قورسترە.

3. **ناوبانگی براندێک زیاد دەکات:** هەموو براندەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە باشترین خزمەتگوزاری و بەرهەمیان هەیە. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە کڕیارەکانن کە بە متمانەکردن بە براندێک ئەم بانگەشەیە پشتڕاست دەکەنەوە. ڕاستگۆیی لە ڕیکلامدا دڵنیای دەدات لەوەی کە کڕیارەکان هەمان بەرهەم یان خزمەتگوزاری بەدەست دەهێنن کە تۆ بەڵێنت پێداون کاتێک کارلێک لەگەڵ براندەکەدا دەکەن. لە ئەنجامدا متمانەیان بە براندەکەت هەیە. ناوبانگ بەدوای متمانەی کڕیارەکاندا دێت.
4. **گوێ لە کڕیارەکانت بگرە:**گرنگی بەو شتانە بدە کە کڕیاران چی دەڵێن دەربارەی کاڵاکەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناوەکەت بگەڕێ بۆ ئەوەی بزانیت کڕیارەکانت بیروڕایان چییە دەربارەی ڕیکلام و ئەو کاڵایانەی کە لە بازاڕدا بڵاوبوونەتەوە.
5. **فیدباک لە کڕیارەکانت وەربگرە:**یەکێک لە کارە گرنگەکان پەیوەندی کردنی بەرهەمهێنەر و و ڕیکلامکارە بە بەکاربەرەکان کە پێویستە پەیوەندییان پێوە بکەن و ڕای ئەوان بپرسن سەبارەت بە کڕینەکەیان. بەم کارە، درک بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانت دەکەیت و بۆیان دەسەلمێنیت کە بۆت گرنگن.
6. **ئەزموونی کڕیارەکان:** ئەم ڕێگە دەتوانێت یارمەتی کەسێک بدات کە بڕیارە بۆ یەکەمجار لە تۆ کاڵا بکڕێت بۆ ئەوەی بڕیارێکی باشتر بدات، لەبیرت بێت کە هەموو ئەو ئەزموونانەی کە هاوبەشی دەکەیت پێویست ناکات ئەرێنی بن. هەندێک جار، پێداچوونەوە نەرێنییەکان پیشان بدە و دواتر ڕادەی بەدواداچوونەکانت لە چارەسەرکردن و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو کێشەیە دەرببڕە.[1]

## سێهەم: بنەما ئاکاریەکانی ڕیکلامی بازرگانی لە تەلەفزیۆندا

ڕیکلامی دروست و پرەنسیپی و ئاکاری دەبێتە هۆی چەندین دەستکەوتی بەنرخ، کە دیارترینیان زیادبوونی فرۆشتن، وسەقامگیری نرخی بەرهەمەکەیە، ناوبانگی براند، و تەنانەت دروستکردنی هەلی کار، بەڵام کەمتەرخەمی لە پابەندبوون بە ستانداردە ئەخلاقییەکان، هەموویان ئەو دەستکەوتانەی سەرەوە تێکدەدەن بۆیەهەندێک لە بنەما ئاکاریەکان لە ڕیکلامدادەخەینە ڕوو.

1. **ڕاستگۆیی و زیادەڕەوی نەکردن:** دەبێت بەرهەمی ڕاستەقینەی خۆمان بناسێنین؛بەڵام زیادکردنی هەر بەهایەک کە بەرهەمەکەمان تێیدا نەبێت نموونەی فێڵکردنە لە کڕیار و زیادەڕەویکردن لە کوالێتی بەرهەمەکە بە بەکارهێنانی وێنەی ڕەمزی و جوانی بەرهەمەکە لەسەر پاکەتەکە کە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرهەمەکەی ناوەوە نییە، یەکێکە لەو نموونانە.
2. **لەناونەبردنی ڕکابەرەکان و بەرهەمە ڕکابەرەکان:** بۆ ئەوەی ناوی براندەکەمان بەرز بکەینەوە، نابێت ڕکابەرەکان بشکێنین، بەڵکو پێویستە ڕکابەرەکان بەجێبهێڵین بە خستنە ڕووی تایبەتمەندیە

---

[1] ج.جەفەریامی، صداقت در تبلیغ https://www.zarinexpress.com/ 9خرداد ۱۴۰۱ ، کاتی سەردانکردن 23-5-2023،سەعات 4 ی ئێوارە کسب و کار چە تاثیری در جذب مشتری دارد

ڕێژەییەکانی بەرهەمەکەمان. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە زانیاری تەواو بدەین بە کڕیار لە شێوەی ڕیکلامدا، وە ئەوە بینەرە کە مافی هەڵبژاردنی بەرهەمی کۆتایی هەیە بۆ کڕین بە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن.

3. **هەڕەشەنەکردن و ترساندنی کڕیار:** هەرچەندە دەتوانرێت ئەمە لە هەندێک حاڵەتدا بەکاربهێنرێت، وەک ڕیکلامی کلتوری هاتوچۆ لە بواری بەستنی پشتێنی سەلامەتیدا؛ بەڵام لە چوارچێوەی ڕیکلامی بازرگانیدا نابێت بینەر بترسێنیت و هەڕەشەی لێبکەیت ئەگەر بەرهەمەکە بەکارنەهێنێت. بۆ نمونە لە ڕیکلامی تەندروستی مەعجونێکی ددانەدا هاتووە کە ئەگەر بەرهەمەکەمان بەکارنەهێنیت ددانەکانت لەدەست دەدەیت![1]

4. **پابەندبوون بە بەڵێننامەکانەوە:** پابەندبوون بە پابەندبوونەکان لە چوارچێوەی گرێبەستە بازرگانییەکان و پێشێلنەکردنی بڕگەکانیان بە یەکێک لە گرنگترین بنەما ئەخلاقییەکان لە بازرگانیدا ناسراوە. هەرچەندە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یاسا و ڕێسا بازرگانییەکان ئەرکی لایەنەکان لە بواری جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا دیاری دەکەن، بەڵام لە هەر گرێبەستێکدا حاڵەت هەیە کە یاسا ئەرکێکی دیاریکراوی بۆ بازرگانان دیاری نەکردبێت و تەنها پابەندبوون بە بنەما ئەخلاقییەکان دەتوانێت گەرەنتی بکات جێبەجێکردنی تەواوەتی مامەڵەکە یان مەرجەکانی گرێبەستەکە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زۆربەی دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو پەیمانی ئەخلاقی یان ڕێنمایی تایبەتیان لەم بوارەدا پەرەپێداوە بە مەبەستی فێرکردنی خاڵە ئەخلاقییەکان بە کارمەندەکانیان ناچارییە بۆ کارمەندان کە پابەندبن بە بڕگەکانیانەوە.

5. **بەرپرسیاریەتی:** لەسەر بنەمای بنەمای بەرپرسیاریتی، بازرگانان دەبێت هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکان بەو کاڵا یان خزمەتگوزارییانەی کە دەتوانرێت پێشکەش بکرێن یان ئەو خاڵانەی کە بە جۆرێک کاریگەرییان لەسەر مامەڵەی بازرگانی هەیە پێشکەش بە لایەنی بەرامبەر یان هاوبەشی بازرگانی داهاتوو بکەن. بنەمای بەرپرسیارێتی یان لێپرسینەوە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پرەنسیپی ڕاستگۆیی هەیە و لە ڕاستیدا تەواوکەری ئەو پرەنسیپە.[2]

[1] ناوی نوسەر نیە، اصول اخلاقی در تبلیغات تجاری چگونه اندا،295، https://www.mlmbook.ir / بەرواری سەیرکردن 23-5-2023 ، سەعات 6 ی ئێوارە

[2] محمد علمی، اخلاق در تجارت، http://professional-ethics.blogfa.com / ،30 فروردین 1389، بەرواری سەیرکردن،23-5-2023، سەعات 6:30 ئێوارە

## چوارەم: گرنگی متمانە لە ڕیکلامدا

متمانە بەواتای قبوڵکردنی ڕاستی و واقیعی ئەو بانگەشە و بەڵێنانەی کە لە ڕیکلامدا پێشکەش بە کڕیاران دەکرێن دێت، متمانە وەک میکانیزمێکی گرنگ یارمەتی بەکاربەر دەدات بۆ ئەوەی نەبێتە لایەنێک کە کاڵاکان بەبەردەوامی تاقی بکاتەوە و دواجار بە حەزو پێداویستیە بنەڕەتیەکانی نەگات. ئەگەر کڕیاران متمانەیان بە متمانە و ڕاستگۆیی ئەو براندە یان بەرهەمە نەبێت کە ڕیکلامی بۆ دەکرێت، ئەوا پێدەچێت ئەم ڕیکلامانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بڕیاری کڕینیان نەبێت و تەنانەت ڕەنگە سەرنجی خەڵکیش ڕاناکێشن.

**لێرەدا ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو کە متمانەی بەکاربەران لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان زیاتر دەکەن.**[1]

1. کڕیاران یان بە کاربەرەکان کاتێک متمانەیان بە هێز دەبێت بە ڕیکلامەکان، کە ڕیکلامەکان شەفاف و ڕاستگۆ بن لەپێدانی زانیاری دروست سەبارەت بە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکەو زیادەڕەوی نەکردن ونەشێواندنی ئەو بانگەشانەی کە کردوویانە و پێویستە بەڵێنەکانیان بکەن ڕاستی تا متمانەی کڕیاران بەهێز بکەن.
2. ئەزموونی ئەو کڕیارانەی کە پێشتر کارلێکیان لەگەڵ بەرهەمەکەدا کردووە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی متمانە. ئەگەر کڕیارانی پێشوو ئەزموونێکی ئەرێنییان هەبووبێت و لە کوالیتی و کارایی بەرهەمەکە ڕازی بوون، ئەوا زیاتر متمانەیان بە بەرهەمەکە دەبێت.
3. ناوبانگ و ناساندنی بەرهەمەکە لە بازاڕدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی متمانە. کڕیاران بەو بەرهەمانەی کە متمانەپێکراو و ناسراون لە بازاڕدا و ناوەکانیان بە باشی دەزانن. هەروەها متمانەی ڕیکلامکارەکە و پاڵپشتی ئەزموون و شارەزایی لە بواری دیاری کراودا متمانەی کڕیاران بەهێزتر دەکات.
4. پابەند بوونی ڕیکلامکارەکە بەو ڕێنمایانەی کە لە کوالیتی کۆنترۆڵ و بەڕێوبەرایەتیەکانی چاودێری خۆپاراستن دەردەچن، متمانەی بەهێز دروست دەکات لەلای بەکاربەران، بەتایبەت کاتێک کە لە پەیامە ڕیکلامیەکەدا، ڕێگاپێدانەکانی کاڵاکە بڵاودەکاتەوە.
5. پێویستە ڕیکلامکارەکان بۆ بەدەست هێنانی متمانەی بەکاربەرەکان گرەنتی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانتان بکەن لەبەر ئەوەی لە ڕووی دەروونیەوە بچووکترین پرۆسەی کڕینیش ترس و مەترسی لە مێشکی بەکاربەردا دروست دەکات. ئەرکی هەموو فرۆشیارێکی سەرکەوتوو کەمکردنەوەی ئەم ترسە دەروونییەی بەکاربەرە. یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ زیادکردنی متمانەی کڕیار .
6. بەدەستهێنانی متمانەی کڕیار تەنها بەکارهێنانی چارەسەرەکانی دروستکردنی متمانە نییە. یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان کە دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی متمانەی بینەر نەگونجاوی ئەو بەرهەمەیە کە ڕیکلامکار ڕیکلامی بۆ دەکات ، یاخود نەشیاوی شوێنی کاڵاکەیەتی کە تێیدا

[1] عبدالباری اوچقون، اعتماد در تبلیغات، https://noghteshoro.com/، اردیبهشت 24, 1402،بەرواری سەیرکردن،23-5-2023، سەعات 11ی شەو

نمایشی کردووە، ڕەنگە لەیەکەم بەرکەوتنی بەکاربەر لەگەڵ بەرهەمەکە متمانەی پێ نەمێنێت، کە ئەمەش ڕیکلامکارەکە خۆی وای کردووە ئەم تێڕوانینە لای بەکاربەر دروست ببێت.[1]

## پێنجەم: هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕاستگۆیی

1. فاکتەری پەیوەندیدار بە جەماوەر: تایبەتمەندیەکانی جەماوەری و دیموگرافیای جەماوەر و کەسایەتی و ئاراستەکانی و ڕادەی گرنگیدان و پشتبەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وە توێژینەوە لە هۆکارە کاریگەرەکان بە ڕاستگۆیی وئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەوەمان پێ دەڵێت کامانەن ئەو هۆکارانەی کە بڕیار لەسەر ڕاستگۆیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەدەن لەلایەن جەماوەرەوە.[2]
2. فاکتەرە کاریگەرەکان بەجۆری ئامرازەکە: توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی جۆری ئەو ئامرازەیان دیاری نەکردووە کە زیاتر کاریگەری لەسەر ڕاستگۆیی هەیە، بەڵام هەموان پێیان وایە جۆری ئامرازەکە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکاندەبێت، بەنموونە ئامرازە کۆن و نوێیەکان، یان پێیان وایە تەلەفزیۆن زیاتر کاریگەرترە لە ڕۆژنامە بەهۆی تایبەتمەندیەکانیەوە.
3. فاکتەری کاریگەر بە شێوازی پێشکەش کردنی پەیامەکە: راستگۆیی بابەتەکان بە پلەی یەکەم لەسەر بەهێزی پەیامەکان دەوەستێت، هاوکات شێوازی پێشکەش کردنیان بە نموونە لە ڕووی زمانەوانی و زانیاریەکانی سەرەتا و ناوەڕۆکەکەی و چۆنیەتی پێشکەشکردنی پەیامەکە و گوزارشتکردن لێی، وە گونجاندی پەیامەکان لەگەڵ وێنەکان، توانا و لێهاتووی ئەو کەسەی لە تەلەفزیۆن دەیخوێنێتەوە یان پێشکەشی دەکات کاردەکاتە سەر راستگۆیی.
4. فاکتەری کاریگەر بە سروشتی بابەتەکە و گرنگیەکەی: جۆری بابەتەکە کاریگەری هەیە لەسەر ڕادەی ڕاستگۆیەکەی پەیوەست بە جاماوەرەوە، بەشێک لە توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن، ڕاستگۆیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر گواستنەوەی، ڕوودا و بابەتەکان پێوانە دەکەن.[3]

---

[1] جلال احمدی، 11 ایده مؤثر برای جلب اعتماد مشتری اولیه،https://www.portal.ir /، 07 اسفند 1401،بەرواری سەیرکردن 20-5-2023، سەعات 10 شەو

(2) هالة فاضل حسين، هاشم جعفر عبدالحسن، مصداقية وسائل الاعلام المحلية،في مجال الخدمات العامة- (دراسة استطلاعية)، مركز بحوث السوق وحماية المستهلك، المجلة العراقية لبحوث السوق وحماية المستهلك، ( جامعة بغداد: المجلد(6)، العدد(2)،23-6-2014) ص57

(3)حمیدرضا سعیدنیا ، داود قربانزاده، بررسی عوامل مؤثر بر نگرش و تبلیغات شفاهی مثبت در بین کاربران تلگرام، (فصلنامه علمی- پژوهشی تحقیقات بازاریابی نوین سال هفتم: شماره اول، شماره پیاپی (42) بهار 1394) ص180

## پاری دووەم: چەمک و پێناسەی ئاڕاستەکان

### یەکەم: پێناسەی ئاڕاستە

بە پێی ئەو پێناسە جیاوازانەی بۆ ئاڕاستە خراوەتە ڕوو لە ڕوویی زانستە دەرون ناسی و کۆمەڵایەتیەکان، توێژەر لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخاتە ڕوو کە هەر یەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە باس لە ئاراستە دەکەن.

ئاڕاستە: بریتیە لەخواستێک بۆڕازیبوون لەبەرامبەر پەیامێک، یان ڕەتکردنەوەی پەیامێکی دیکە یان بابەتێک یان تێڕوانینی کەسێکی دیاری کراو یان چالاکیەک، کە تێیدا وەڵامی پەیامەکە بە شێوەی تاکەکەس دەدرێتەوە ، ئەوەش لە چوارچێوەی دەربڕینی هەڵسوکەوتێکی تاکە کەسیە و بەهۆی کاریگەربوونی بە پەیامەکە لە دوخێکی تایبەت و دیاری کراودا.[1] لە بنەڕەتدا ئاڕاستە بریتییە لەو شێوازەی کە مرۆڤ بیردەکاتەوە و هەست دەکات بە بابەتێک و ڕەفتار دەکات لە وەڵامی دۆخێک یان هاندەرێکی دیاریکراودا [2] لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەروناسەکان پێیان ئاراستە دەتوانێت ئاماژە بە ئامانجێک یان ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراویش بکات کە بڕیار و کردارەکانی مرۆڤ ڕێنمایی دەکات بۆ دەربڕینی سەرنجێک لەسەر بابەتێک. ئەم جۆرە ئاراستەیە دەتوانێت یارمەتی خەڵک بدات کە سەرنج و پاڵنەریان هەبێت لەبەرامبەر دۆخە جیاوازەکاندا، هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی هەستکردنێکی زیاتر بە بەدیهێنان و سەرکەوتن..[3]

بەشێکی دیکە لە نوسەران پێیان وایە مرۆڤەکان دەتوانن مەیلیان هەبێت بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر هەندێک لەو پەیامانەی کە ئاڕاستەیان دەکرێت دەکرێت ئەو مەیلانە بگۆڕین بەهەردوو لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکان. ئەم مەیلە دەتوانێت لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاردا بێت، وەک بیروباوەڕ و بەها و ئەزموونەکانی مرۆڤ، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم مەیلە دەتوانێت ئەرێنی یان نەرێنی بێت، ئەمەش بەپێی دۆخەکە و دیدگای تاکەکەسەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە، ڕەنگە کەسێک مەیلی دژایەتیکردنی پیسبوونی ژینگەی هەبێت، کە دەکرێت لەلایەن هەندێکەوە وەک بەهایەکی ئەرێنی سەیر بکرێت، بەڵام لەلایەن هەندێکی دیکەوە وەک بەهایەکی نەرێنی سەیر بکرێت.[4] بەشێکی دیکە لە نوسەران پێیان وایە ئاڕاستە: ئەزموون و باوەڕ و بەهاکانی پێشووی مرۆڤەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئامادەیی ئەوان بۆ قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی هەندێک بیرۆکە، هێما، یان دیاردە. هەر لەبەر ئەمەشە گرنگە ڕێکلامکەران و بازرگانەکان لە ئارەزوو و هەڵوێستی ئامانجەکانی بەکاربەران تێبگەن، بۆ ئەوەی بتوانن پەیامێک ئاڕاستەبکەن کە وەڵامەکەی کاریگەری هەبێت،بەم کارە دەتوانن ئەگەری قبوڵکردنی پەیامەکەیان زیاد بکەن و کارلەسەر ئاڕاستەکانیان بکەین.[5]

---

(1) زكي حسين الوردي، عامر ابراهيم قنديلجي، الاتصالات، (بغداد: مطابع التعليم العالي،1990) ص95

(2) حسين صديق، سەرچاوەی پێشوو، ص301

(3) يصرف حاج، تاثير التلفزيون الجزائيري علي تحديد السلوك الانتخابي-برنامج الصحافة الوطنية كنموذج، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة وهران: كلية العلوم الانسانية والحضارة الاسلامية، قسم علوم الاعلام والاتصال،2006) ص28

(4) دانا عماد محمد فرحات، دور الفضائيات اللبنانية في التشكيل اتجاهات الري العام اللبناني نحو الطائفية، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الشرق الاوسط: كلية الاعلام، 2015) ص29

(5) علي عجوة، العلاقات العامة و الصورة الذهنية، ط2، (القاهرة: عالم الكتب،2003) ص50

لەو پێناسانەی سەرەوەکە ئاماژەمان بۆکردن  کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش هەن کە لەنێوان پێناسەکاندا کە ئەمانەی خوارەون:

1.ئاڕاستە، فێرمان دەکات کە بۆچوونە کەسیەکان، چۆن فەراهەم بکەین لە پرۆسەی ڕاهێنانەکاندا، وەئەتوانی شارەزای هەندێک لەو بۆچوونانە ببێت کە لەدەرەوەی هەستەکان و بۆچوونێکی ئامادەکراو بوون.(1)

2.ئاڕاستە دەشێت پێوانە بکرێت بەگرتنەبەری ڕێکارە جیاوازەکان و تۆمارکردنی تێبینیەکان،وە بۆچوونەکان ڕێکبخرێن بە شێوەیەکی رێژەیی ونەگۆڕ، وەدەکرێت بگۆڕین یان دەستکاری بکرێن بە بۆچوونە بەهێزەکان،بەپێی کات وەگۆڕانکاریان بەسەردا بێت لەکاتێکی دیاریکراودا.(2)

3.ئاڕاستە دیاریکراوەکان لەسەر بابەتەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەشداری دەکەن لەپەیوەندی نێوان کەس و بابەتەکە،کە دەکرێت بابەتێکی تایبەت بێت یان بیرۆکەیەک یان شتێک کەرەفتاری تاکەکەس لەسەر بابەتێک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیاری دەکات.

ئاڕاستە دەگونجێت لەگەڵ زەمەن و حاڵەتەکان، بەومانایەی وا لەکەسەکان دەکات خۆی لەگەڵ ئاڕاستەکان بگونجێنێت، بۆنمونە چی دەست دەکەوێت  بە ڕازیبوون بە هەندێک لە بۆچوونەکان، لەماوەی ئاڕاستەجیاوازەکاندا، دەربارەی ئەوەی کە چ شتێک لە واقعدا هەیە.(3)

## دووەم: ئەرک و ڕۆڵەکانی تەلەفزیۆن بەرامبەر بە بەکاربەر

تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی جەماوەری کۆمەڵێک ئەرکی  هەیە بەرامبەر بە بینەران کە پێکهاتوون لەمانەی خوارەوە:

1. هەوال و زانیاری: کۆکردنەوەی هەواڵ و داتا و وێنە و سەرنجەکان سەبارەت بە ڕووداو و بارودۆخەکانی کۆمەڵگا و جیهان، و پەخشکردنی دوای ڕێکخستنیان و دانانی لە چوارچێوەی گونجاودا بە مەبەستی ئاگادار بوونی بینەران لە ڕووداوەکانی چوار دەوریان.
2. لێکدانەوە و شیکاری: دوای کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پەخشکردنی ڕووداوەکان بەمەبەستی تێگەشتنی کۆمەڵگە لە گرفت و کێشەکان ، شیکردنەوە بۆ ڕووداوەکان  دەکات. 4
3. دابینکردنی پێداویستیەکان و دروست کردنی بڕیار: دوای خستنە ڕووی زانیاری و هەواڵەکان و گواستنەوەی کێشەو گرفتەکان و شیکردنەوەیان، دەرفەتی بەشداری بە بینەر دەبەخشێت تا بەشداربێت لە پرۆسەی بڕیاردان لەسەر  بابەتەکان کە لە چوار دەوریدا ڕوو دەدەن و ئەو پێداویستی و حەزو خولیانەش کە هەیەتی تەلەفزیۆن هاوکاری بەدەست هێنانیان دەبێت .
4. پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی : بینەر دەتوانێت لە چوار چێوەی ئەو زانیاریانەی کە لەتەلەفزیۆنەوە وەریان دەگرێت، لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە کارامەیی پەیدا بکات،بۆنموونە بینەرێک دوای ئەزموون کردنی چەندین یاری و بینینی شیکردنەوەی یاریەکان دەتوانێت وەک شیکەرەوەیەکی وەرزشی لە کۆمەڵگەکەیدا دەربکەوێت.

---

(1) عبدالحميد جابر، سليمان الخضري الشيخ، دراسات نفسية في الشخصية العربية، (القاهرة: الناشر عالم المعرفة، 1978) ص271

(2) ياسين طة طاقة، الاتجاهات  والحياة، (بغداد: المكتبة الوطنية، 1989) ص35

(3) سلام نصرالدين محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص76

[4] محمد منير حجاب، نظريات الاتصال،( القاهرة:دار الفجر للنشر، 2010) ص53

5. کات بەسەربردن خوشی و شادی: بینەر لە ڕێگەی بەرنامە جیاوازەکانی تەلەفزیۆنەوە دەتوانێت کاتێکی خۆش بەسەر ببات و بینەری ئەو بابەتانە بێت کە بەشێکن لە حەزو خولیا و هۆکارەکانی دڵخۆشبوونی.[1]

## سێهەم: چۆنێتی گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەران لە ڕێگەی ڕیکلامەوە[2]

1. پێویستە پەیامە ڕیکلامیەکان سەرنجیان لەسەر کێشە و پێداویستیەکانی بەکاربەربێت، تابتوانێت،ئەو کێشانەی هەیەتی لە ڕێگەی ڕیکلامەوە بیری بخاتەوە و بۆی چارەسەر بکات بۆنمونە بڕیاری وازهێنان لە جگەرە کێشان، دەتوانرێت بە ڕیکلامێک سەرنج بخاتە سەر کێشەکەی بەکارو چارەسەرەکەشی پێشکەش بکات ,
2. پێشکەشکردنی ڕیکلامەکان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە،ئەو ڕیکلامانەی کە پشتگیری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیان هەیە، کە تییدا پسپۆڕان پشتگیری لە بەرهەمێک یان بیرۆکەیەک دەکەن، بەکاربەر دەگەیەنن بۆ ئەنجامێکی لەبار سەبارەت بە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکەت.
3. ڕیکلامەکان بە شێوەیەکی ستراتیژی دابنێ. بۆ نموونە ڕیکلامێک بۆ چاککردنەوەی لۆریەکان سەر بە هەواڵنامەی فرۆشگای ئاژەڵە ماڵییەکان نییە، زۆر باشترە. ڕیکلامەکانت لەو شوێنە دابنێ کە کڕیارەکانت دەیبینن، بە بەردەوامی ڕیکلام بکە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکەتان بە خوێنەران بناسرێت، بۆیە کۆمپانیاکەتان دێتە مێشکتان کاتێک پێویستیان بە خزمەتگوزاری یان بەرهەمێکە.

## چوارەم: گرنگی ئاڕاستەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

دەکرێت گرنگی ئاڕاستەلە سێ ڕۆڵی سەرەکیدا بخرێتە ڕوو بەم جۆرە: [(3)]

**یەکەم:ئاڕاستەی ڕوون:** هەبوونی ئاراستەیەکی ڕوون دەتوانێت یارمەتی مرۆڤ بدات چوارچێوەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی گرنگی ڕووداو و ئەزموونەکانی لەبەرامبەر پەیامەکاندا کە ئاڕاستەی دەکرێن دروست بکات. ئەمەش دەتوانێت یارمەتی مرۆڤ بدات کە کاڵایەک یان بابەتێک هەڵبژێرێت کە پاڵنەری هەبووبێت بۆی، بۆنموونە کاتێک ڕیکلامکارێک دەیەوێت کاڵاکەی لە ڕکابەرەکانی زیاتر فرۆشی هەبێت، ئامانجەکەی هەرچەندە بە چەند قۆناغێکی سەختدا تێپەڕبێت لە زۆری تێچوون و بەدواداچوون، سەختیەکان ڕاینەگرێت، ئەو ئاڕاستەیەی کە هەیەتی بۆ بووە بە ئامانج و پاڵنەر کە زۆرترین فرۆشی هەبێت لە کاڵاکانیدا، چونکە دەتوانێت ئاراستەکەی وەک ڕێنمایییەک بەکاربهێنێت بۆوەستانەوە لەبەردەم ئاستەنگەکاندا .

**دووەم:هاوبەشی کردن لەگەڵ ئەوانی تردا:** هەبوونی ئاراستەیەکی ڕوون دەتوانێت یارمەتی مرۆڤ بدات پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست بکات و بیپارێزێت. کاتێک کەسێک ئاراستەیەکی ڕوونی هەبێت، ئەگەری ئەوە زیاترە کە هەڵبژاردنێک بکات کە لەگەڵ ئامانج و بەهاکانیدا بگونجێت، ئەمە دەتوانێت یارمەتی بدات بۆ دامەزراندنی زەمینەی هاوبەش لەگەڵ ئەوانی دیکە کە

---

(1)محمد فوزي شهاب الدين، دور التلفزيون في ترتيب اولويات القضايا السياسية لدي الجمهور البحريني،(بحرين:المعهد البحرين للتنمية السياسية،2016) ص61

(2) روح اله تولایی، رفتار مصرف کننده و تبلیغات، دانشگاه شهید بهشت، نسخه شماره دو / پاییز 1393، ص 1-7

(3) دانا عماد محمد فرحات، سەرچاوەی پێشوو، ص31

بەرژەوەندی و بەهایەکی هاوشێوەیان هەیە. ئەمە دەتوانێت چوارچێوەیەک بۆ پەیوەندییە ئەرێنییەکان دابین بکات، چونکە مرۆڤەکان زیاتر هەست بە پەیوەندی و پشتگیریکردن دەکەن کاتێک ئامانج و بەها هاوبەشەکانیان هاوبەشە. بۆ نمونە کەسێک ئاراستەیەکی ڕوونی هەیە بۆ دروستکردنی هەڵمەتێکی ڕیکلامی کاریگەر بۆ کارەکەی. لەوانەیە کە لێکۆڵینەوەبکات و لەگەڵ ژمارەیەک ڕیکلامکاری دیکە کە هەمان ئاڕاستەیان هەیە  پێکەوە پەیامێکی ڕیکلامی ئاڕاستەی بەکاربەرەکان بکەن کە کاریگەری گەورەیان لەسەر دروست  بکات.

**سێهەم: دەربڕینە دەرەکیەکان:** لە ئاڕاستەو ڕیکلامدا دەربڕینی دەرەکی دەتوانرێت بە  چەندین شێوە بگیرێتەبەر، لەوانە وێنە و ڤیدیۆ و دەقی نووسراو پێکەوە پیشان بدرێت ئەمەش لە ئامانجەکە نزیکترت بکاتەوە، ئەم دەربڕینە دەرەکیانە بۆ ئەوە دروستکراون کە پەیامێک بە ئامانجەکان سەبارەت بە بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو بگەیەنن. بۆ نموونە، لە ڕیکلامێکدا بۆ ئۆتۆمبێلێکی نوێ ڕەنگە وێنەی ئۆتۆمبێلەکە لەسەر ڕێگایەکی دیمەندار لێبخورێت، لەگەڵ دەقێک کە جەخت لەسەر تایبەتمەندی و سوودەکانی ئۆتۆمبێلەکە دەکاتەوە جیاوازتر بێت لەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە لە پێشەنگایەکدا بە وەستاوی پیشان بدرێت.

## پێنجەم: پێکهێنەرەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا

ئاڕاستە پێکدێت لە ژمارەیەک  پێکهێنەر کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. پێکهێنەری مەعریفی: بریتییە لە بۆچوون و زانیاریی مرۆڤ سەبارەت بە بابەتێک یان ئاراستەیەکی دیاریکراو، ئەم پێکهێنەرە زانیاری و ڕاستییە بابەتییەکان لەخۆدەگرێت کە لەبەردەستی تاکدان سەبارەت بە ئاراستەکە، بۆنموونە هەڵبژاردنی مارکەیەکی پێڵاو لەلایەن کەسێکەوە، لە زانیاری کەسەکەدا چەندین زانیاری لەسەر جۆر و کوالیتی پێڵاوەکان هەیە و لەڕووی دەروونیەوە بەراوردی بە مارکەکانی دیکە کردوون، بۆیە وەک بژاردەیەکی باش لە زانیاریەکانی خۆیەوە دیاریان دەکات. [1]
2. پێکهێنەری سۆز: ئاماژەیە بۆ وەڵامدانەوەی سۆزداری مرۆڤ بۆ بابەتێک یان ئاراستەیەکی دیاریکراو، جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی. ئەم پێکهاتەیە کۆمەڵێک هەست لەخۆدەگرێت کە مرۆڤ هەستی پێدەکات لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکەی ئاراستەکەدا. هەروەها پێکهاتەی سۆزداری ئاراستەکردن شێوازێکی سۆزداری گشتی لەخۆدەگرێت کە کاریگەری لەسەر وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ ئاراستەکە دەبێت. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ ئۆتۆمبێلێکی نوێ ڕەنگە هەست و سۆزی ئەرێنی لە کەسێکدا ورووژێنێت، وەک وروژاندن یان دڵخۆشی، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی ئەو ئۆتۆمبێلە هەڵبژێرێت لەبری بژاردەکانی تر.[2]
3. پێکهێنەری ڕەفتاری: ئاماژەیە بۆ کردار یان ڕەفتارەکانی کەسێک لە وەڵامی بابەتێک یان ئاراستەیەکی دیاریکراودا. ئەم پێکهاتەیە هەردوو ڕەفتاری ئەرێنی و نەرێنی لەخۆدەگرێت کە ڕەنگە کەسێک لە پێوەندی لەگەڵ ئاراستەکەدا نیشانی بدات. پێکهاتەی ڕەفتاری ئاراستە دوو بەش

(1) حيدر شلال متعب، حاتم بدوي عبيد، اتجاهات الجمهور نحو تغطية القنوات الفضائية للاحداث الجارية، (بغداد: مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية ولانسانية، جامعة بابل، تشرين الأول،2017) ص878

(2) عامر مصباح: علم النفس االجتماعي في السياسة واالعالم، (القاهرة: دارالكتاب الحديث،2011) ص38

لەخۆدەگرێت: مەبەستی مامەڵەکردن بە شێوەیەکی تایبەت (مەبەستی ئاراستەکە) و ڕەفتاری ڕاستەقینەی پیشاندراو (ئاڕاستەی ڕاستەقینە). بۆ نموونە ڕەنگە کەسێک وەڵامێکی مەعریفی و سۆزداری ئەرێنی هەبێت بەرامبەر بە چێشتخانەیەکی دیاریکراو، بەڵام ئەگەر بەڕاستی سەردانی چێشتخانەکە نەکات، ئەوا پێکهاتەی ڕەفتاری ئاراستەکردنی لەگەڵ پێکهاتە مەعریفی و سۆزدارییەکانیدا هاوتەریب نییە. بەهەمان شێوە ڕەنگە کەسێک وەڵامێکی مەعریفی و سۆزداری ئەرێنی هەبێت بەرامبەر بە مارکەیەکی دیاریکراوی پێڵاو، بەڵام ئەگەر بەردەوام بێت لە کڕین و لەبەرکردنی، ئەوا پێکهاتەی ڕەفتاری ئاراستەکردنی لەگەڵ پێکهاتە مەعریفی و سۆزدارییەکانیدا یەکناگرێتەوە. پێکهاتەی ڕەفتاری ئاراستەکردن گرنگە لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی بڕیاردان و هەڵبژاردنی مرۆڤەکان [1]

## شەشەم: ئەرکەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا

دەکرێت ئەرکەکانی  ئاڕاستە بەم جۆرەی لای خوارەوە باسیان بکەین:

1. **ئەرکی گونجاو:** ئاماژەیە بۆ توانای یارمەتیدانی تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئاراستەکردن لە کۆمەڵێک ڕەفتاری تاکەکەسی پێکدێت کە توانای گەیشتن بە ئامانجە تاکەکەسییەکانیان هەیە، بە ڕێککەوتن و لێکۆڵینەوە لە گەیشتن و پاراستنی ئامانجە گونجاوەکان، ئاراستە دەتوانێت یارمەتی تاکەکان بدات بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانیان. ئەمەش بریتییە لە دانانی ئامانجی گونجاو کە لەگەڵ بەها و بیروباوەڕی کەسێکدا بگونجێت، هەروەها گرتنەبەری هەنگاوێک کە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بگونجێت. بۆ نموونە ئەگەر ئامانجی کەسێک باشترکردنی تەندروستی بێت، ئەوا ئاراستەکردن لەوانەیە بریتی بێت لە دانانی ئامانجێک بۆ وەرزشکردنی بەردەوام و هەڵبژاردنی خۆراکی تەندروست. ئەرکی گونجاوی ئاراستەکردن گرنگە لە یارمەتیدانی تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و باشترکردنی ژیانیان.[2]
2. ئەرکە سودبەخشەکان: بریتین لە ڕێنماییە ڕەفتارییەکان کە تاک لە ژێر ڕۆشنایی ستانداردە کۆمەڵایەتییە باوەکان و ئەو هەڵوێستانەی کە بەدەستی دەهێنێت، بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بگات و پاڵنەرەکانی تێر بکات. چۆن هەڵوێستەکان دەتوانن ڕێنمایی ڕەفتار بکەن لە ڕیکلامدا کاتێک کە کۆمپانیاکان پشتگیری کەسایەتییە ناودارەکان بەکاردەهێنن بۆ فرۆشتنی بەرهەم، هیوادارن خەڵک هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرامبەر بەو کەسایەتییە ناودارە بگرنەبەر و ئەو هەستە ئەرێنیانە بگوازنەوە بۆ بەرهەمەکە. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی فرۆش و یارمەتی کۆمپانیاکە بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی[3]
3. **ئەرکە گوزارشت لێکراوەکان:** ئاماژەیە بۆ ئەوە دەکات تاکەکان ئارەزوو و ئارەزووەکانی خۆیان دەربېڕن، ئەمە وەڵامدانەوەی چالاکییەکان لە چوارچێوەی هاندەرە ژینگەییەکان، هەروەها چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی پەراوێزخستن و پشتگوێخستن لەخۆدەگرێت.[4] تاکەکان بە دەربڕینی

(1) حيدر شلال متعب، حاتم بدوي عبيد، سەرچاوەی پێشوو، ص878-879
(2) محمد جاسم، مدخل الي علم النفس العام، (عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع، 2004) ص129
(3) محمد عبدالرحمن، علم النفس الاجتماعي المعاصر،(القاهرة: دار فكر العربي، 2004) ص102

ئارەزوو و ئارەزووەکانیان دەتوانن کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بکەن و هەڵبژاردنێک بکەن کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەها و بیروباوەڕەکانیان. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک هەست بە پەراوێزخراو یان پشتگوێخستن بکات، لەوانەیە ئاراستەکردن بریتی بێت لە دەربڕینی ئارەزوو و ئارەزووەکانی بۆ ئەوانەی لە دەوروبەری خۆیانن بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم پرسانە بکات، لە ئەرکی گوزاشتکردنی ئاراستە لە ڕیکلامدا بریتیە لە ڕێگەدان بە بەکارهێنەران بۆ دەربڕینی ئارەزووەکانیان بۆ هەندێک بەرهەم یان براند، بە پێدانی فیدباک یان بەشداریکردن لەگەڵ ڕیکلامەکاندا، ئەمە دەتوانێت یارمەتی کۆمپانیاکان بدات کە باشتر لە ئامانجەکانیان تێبگەن و هەڵمەتی ڕیکلامی کاریگەرتر دروست بکەن.[1]

4. **ئەرکی زانین:** بە تێگەیشتن لە بارودۆخ و حاڵەتە تاکەکەسییەکان، تاکەکان دەتوانن ئاراستە بەکاربهێنن بۆ ناسینەوەی ئەو بوارانەی کە دەتوانرێت لە کار یان ژیانی خۆیدا ئەنجامیان بدات. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە هەوڵدایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئاراستەکەی بریتی بێت لە گەڕان بەدوای زانیاری یان سەرچاوە کە بتوانێت یارمەتی بدات لە تێپەڕاندنی بەربەستەکان و پێشکەوتن بەدیٚ بهێنێت. ئەرکی زانینی ئاراستەکردن گرنگە لە یارمەتیدانی تاکەکان بۆ فێربوون و گەشەدان بە ئاڕاستەکانیان بڕیاری ئاگادارانە سەبارەت بە ژیانیان. [2]

5. **ئەرکی گوزارشتکردن لە بەهاکان:** ئاماژەیە بۆ بەرپرسیارێتی ئاراستەکردن بۆ پاراستنی زانیاری کەسی و پێشخستنی ڕەفتارە ئەرێنییەکان کە لەگەڵ بەها و بیروباوەڕی تاکدا بگونجێت. بە دەربڕینی ئەرکە ئەرێنییەکان، ئاراستە دەتوانێت یارمەتی تاکەکان بدات بۆ زاڵبوون بەسەر بیروباوەڕە نەرێنییەکان یان وێنە دەروونییەکان کە ڕەنگە ڕایانبگرێت، نموونەیەک لە ئەرکی دەربڕینی بەهاکان لە ڕیکلامدا ڕەنگە بریتی بێت لە پێشخستنی بەها و ڕەفتارە ئەرێنییەکان کە لەگەڵ براند یان ئەرکی کۆمپانیایەکدا بگونجێت. بۆ نموونە، کۆمپانیایەک کە بەهای بەردەوامیی ژینگەیی دەدات، لەوانەیە ئاراستە بەکاربهێنێت بۆ پێشخستنی پراکتیزە دۆستەکانی ژینگە و هاندانی بەکارهێنەران بۆ هەڵبژاردنی هۆشیاری ژینگەیی، کۆمپانیاکە بە دەربڕینی ئەرکە ئەرێنییەکان، وەک کەمکردنەوەی بەفیرۆدان یان پاراستنی وزە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پێشخستنی ڕەفتار و بەها ئەرێنییەکان کە لەگەڵ براندەکەیدا یەکدەگرنەوە. سەرەڕای ئەوەش، بە پاراستنی زانیاری کەسی و ڕێزگرتن لە نهێنی بەکاربەر، کۆمپانیاکە دەتوانێت متمانە دروست بکات و ناوبانگێکی ئەرێنی لەگەڵ کڕیارەکانیدا بپارێزێت. ئەرکی دەربڕینی بەهاکان گرنگە لە یارمەتیدانی کۆمپانیاکان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کڕیارەکانیان و بەرەوپێشبردنی ڕەفتارە ئەرێنییەکان کە هاوتەریبن لەگەڵ براندەکەیان. [3]

---

(1) یاسین طة طاقة، سەرچاوەی پێشوو، ص37

(2) سلام نصرالدین محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص87

(3) یاسین طة طاقة، سەرچاوەی پێشوو، ص37

## حەوتەم: جۆرەکانی ئاڕاستە لە ڕیکلامدا

ئاڕاستە دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە کە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

1. **ئاڕاستە بە پێی هێز:** ئەم جۆرەش دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

- ئاڕاستەی بەهێز: ئەمانە ئەو ئاراستانەن کە ڕوون و ئاشکران و لە ڕێگەی ڕەفتاری بەهێزەوە بڕیار و پلانەکان دەردەبڕن. زۆرجار لەو بارودۆخانەدا بەکاردەهێنرێن کە کەسێک یان کۆمەڵێک کەس پێویستیان بە ئاراستەکردنە بە شێوەیەکی دیاریکراو، وەک لە شوێنی کار یان قوتابخانەدا. لە ڕێکلامدا بۆ نموونە ڕیکلامێک دەڵێت "ئێستا کاڵایەک بکڕە و ٥٠٪ داشکاندن بەدەستبهێنە!" یان "ئەمڕۆ ناوت تۆمار بکە و تاقیکردنەوەیەکی بێبەرامبەر وەربگرە!" ئەم ئاراستە بەهێزانە بۆ ئەوە دانراون کە بەکارهێنەران پاڵنەر بن بۆ ئەوەی دەستبەجێ هەنگاو بنێن و کڕینێک بکەن یان ناویان تۆمار بکەن بۆ خزمەتگوزارییەک.
- **ئاڕاستەی لاواز:** ئەمانە ئەو ئاراستەیانەن کە کەمتر ڕوونن و ئاسانن بۆ گۆڕیت، زۆرجار لەو بارودۆخانەدا بەکاردەهێنرێن کە کەسێک یان کۆمەڵێک کەس پێویستیان بە ئاراستەکردنە بە شێوەیەکی نەرمتر، وەک لە ژینگەیەکی داهێنەرانە یان هونەریدا. بۆ نموونە لە ئاراستەی لاواز لە ڕێکلامدا ڕەنگە بەکارهێنانی زمانی نەرمتر یان کراوەتر بێت بۆ هاندانی بەکارهێنەران بۆ بەشداریکردن لەگەڵ بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک بە شێوەیەکی باشتر، ڕیکلامێک بە بەکارهێنەران دەڵێت بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی خۆت درووست بکە.[1]

2- **ئاڕاستە بە پێی ئامانج:** ئەم جۆرەش دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە:

- ئاڕاستەی ئەرێنی: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستە کە هانی تاکەکان دەدات بەرەو ئامانجێک یان ئامانجێکی دیاریکراو هەنگاو بنێن. ئاراستە ئەرێنییەکان بە شێوەیەک داڕێژراون کە تاکەکان پاڵنەر بن و هانیان بدەن بۆ هەنگاونان بەرەو بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکی خوازراو. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ بەرنامەی لەشجوانی لەوانەیە بڵێت "شێوەی جەستەو ڕێکبکەو ئاسودەتر بژی" ئەم ئاراستە ئەرێنییە بۆ ئەوە دانراوە کە تاکەکان پاڵنەر بن بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن بەرەو باشترکردنی تەندروستی و لەشجوانی خۆیان.
- ئاڕاستەی نەرێنی: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستە کە هانی تاکەکان دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لە ئامانج یان ئامانجێکی دیاریکراو. ئاراستە نەرێنییەکان بە شێوەیەک داڕێژراون کە تاکەکان بێهیوا بکەن لە بەشداریکردن لە ڕەفتارێکی دیاریکراو یان گرتنەبەری کردارێکی دیاریکراو. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ بەرنامەی وازهێنان لە جگەرەکێشان ڕیکلامێک بڵێت "واز لە جگەرەکێشان بهێنە و تەندروستیت باشتر بکە!" ئەم ئاراستە نەرێنییە بۆ ئەوە دانراوە کە تاکەکان لە جگەرەکێشان بێهیوا بکات و هانیان بدات بۆ هەنگاونان بەرەو باشترکردنی تەندروستی خۆیان. [2].

3- **ئاڕاستە بە پێی بابەت:** ئەم جۆرەی ئاڕاستە دوو شێواز لە خۆدەگرێت کە پێکدێن:

---

(1) بن عيسا قزمزلي، اتجاهات طلبة الجامعات الفلسطينية نحو الاعلامية لقيادة فلسطين الفضائية للاحداث الداخلية،رسالة ماجستير غيرمنشورة،(جامعة الشرق الاوسط للدراست العليا،كلية الاداب، قسم الاعلام،2009) ص20

(2) حامد عبدالسلام الزهران، علم النفس الاجتماعي، ط5، (القاهرة: عالم الكتب، 1984) ص137

• ئاڕاستەی گشتی: ئاراستەی گشتی: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە نێوان دوو بابەتی نزیکەوە لێکدەدرێتەوە، زۆرجار ڕێنماییە گشتیەکان بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی بەکارهێنەران تێگەیشتنێکی گشتی لە بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک بدەن. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ ئۆتۆمبێلێکی نوێ ڕەنگە تایبەتمەندی و نرخی ئۆتۆمبێلەکە بەراورد بکات بە ئۆتۆمبێلەکانی دیکەی هاوشێوەی، ئەم ئاراستە گشتییە بۆ ئەوە دانراوە کە یارمەتی بەکارهێنەران بدات لەوە تێبگەن کە چۆن ئۆتۆمبێلەکە بەراورد دەکرێت بە ئۆتۆمبێلە هاوشێوەکانی دیکەی بازاڕ.

• ئاڕاستەی تایبەت: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستە کە زیاتر تایبەتە بە بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو. زۆرجار ڕێنماییە تایبەتەکان بەکاردەهێنرێن بۆ پێدانی زانیاری ورد سەبارەت بە بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک بە بەکارهێنەران. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ مۆبایلێکی زیرەکی نوێ لەوانەیە تیشک بخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی کامێرای مۆبایلەکە و تەمەنی پاتری و توانای هەڵگرتنی مۆبایلەکە. ئەم ئاراستە تایبەتە بە شێوەیەک دروستکراوە کە زانیاری ورد لەسەر مۆبایلەکە و چۆنیەتی بەراوردکردنی لەگەڵ مۆبایلە هاوشێوەکانی دیکەی بازاڕدا بە بەکارهێنەران.

4- **ئاڕاستە بە پێی کەسەکان** :ئەم جۆرەش دابەش دەبێت بۆ:

• ئاڕاستەی گشتی: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستە کە ژمارەیەک کەسی جیاواز تێیدا بەشدارن. زۆرجار ڕێنماییە گشتیەکان لە ڕیکلامەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی سەرنجی بەکارهێنەرانی بەرفراوان ڕابکێشن. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ چێشتخانەیەکی نوێی خواردنی خێرا لەوانەیە کۆمەڵێک کەس پیشان بدات کە پێکەوە چێژ لە خواردنەکە وەربگرن. ئەم ئاراستە گشتییە بۆ ئەوە دانراوە کە سەرنجی کۆمەڵێک کەسی بەرفراوان ڕابکێشێت کە چێژ لە خواردنی خێرا و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوڕێکانیان وەردەگرن.

• ئاڕاستەی تاکە کەس: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستەکردن کە بەپێی تاکەکەس دەگونجێت و لەسەر بنەمای ئاراستەی هیچ کەسێکی تر دانەنراوە. زۆرجار لە ڕیکلامدا ئاراستە تاکەکەسییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی سەرنجی بەکارهێنەرانی تایبەت ڕابکێشن. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ بەرهەمێکی نوێی چاودێری پێست لەوانەیە ژنێک پیشان بدات کە جۆرێکی تایبەتی پێستی هەیە کە ئەو بەرهەمە بەکاردەهێنێت و باس لەوە بکات کە چۆن پێستی باشتر کردووە. ئەم ئاراستە تاکەکەسییە بە شێوەیەک دروستکراوە کە سەرنجی بەکارهێنەران ڕابکێشێت کە جۆری پێستیان هاوشێوەیە و بەدوای بەرهەمێکدا دەگەڕێن کە پێستیان باشتر بکات.

5 **-ئاڕاستە بە پێی بارودۆخ: ئەم جۆرەش دابەش دەبێت:**

• ئاڕاستەی ئاشکرا: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستە کە بە دەنگی بەرز دەردەبڕدرێت و دوورە لە پەشیمانی و ترس، زۆرجار لە ڕیکلامەکاندا ئاراستەی ئاشکرا بەکاردەهێنرێت بۆ هاندانی بەکارهێنەران بۆ گرتنەبەری هەنگاو. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ فرۆشتنی ماوەیەکی سنووردار لەوانەیە ئاراستەی ئاشکرا بەکاربهێنێت بۆ هاندانی بەکارهێنەران بۆ ئەوەی بە خێرایی مامەڵە بکەن و پێش کۆتایی هاتنی فرۆشتنەکە کڕینێک یان کاڵایەک بکرن.

• ئاڕاستەی شاراوە: ئەمە جۆرێکە لە ئاراستە کە شاراوەیەو لە لایەن تاکەوە دانپێدانانی پێناکرێت، زۆرجار لە ڕیکلامەکاندا ئاراستە شاراوەکان بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی سەرنجی

ئارەزوو و پاڵنەرە نائاگاییەکانی بەکاربەران ڕابکێشن. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ ئۆتۆمبێلێکی لوکس ڕەنگە ئاراستەی شاراوە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئارەزووی بەکارهێنەران بۆ پێگە و ناساندنی کۆمەڵایەتی سەرنجڕاکێش بکات.[1]

## هەشتەم: پێکهێنانی ئاڕاستەکان

ڕەگەزەکان پێکهێنانی ئاڕاستەکان پەیوەست بە تاکەکەسەوە لە ڕووی بەرپرسیاریەتیەوە پێکدێن لە:

- خێزان: ئەزموونی خێزانی تاک دەتوانێت کاریگەری بەهێزی هەبێت لەسەر پێکهاتنی ئاراستەکەی. بۆ نموونە ئەگەر تاکێک لە خێزانێکدا گەورە بووبێت کە گرنگی بە بەهای بەردەوامیی ژینگەیی دەدات، لەوانەیە زیاتر بەدوای بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی دۆستی ژینگەدا بگەڕێت.[2]
- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکیش دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر دروستبوونی ئاراستەکەی، بۆ نموونە ئەگەر هاوڕێکانی تاکێک هەموویان ئارەزووی لەشجوانی و ژیانی تەندروستیان هەبێت، لەوانەیە زیاتر خووی هاوشێوە بگرنەبەر و بەدوای بەرهەمێکدا بگەڕێن کە لەگەڵ ئەو بەهایانە بگونجێت، ئەزموونە خودیە کەسیەکان یان ئەزموونە هاوشێوەکان کە لە ژیانیدا دووبارە دەبنەوە.
- ئەزموونە کەسییەکان: ئەزموونە کەسییەکانی تاکیش دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر پێکهاتنی ئاراستەکەی، بۆ نموونە ئەگەر تاکێک ئەزموونێکی نەرێنی لەگەڵ براندێکی دیاریکراودا هەبووبێت، لەوانەیە لە داهاتوودا کەمتر بەرهەم لەو براندە بکڕێت.[3]

## نۆیەم: قۆناغەکانی دروست بوونی ئاراستە:

**دروست بونی ئاراستە لای هەر تاکێک بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کە بریتین لە:**

1. قۆناغی درکردن بە زانین: لەم قۆناغەدا تاک لە ڕێگەی ژینگە و ئەزموونەکانییەوە زانیاری لەسەر بابەتێک یان کارێکی دیاریکراو بەدەست دەهێنێت، ڕیکلام دەتوانێت لەم قۆناغەدا ڕۆڵ بگێڕێت بە پێدانی زانیاری دەربارەی بەرهەم یان خزمەتگوزاری.
2. قۆناغی هەڵسەنگاندن: لەم قۆناغەدا تاک کارلێک لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە بەدەستی هێناوە دەکات و بە پشتبەستن بە چوارچێوەی مەعریفی خۆی هەڵیدەسەنگێنێت. ڕیکلام دەتوانێت لەم قۆناغەدا ڕۆڵ بگێڕێت بە تیشک خستنە سەر سوود و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک.[4]
3. قۆناغی بڕیاردان: لەم قۆناغەدا تاک بڕیاری تایبەت دەدات لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی بۆ زانیارییەکان، ئەگەر بڕیارەکان ئەرێنی بن، تاک ئاراستەیەکی ئەرێنی دەبێت بەرامبەر بە بابەتەکە،

---

(1)الدسوقي عبدة ابراهيم، وسائل و اسالب الاتصال الجماهيرية والاتجاهات الاجتماعية، (الاسكندرية،دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر،2004) ص152-154

(2) ايت موهب محامد، محددات اتجاهات جمهور الاشهار التلفزيوني الجزائري، رسالة دكتورا غير منشورة، ( جامعة الجزائير2،ابو القاسم سعد اللة: كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم علم الاجتماع والديموغرافيا، 2014) ص131

(3) جيهان احمد رشتي، الاسس العلمية لنضريات الاعلام، (القاهرة: دار لفكر العربي،1978) ص627

(4)احمد وحيد، علم النفس الاجتماعي،( عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، 2004) ص 46

لە کاتێکدا ئەگەر بڕیارەکان نەرێنی بن، تاک ئاراستەیەکی نەرێنی دەبێت بەرامبەر بە بابەتەکە.[1] ڕیکلام دەتوانێت لەم قۆناغەدا ڕۆڵ بگێڕێت بە بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی ئاراستە بۆ کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران و هاندانیان بۆ بڕیاردانی ئەرێنی. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ بەرهەمێکی تەندروستی نوێ لەوانەیە ئاراستەیەکی ئەرێنی بەکاربهێنێت بۆ هاندانی بەکارهێنەران بۆ هەڵبژاردنی تەندروست و گرنگیدان بە جەستەیان.[(2)]

زۆرجار خەڵک میدیا وەک ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە بارگرانی و بەرپرسیارێتی کار بەکاردەهێنن، لە ڕیکلامدا کۆمپانیاکان لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە بەکاربهێنن بۆ ناساندنی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکانیان وەک ڕێگەیەک بۆ دابینکردنی ڕێگایەک بۆ فشار و ماندوێتی کارکردن. بۆ نموونە کۆمپانیایەک کە پاکێجی پشوو دەفرۆشێت، ڕەنگە ڕیکلامێک بەکاربهێنێت کە خەڵک لە کەنار دەریایەکی خۆرگیردا ئارام دەگرن یان شارێکی نوێ دەگەڕێ، بە پێشکەشکردنی بەرهەمەکەیان وەک ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە فشارەکانی ژیانی ڕۆژانە، کۆمپانیاکە دەتوانێت سەرنجی بەکارهێنەران ڕابکێشێت کە بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی خۆیان ئارام بکەنەوە .[3]

## دەیەم: ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەریان هەیە لە گۆڕینی ئاڕاستەکان

1.ئاڕاستەیەکی ڕوونی بەهێزی پەیوەست بە تاکەکەس، بەرز و بە بەها و گرنگ وگونجاو.

2.گۆڕینی ئاڕاستە لەسەر وویستی خودی تاکەس.

3.ڕۆشنبیری تاکەکەس و سوربوون لەسەر ڕاکانی دەربارەی بابەتەکە.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کاریگەری گەورەیان هەیە لە دروستکردن و بەدەست هێنانی زانیاری بە شێوەیەکی فراوان دەربارەی بابەتە ئایدۆلۆجیەکان یان داهێنانەکان کە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی زانیاریەکانی جەماوەرە بەدەست دەهێنێت و بەرگری لێ دەکات دژی ئاڕاستە گۆڕاوەکان لە ڕێگەی بانگەشەی ڕاگەیاندن و زانین و ناسینی لایەنی نەیار [(4)].

ئەرکی سەرەکی ڕیکلام مامەڵەکردنە لەگەڵ ئاڕاستەکانی جەماوەر و بەکاربەردا، ئامانجی سەرەکی ڕیکلامیش دروستکردنی ئاڕاستەی نوێیە پەیوەست بە بەکاربەرەوە، پشتیوانیە لە ئاڕاستەیەک و هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکەی دیکە،لە ئێستادا بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە لەلایەن بەکاربەرەوە لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان و نرخەکانیان و خزمەتگوزاریەکانیان، ڕیکلام دەتوانێت کاریگەر لەسەر بیرو بڕیارەکانی بەکاربەر بەشێوەیەکی بەردەوام دابنێت لەسەر بابەتە وەک یەکە ڕیکلام بۆکراوەکان و بڕیاریان لە بارەوە بدات[(5)].

---

(1) بن عیسا قزمزلي، سەرچاوەی پێشوو، ص18

(2) جودت بني جابر، علم النفس الاجتماعي، (عمان: مكتبة دار الثقافة للنشر،2004) ص273

(3) سلام نصرالدين محمد، سەرچاوڕی پێشوو، ص83

( 4) هادي نعمان الهيتي، الاتصال والتغيير الثقافي، (بغداد، دارالحرية للطباعة، 1978) ص62

(5) راسم جاسم، خاليد شاكر جاويش، ادارة الاعلان واقتصادية، (القاهرة: مركز جامعة القاهرة للتعليم، 2000) ص155

## یانزەیەم :ڕێگاکانی گۆڕینی ئاڕاستەی بەکاربەر لەڕێگەی ڕیکلامەوە

سەبارەت بە گۆڕینی ئاڕاستەی بەرامبەر بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان چەند ڕێگایەک لەبەرچاودەگیرێت که بریتین لە:

1. تەرکیز لەسەر کێشەکان: زۆرجار فرۆشتن بەهۆی پێویستی چارەسەرکردنی کێشەیەکەوەیە، لە ڕیکلامی ڕیکلام دەبێت بەکاربەر بیربخاتەوە کە کێشەیەک پێویستە چارەسەر بکرێت.
2. پێشکەشکردنی ڕیکلام لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە: ئەو ڕیکلامانەی کە لەلایەن توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانەوە پشتگیری دەکرێن، کە تێیدا پسپۆڕان پشتگیری لە بەرهەمێک یان بیرۆکەیەک دەکەن، بەکارهێنەر بەرەو ئەنجامێکی لەبار دەگەیەنن سەبارەت بە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکەت. هەروەها بەراوردکردنی نرخ لە نێوان بەرهەمەکەت و بەرهەمی ڕکابەرێکدا لێکۆڵینەوە بۆ بەکاربەر دابین دەکات. جگە لەوەش یارمەتی بەکاربەر دەدات کە نەچێتە لای ڕکابەرەکانت وگۆڕانکاری لە تێگەیشتن بۆ تایبەتمەندیەکانی کاڵاکە، وادەکات کە هەندێک تایبەتمەندی و پاڵنەر هۆکاری سەرەکی بن لە هەڵبژاردنەکانی بەکاربەردا.
3. گۆڕانکاری لە تێگەیشتنەکانی بەکاربەر گۆڕانکاری لە تێڕوانینی بەکاربەران بۆ براندەکان دەتوانێت کاریگەری لەسەر شوێن و وێنەی ئەو براندانە هەبێت کە دەیانەوێت. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ ئۆتۆمبێلێکی نوێی تۆیۆتا لەوانەیە تیشک بخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆمبێلەکە، وەک خێرایی و ستایل و ئاسوودەیی، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەم تایبەتمەندیانە و پیشاندانی ئەوەی کە چۆن دەتوانن سوود بە بەکارهێنەر بگەیەنن، ڕیکلامەکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران هەبێت کە بیر لە کڕینی ئۆتۆمبێلە تویۆتا نوێیەکە بکەنەوە و ئاراستەیەکی نوێ بگرنەبەر کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی گواستنەوەیانەوە هەیە.[1]
4. دانانی ناوەڕۆکی ڕیکلام لەسەر تۆڕە دیارەکان کە بەکارهێنەران بۆ پێداویستیەکانیان ڕوویان تێدەکەن دەتوانێت ڕێگەیەکی کاریگەر بێت بۆ گەیشتن بە ئامادەبوونێکی فراوانتر و زیادکردنی متمانەی براندەکە. بۆ نموونە، ڕەنگە ڕیکلامێک بۆ خزمەتگوزارییەکی نوێی مۆبایل لە جۆری ئایفۆن لە ئەپڵ تیڤی یان ئەمازۆن پرایم دابنرێت، کە تۆڕەکانی پێشەنگن کە بەکارهێنەران بۆ پێداویستییە کات بەسەربردنەکانیان ڕوویان تێدەکەن، بە دانانی ڕیکلامەکە لەسەر ئەم تۆڕانە، خزمەتگوزاری مۆبایلی ئایفۆن دەتوانێت بگاتە ئامادەبوونێکی فراوانتر و متمانەی براندەکە زیاد بکات، چونکە بەکارهێنەران متمانەیان بەم تۆڕانە هەیە بۆ پێداویستییەکانیان سەردانیان دەکەن.[2]
5. گۆڕانکاری لە تێڕوانینی بەکاربەران بۆ براندە کێبەڕکێکارەکان دەتوانێت کاریگەری ڕیکلامی بەراوردکاری یان بەراوردکردنی نێوان بەرهەمێک و بەرهەمێکی بەهێزتر لە بازاڕدا هەبێت. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ مۆبایلێکی زیرەکی نوێ ڕەنگە تیشک بخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی مۆبایلەکە، وەک کوالیتی کامێرا و تەمەنی پاتری و خێرایی، هاوکات بەراوردکردنی بە بەرهەمێکی بەهێزتر لە بازاڕدا، وەک نوێترین ئایفۆن. بە جەختکردنەوە لەسەر سوودەکانی مۆبایلە زیرەکە

---

(1)هیثم الهيتي، الاعلام السياسی و الاخباری فی الفضائیات،(عمان: دار اسماء للنشرو التوزيع، 2008) ص114

(2). ناوی نوسەر نیە,Evolving TV Viewing Habits,April 16, 2021, https://adleverage.com/changing-tv-viewing-habits/ کاتی سەردانکردن 10-8-، 2022 2:PM

نوێیەکە و پیشاندانی چۆن دەتوانێت ڕکابەری لەگەڵ بەرهەمێکی بەهێزتر بکات لە بازاڕدا، ڕیکلامەکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران هەبێت کە بیر لە کڕینی مۆبایلە زیرەکەکە نوێ بکەنەوە و ئاراستەیەکی نوێ بگرنەبەر کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی تەکنەلۆژیاوە هەیە.

6. ڕیکلام پێویستە جەخت لەسەر پشتگیریکردنی ئاراستەکان یان دروستکردن و گۆڕینیان بکاتەوە لەبەر ئەم دوو هۆکارە سەرەکییە :

- بۆچوون و ئارەزووەکانی بەکاربەران دەتوانن بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕدرێن و ڕیکلام دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە داڕشتنی ئەو بۆچوون و ئارەزووانە. بۆ نموونە، ڕیکلامێک بۆ جلوبەرگی نوێ ڕەنگە تیشک بخاتە سەر نوێترین ڕەوتی مۆدە و نیشان بدات کە چۆن جلوبەرگ دەتوانێت یارمەتی بەکارهێنەران بدات لە ڕەوتەکەدا بمێننەوە. بە جەختکردنەوە لەسەر سوودەکانی جلوبەرگ و پیشاندانی چۆن دەتوانێت پشتگیری لە هەڵبژاردنی مۆدەی بەکاربەران بکات، ڕیکلامەکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران هەبێت کە بیر لە کڕینی هێڵی جلوبەرگی نوێ بکەنەوە .و ئاراستەیەکی نوێ بگرنەبەر کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی مۆدەکانیانەوە هەیە.
- گەڕان بەدوای مارکەی ڕکابەر بە پێی حەزو وویستەکانی لەسەر بنەمای مارکەیەکی دیکە، کەئەمە کۆمەڵێک ئامانجی ڕیکلامە کە پشتیوانی لە گۆڕینی ئاڕاستە و دروستکردنی ئاڕاستەی نوێ بۆماوەیەکی درێژ لەسەر بەکاربەرەکان دایان دەنێت.

مەبەستمان لە گۆڕینی ئاڕاستە ئەوەیە،کاریگەری ڕیکلامە لەسەر جەماوەرو ڕادەی باوڕپێکردنی جەماوەرە پێی، ئەگەر ئاڕاستەیەکی ئەرێنی بوو، چانسێکی باش فەراهەم دەکات کە ڕیکلام بۆ کاڵا و بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بکات، لەبەردەم جەماوەردا پێچەوانەکەشی ڕاستە.[1]

## دوانزەیەم: ڕێگاکانی درووست کردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کڕین لە ڕێگەی ڕیکلامەوە

1. هەستکردن بە پێداویستی: تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی بەکاربەر زۆر گرنگە بۆ بازرگانەکان بۆ دروستکردنی ستراتیژی کاریگەری بازرگانی. کاتێک بازرگانەکان لە پێداویستییەکانی بەکاربەر تێدەگەن، دەتوانن بەرهەم و خزمەتگوزاری دروست بکەن کە ئەو پێداویستیانە دابین بکەن. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی ڕەزامەندی کڕیار و دڵسۆزی و فرۆشتن. سەرەڕای ئەوەش، تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی بەکاربەر دەتوانێت یارمەتی بازرگانییەکان بدات بۆ دەستنیشانکردنی دەرفەتەکانی بازاڕ و پەرەپێدانی بەرهەم یان خزمەتگوزاری نوێ بۆ دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکان.
2. پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی بڕیاردانی بەکاربەردا. بەکارهێنەران زانیاری لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە کۆدەکەنەوە، وەک خێزان و هاوڕێیان، ڕیکلام، پێداچوونەوەی ئۆنلاین و تایبەتمەندییەکانی بەرهەم. کۆکردنەوەی زانیاری یارمەتی بەکارهێنەران دەدات کە بەدیلەکانی بەردەست هەڵسەنگێنن و دیاری بکەن کە کام بەرهەم یان خزمەتگوزاری بە باشترین شێوە پێداویستییەکانیان دابین دەکات. بۆ نموونە زۆرێک لە

---

( 1) راسم جاسم، خالید شاکر جاویش، سەرچاوەی پێشوو، ص185

بەکارهێنەران لە کاتی بڕیاردانی کڕین پشت بەبەدواداچوونی ئۆنلاین دەبەستن، بۆیە پێویستە بازرگانەکان زانیاری وورد لەسەر بەرهەمەکانیان لەئۆنلاین دابنێن[1]

3. شیکردنەوە و ناسینەوەی هەڵوێستەکان هەنگاوێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی بڕیاردانی بەکاربەردا. ئەم قۆناغە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ئەو هەڵبژاردانەی کە لەبەردەستدان و دیاریکردنی کام بژاردە باشترینە بۆ پێداویستییەکانی بەکاربەر.[2]
4. دیاری کردنی ئامانجەکان: دیاریکردنی ئامانجەکان: یارمەتیدەرە لە هەڵبژاردنی ڕێڕەوی ڕەفتارێکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکە، لەبەرئەوە بە هەنگاوێکی گرنگ هەژماردەکرێت، ئامانج سەنگێکە لە بڕیارداندا بەکاردەهێنرێت لەسەر ئاستی گونجاویی و سەرکەوتنی بڕیار.
5. قۆناغی هەڵسەنگاندن: ئەم قۆناغە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی وردی بەدیلەکانی پێشنیار کراو و بەراوردکردنیان بە پشتبەستن بەو پێوەرانەی کە زۆر گرنگن بۆ بەکاربەر. بۆ نموونە ئەگەر بەکارهێنەرێک بەدوای کڕینی لاپتۆپێکی نوێدا دەگەڕێت، ئەوا ڕەنگە بژاردەکانی بە پشتبەستن بە هۆکارەکانی وەک نرخ، خێرایی ئەزموونکردن، توانای هەڵگرتن و تەمەنی پاتری هەڵسەنگێنێت.[3]
6. قۆناغی کڕین: بە گشتی جێبەجێکردنی قۆناغی ڕەفتاری کڕین هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی بڕیاردانی بەکاربەردا چونکە ڕەنگدانەوەی هەماهەنگی نێوان پاڵنەرەکانی کڕین و تایبەتمەندییەکانی کاڵاکانە. بە کڕینی ئەو بەرهەمەی کە بە باشترین شێوە پێداویستیەکانیان دابین دەکات، بەکارهێنەران دەتوانن ئەنجامێکی سەرکەوتوو بەدەستبهێنن و هەست بە ڕازیبوون بکەن لە بڕیارەکەیان، بڕیاری کڕین لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە بەکاربەر هەوڵدەدات هەماهەنگیی دروستبکات لەنێوان پاڵنەرەکانی کڕین و تایبەتمەندییەکانی کاڵای مەبەستدا.[4]

( 1) شريف احمد شريف، الترويج والعلاقات العامة (مدخل الى الاتصال التسويقية)،( الاسكندرية:الدار الجامعة للطبع،2006) ص195

( 2) بلقيس بدرى، النوع والصنع القرار( بيروت: ألمؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،2008) ص22

( 3) رافع نصير الزغلول، عماد عبدالرحيم الزغلول، علم النفس المعريفي،(عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع،2003) ص328

( 4)ظاهر حمدامين صابر، سەرچاوەی پێشوو، ص50

# بەشی چوارەم:
# چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

## کۆمەڵگای توێژینەوە

## سامپڵی توێژینەوە

- تەوەری یەکەم: هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کردە ئاماریەکانی توێژینەوە
- تەوەری دووەم :خستنە ڕووی زانیاریە سەرەتاییەکان (دیمۆگرافیا)
- تەوەری سێهەم :پێوانە کردنی ڕاستگۆیی له ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان به پێ زانیاریە دیموگرافیەکان.
- تەوەری چوارەم: ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان
- تەوەری پێنجەم : ڕادەی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا
- تەوەری شەشەم :ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بە ڕادەی پابەند بوونی ڕیکلامەکانی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بە یاساو ئیتیکەوە
- تەوەری حەوتەم: ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان

# بەشی چوارەم
# چوار چێوەی مەیدانی توێژینەوە

## یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوە:

مەبەست لە کۆمەڵگای توێژینەوە ئەو کۆمەڵگەیە کە توێژەر توێژینەوەکەی تێدا دەکات، هەموو ئەو توێژانە دەگرێتەوە کە بەشداری توێژینەوەکە دەکەن، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دانیشتوانی سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەن، کە دابەش بوون بەسەر هەردوو ڕەگەزدا کە لە ڕووی پیشە و ئاستی خوێندن و تەمەن و باری خێزانی و داهاتی مانگانەدا جیاوازن، بەڕێگەی سامپڵی نا ئەگەرایی (عینە غیر احتمالیە)وەرگیراون، کە ژمارەیان 400 پەرتوێژ بووە لەو ڕێژەیە(339) پەرتوێژیان بە دروستی وەڵامیان داوەتەوە .

## دووەم : سامپڵی توێژینەوە:

بەشێکی دیاریکراوی هەموو توێژینەوەیەکە کە توێژەران بەئامانجی گشتاندنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەسەر کۆمەڵگەکەدا هەڵیدەبژرێت، سامپڵی ئەم توێژینەوە دانیشتوانی ناوەندی – سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەن کە بەشێوەی مەبەستدار لە توێژینەوەکە وەرگیراون.

## تەوەری یەکەم :
## هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کردە ئاماریەکانی توێژینەوە

ئەم بەشەی توێژینەوە بۆ لایەنی مەیدانی تەرخانکراوە،توێژەر هەوڵدەدات ئەنجامی تێڕوانینی بەرتوێژان بخاتە ڕوو، شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامەکان بکات، لەسەر بنەمایەکی زانستی جێگیری و ڕاستی، بڕگەکان خراونەتە ڕوو هەنگاوەکانی ئەنجامدانی پێکدێن لە :

1. دانانی بڕگەکانی ناو ڕاپرسیەکە و داڕشتنەوەیان
2. ڕێکخستنەوەی سەرجەم بڕگەکان
3. بڵاوکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی فۆرمەکان
4. دەرهێنانی جێگیری پێوانەیی( السبات)
5. پێوانەکردنی ڕاستی ڕەواڵەتی ( السدق)

### 1.دانانی بڕگەکانی ناو ڕاپرسیەکە و داڕشتنەوەیان :

پاش دانانی بڕگەکانی ناو ڕاپرسیەکە و داڕشتنەوەیان لەسەر بنەمای زانستی و ڕێزمانی کەپێکهاتبوو لە (55) پرسیار و دابەش بوو بەسەر (2) تەوەردا:

تەوەری یەکەم : زانیاریە کەسیەکان و ڕادەی بەرکەوتنی بەر توێژان بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کە پێکهاتووە لە (19) بڕگە.

تەوەری دووەم: ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان کە پێکهاتووە لە (36) بڕگە

### 2.ڕێکخستنەوەی بڕگەکانی ناو فۆڕمی ڕاپرسی:

دوای دانانی پرسیارەکان و ڕێکخستنی بڕگەکان، فۆڕمی پێوانەی ئامادەکراو بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و گونجاوی بڕگەکان دابەشکرا بەسەر( 5 ) پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن دا بەمەبەستی هەڵسەنگاندی سەرجەم بڕگەکان [1].

### 3.بڵاوکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی فۆڕمەکان

پاش داڕشتنەوەی کۆتا شێوەی ڕاپرسی کە لە پاشکۆی ژمارە( 1 ) خراوەتە ڕوو،توێژەر پرۆسەی ڕاپرسیەکەی بەناو دانیشتوانی سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە بڵاوکردەوە، بە شێوەی ( عینە غیر الاحتمالیە)جۆری ( عینە الدقە) بڵاوکردنەوە پاش وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان لە کۆی ( 400) فۆڕم (339)میان مەرجی زانستیان تێدابوو، بۆ ئەوەی زانیاریەکانیان کۆبکرێنەوە و شیکاریان بۆ بکرێت.

### 4.دەرهێنانی ڕاستی ڕەواڵەتی

باشترین ڕێگە بۆ پێوانەکردنی ڕاستی ڕواڵەتی، هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسیە لەلایەن چەند شارەزایەکی بوارەکەوە، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە و بڕیاردان لەسەر کۆتا شێوەی فۆڕمەکە، فۆڕمێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی سەرجەم بڕگەکان ئامادەکراوە و دراوە بە پسپۆڕان بەمەبەستی هەڵسەنگاندن، فۆڕمی هەڵسەنگاندی لە پاشکۆی ژمار(2) خراوەتە ڕوو، بۆ مەبەستی داڕشتنەوەی سەرجەم بڕگەکان توێژەر، تێبینی و پێشنیارەکانی پسپۆڕانی بەهەند وەرگرتووە، گۆڕانکاری پێویست لە بڕگەکانی فۆڕمەکە کراوە بەهای هەریەک لە بڕگەکان دیاریکراوە لەکۆی هەڵسەنگاندی سەرجەم بڕگەکان، پاش جێ بەجێ کردنی چەند گۆڕانکاریەکی کەم لە ڕێکخستنەوە و داڕشتنەوەی بڕگەکاندا ڕێژەی ڕەزامەند بوونی شارەزایان پێکهاتووە لە( 98.72% )

### 5.دەرهێنانی جێگیری پێوانەیی

توێژەر هاوکێشەی (الفا کرۆنباخ)ی بۆ تاقیکردنەوەی پێوەرەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکانی بەگشتی بەکارهێناوە، دەردەکەوێت کەبەهای جێگیری بریتیە لە (0.730)،کە بەبەهایەکی باش دادەنرێت ئاماژەیە بۆ جێگیری بڕگەکان.

---

(1) هەڵسەنگێنەرانی زانستی :

پ. د. ابتسام اسماعیل قادر – ڕاگەیاندن /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان - زانکۆی سلێمانی -

پ. د. ابراهیم سەعید فتح الله – ڕاگەیاندن /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- زانکۆی سلێمانی

پ. د. نەزاکەت حەمەسەعید – ڕاگەیاندن /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- زانکۆی سلێمانی

پ. د.عومەر ئەحمەد ڕەمەزان – ڕاگەیاندن /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- زانکۆی سلێمانی

پ. ی.د. یۆهان عوسمان – ڕاگەیاندن /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان - زانکۆی سلێمانی

تەوەری دووەم :

## خستنە ڕووی زانیاریە سەرەتاییەکان (دیمۆگرافیەکان)

لەم بە شەدا کاری مەیدانی  توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، لەدوای درووستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و دابەشکردنی بە شێوەی مەیدانی  لەماوەیەکی دیاری کراو، ڕاپرسیەکە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامدراوە بەو پێیە (400) فۆڕم بەشێوەی سامپڵی مەبەستدار دابەشکراوە، لەو ڕێژەیەش (339) فۆڕمیان بە دروستی پڕکراونەتەوە.

### 1.دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی تەمەن

دابەش بوونی بەرتوێژان، بە پێی تەمەن، تەمەنی نێوان 18 ساڵ بۆ 22 ساڵ زۆترین ژمارەی بەرتوێژان پێکدێنن کە ڕێژەکەی ئەکاتە 24.8% کۆی بەرتوێژان، وە بەدوای ئەمەدا تەمەنی 28 ساڵ بۆ 32 ساڵ پلەی دووەمی گرتووە، بە ڕێژەی 15.3% کۆی بەرتوێژان، وە کەمترین ڕێژەی ئەوکەسانەی کە بەژداری ئەم ڕاپرسیەی کردوە تەمەنی 48 ساڵ یان زیاتر بەڕێژەی 7.5% کۆی بەرتوێژانە، بڕوانە خشتەی(1)

خشتەی (1) ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن

| تەمەن | ج | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 18ساڵ کەمتر | 30 | 8.8 |
| 18- 22 ساڵ | 84 | 24.8 |
| 23 – 27 ساڵ | 35 | 10.3 |
| 28- 32 ساڵ | 52 | 15.3 |
| 33 – 37 ساڵ | 51 | 15.0 |
| 38 – 42 ساڵ | 34 | 10.0 |
| 43- 47 ساڵ | 28 | 8.3 |
| 48 ساڵ بەرەو ژوور | 25 | 7.5 |
| **کۆ** | **339** | **%100** |

### 2. دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی ڕەگەز

ئەنجامەکان دەریان خستووە کە زۆرترین ئەو کەسانەی بەشداری ئەم ڕاپرسیەیان  کردووە لە ڕەگەزی مێینەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە 51.0% ی کۆی بەرتوێژان، وە ڕەگەزی نێر ڕێژەی 49.0% بەرتوێژان پێکئەهێنن بڕوانە خشتەی ژمارە(2)

خشتەی (2)ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ج | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 166 | 49.0 |
| مێ | 173 | 51.0 |
| **کۆ** | **339** | **%100** |

### 3.دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی باری خێزانی

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە ،بە گوێرەی باری خێزانی بەشداربوانی  توێژینەوەکە بەم جۆرەبوون، (167) بەشداربوویان خێزاندار بووە کە ڕێژەی 49.3% کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنن، (144) بەشداربوو سەڵت بووە بە ڕێژەی 42.5% کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، (20) بەشداربوو

دەزگیراندار بووە بە ڕێژەی 5.9% کۆی بەرتوێژان پێکدەهنێت،کەمترین ڕێژەش، ئەوانەبوون جیابوونەتەوە کە ژمارەیان (8) بەشداربووە و 2.3% لە بەرتوێژان جیابوەوەن،بڕوانە خشتەی (3).

خشتەی (3) ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی باری خێزانی

| باری خێزانی | چ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خێزاندار | 167 | 42.5 |
| سەڵت | 144 | 49.3 |
| دەزگیراندار | 20 | 5.9 |
| جیابووەوە | 8 | 2.3 |
| **کۆ** | **339** | **%100** |

## 4.ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی پیشە

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە بەگوێرەی پیشەی بەشداربووەکان لە پلەی یەکەمدا پیشەی فەرمانبەر دێت، بەڕێژەی 31.0% کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، لە پلەی دووەمدا پیشەی خوێندکاردێت، بەڕێژەی 25.4% کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، وە پلەکانی دواتر پێکدێت لە (کاسب، خانەنشین ، بێکار) بەڕێژەی (22.1% ، 10.9% ، 4.1% ،) یەک بەدوای یەک کۆی بەرتوێژان پێکدێنێت، کەمترین ڕێژەی بەرتوێژان کە دەکاتە 3.8%پیشەیان کارمەندی کەرتی تایبەتە. بڕوانە خشتەی (4).

خشتەی (4) ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی پیشە

| پیشە | چ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | 105 | 31.0 |
| خوێندکار | 86 | 22.1 |
| کاسب | 75 | 25.4 |
| خانەنشین | 37 | 10.9 |
| بێکار | 14 | 4.1 |
| کەرتی تایبەت | 13 | 3.8 |
| **کۆ** | **339** | **%100** |

## 5.دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی داهات

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە داهاتی بەشداربووەکانی ڕاپرسیەکەبەم جۆرە بووە (164) بەشداربوو داهاتەکەیان لە یەک ملیۆن زیانر بووە کە دەکاتە (48.4%) پاشان (122) بەشداربوو مووچەکانیان، لەنێوان (500 هەزار بۆ یەک ملیۆن) بووە ڕێژەی (36%) پێکدەهێنن، دواتر (53) بەشداربوو داهاتەکەیان لە500 هەزار زیاتر بووە کە دەکاتە (15.6%) بڕوانە خشتەی (5)

خشتەی (5) ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی داهات

| داهات | چ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەک ملیۆن زیاتر | 164 | 48.4 |
| 500 هەزار بۆ یەک ملیۆن | 122 | 36.0 |
| 500 هەزار کەمتر | 53 | 15.6 |
| **کۆ** | **339** | **%100** |

## تەوەری سێهەم :

# پێوانە کردنی ڕاستگۆیی لەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بە پێی زانیاریە دیموگرافیەکان.

ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی بەم جۆرەیە:

### 1. بەپێی ڕەگەز

بۆ زانینی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان، لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) توێژەر (T-test)ی بەکارهێناوە، بە بەهای (0.40)، نمرەی ئازادی (338)، ئاماژەی (0.964)، دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری نیە لەنێوان هەردوو ڕەگەز بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی، ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەبەرئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئاماری یەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05). ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان، بڕوانە خشتەی(6)

خشتەی(6)ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | چ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 166 | 3.1417 | 1.26946 | 338 | 0.40 | 0.968 |
| مێ | 173 | 3.1408 | 1.24239 | | | |
| **کۆ** | **339** | | | | | |

### 2. بەپێی تەمەن

بۆ بەئاگابوونی لە ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی تەمەن، توێژەر (ANOVA) ی بەکارهێناوە، بەهای( 3.202) F)، بەنمرەی ئازادی (7-331) و ئاماژەی (0.002)، دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان تەمەنە جیاوازەکانی بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەبەر ئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و ئاماژە کەمترە لە (0.05)، هۆکاری ئەم ئاماژەدار نەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنەکانی (18- 22 ساڵ، 28- 32 ساڵ، 43- 47 ساڵ)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (1.575) بڕوانە خشتەی(7)

خشتە(7)ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی تەمەن

| تەمەن | چ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازاد | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 18 ساڵ کەمتر | 30 | 3.1565 | 1.2598 | لەناوگروپ | 5.043 | 7 | 3.202 | 0.002 |
| 18- 22 ساڵ | 84 | 3.2014 | 1.2569 | | | | | |
| 23 – 27 ساڵ | 35 | 3.0897 | 1.2985 | | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 28- 32 ساڵ | 52 | 3.1635 | 1.2713 | | | | | |
| 37 – 33 ساڵ | 51 | 3.0403 | 12486 | لەگەڵ گرووپ | 1.575 | 331 | | |
| 42 – 38 ساڵ | 34 | 3.1217 | 1.2248 | | | | | |
| 43- 47 ساڵ | 28 | 3.1637 | 1.2350 | | | | | |
| 48 ساڵ بەرەوژوور | 25 | 3.1544 | 1.2197 | | | | | |
| کۆ | 339 | | | | | | | |

## 3. باری خێزانی

بۆ بەئاگابوونی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی باری خێزانی، توێژەر (ANOVA) ی بەکارهێناوە، بەهای (8.701) F، بەنمرەی ئازادی (3- 335) و ئاماژەی (0.000)، دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان باری خێزانی بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەبەر ئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و ئاماژە کەمترە لە (0.05)، هۆکاری ئەم ئاماژەدار نەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ برگەی (جیابوەوە)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (1.574).بڕوانە خشتەی (8)

خشتەی(8)ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی باری خێزانی

| **باری خێزاني** | **ج** | **ناوەندی ژمێرەیی** | **لادانی پێوەری** | **جیاوازی** | **ناوەندی مربعات** | **نمرەی ئازاد** | **بەهای F** | **ئاماژە** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | 144 | 3.1875 | 1.2411 | لەناوگرووپ | 13.694 | 3 | 8.701 | 0.000 |
| خێزاندار | 167 | 3.1158 | 1.2583 | | | | | |
| دەزگیراندار | 20 | 2.9694 | 1.3443 | لەگەڵ گروپ | 1.574 | 335 | | |
| جیابوەوە | 8 | 3.2708 | 1.1789 | | | | | |
| **کۆ** | **339** | | | | | | | |

## 4. بەپێی پیشە

بۆ بەئاگابوونی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی پیشە، بەبەکارهێنانی، (ANOVA)، بەهای(5.173) F، بەنمرەی ئازادی(6-332)و ئاماژەی (0.000)، دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان پیشە جیاوازەکان بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەبەر ئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و ئاماژە کەمترە لە (0.05)، هۆکاری ئەم ئاماژەدار نەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنەکانی (خانەنشین، کەرتی تایبەت)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (1.573)، بڕوانە خشتەی (9)

خشتە(9) ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی پیشە

| **پیشە** | **ج** | **ناوەندی ژمێرەیی** | **لادانی پێوەری** | **جیاوازی** | **ناوەندی مربعات** | **نمرەی ئازاد** | **بەهای F** | **ئاماژە** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەر | 105 | 3.0987 | 1.2408 | لەناو گروپ | 8.140 | 6 | 5.173 | 0.000 |
| کاسب | 75 | 3.1630 | 1.2566 | | | | | |
| خوێندکار | 86 | 3.1557 | 1.2619 | | | | | |
| خانەنشین | 37 | 3.2492 | 1.2731 | | | | | |
| بێکار | 14 | 2.9881 | 1.3166 | لەگەڵ | 1.573 | 332 | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارمەند | 9 | 2.9784 | 1.2477 | گرووپ | | | | |
| کەرتی تایبەت | 13 | 3.2350 | 1.1799 | | | | | |
| کۆ | 339 | | | | | | | |

## 5. داهات

بۆ بەئاگابوون لە ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) توێژەر (ANOVA) ی بەکارهێناوە، بەبەهای( F (0.580، نمرەی ئازادی (2-336)، ئاماژەی (0.560)، دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری نیە لەنیوان داهات بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەبەرئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05). ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان داهات بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان، بڕوانە خشتەی (10)

خشتەی(10) ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی داهات

| داهات | چەندبارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازاد | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە 500 هەزار | 53 | 3.1242 | 1.2781 | لەناو گروپ | 0.914 | 2 | 0.580 | 0.560 |
| 500 بۆ یەک ملیۆن | 122 | 3.1321 | 1.2482 | | | | | |
| یەک ملیۆن زیاتر | 164 | 3.1536 | 1.2539 | لەگەل گروپ | 1.577 | 336 | | |
| کۆ | 339 | | | | | | | |

## تەوەری چوارەم:
## ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان

ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بەڕیکلامی تەلەفزیۆنەکانەوە لەڕێگەی (14) خشتەوە خراوەتەڕوو و شیکردنەوەی داتاکانی بۆکراوە.

1-ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان:

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە ڕادەی تەماشاکردنی ئاستی بەرتوێژان بۆکەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، زیاتر لەنیوەی بەرتوێژان بەپێی کات تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ئەکەن کەڕێژەکەی 65.8% کۆی بەرتوێژانە، ڕێژەی 26.5% لە کۆی بەرتوێژان تاڕادەیەک تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ئەکەن، تەنها ڕێژەی 7.7% ی بەرتوێژان بە بەردەوامی تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن کە ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمە بەراورد بە زۆری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، دیدی بەرتوێژان بۆ ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەشێوەیەکی نەرێنیەوە پێیان وایە کە ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی بەرتوێژان لاوازە بە ناوەندە ژمێرەی (2.58) و لادانی پێوەری (0.63). بڕوانە خشتەی (11)

خشتەی (11): ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان

| ڕادەی تەماشاکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان | ج | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | 26 | 7.7 | 2.58 | 0.63 |
| تاڕادەیەک | 90 | 26.5 | | |
| بەپێی کات | 223 | 65.8 | | |
| **کۆ** | **339** | **100.0** | | |

2- تەماشاکردنی جۆری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان :

ئەنجامەکان دەریان خستووە سەبارەت بە تەماشاکرنی بەرتوێژان بۆ تەلەفزیونە کوردییەکان، ڕێژەی53.4% لەکۆی، بەرتوێژان تەماشای هەردوو جۆر لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان (ناوخۆییەکان ، ئاسمانییەکان) دەکەن، بەدوای ئەمەدا بەرتوێژان بەڕێژەی 32.4% تەماشای کەناڵە ئاسمانیەکان دەکەن، کەناڵە ناوخۆییەکان تەنها ڕێژەی 14.2% بەرتوێژان تەماشایی دەکەن. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان ئەدات کە تێچوی کەناڵە ناوخۆییەکان زۆرە و بەشێک بەرتوێژان توانای دابینکردنی ئەو برە پارەیان نیە بۆ دەستەبەرکردنیان، بە ناوەندە ژمێرەی (2.39) و لادانی پێوەری (0.72)، بڕوانە خشتەی (12)

خشتەی (12): تەماشاکردنی جۆری کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان

| جۆری کەناڵەکان | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| ناوخۆییەکان | 48 | %14.2 | 2.39 | 0.72 |
| ئاسمانییەکان | 110 | %32.4 | | |
| هەردووکیان | 181 | %53.4 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

3- تەماشاکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان بەپێی جۆری کەناڵەکان

ئەنجامەکان دەریان خستووە سەبارەت بەوەی، دیارترین ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنیانە کامانەن کە متمانەیی پێدەکرێت و تەماشای دەکرێت لەلایەن بەرتوێژانەوە، توێژەر کەناڵەکانی دابەش کردووە بۆ دووبەشەوە، کەناڵە ئاسمانیەکان و کەناڵە ناوخۆییەکان. لە کەناڵە ئاسمانیەکاندا، زۆرترین ڕێژەی متمانەی کەناڵەکان لای بەرتوێژان بریتیە لە کەناڵی کوردماکس کە زۆرترین بەرتوێژان ئاماژەیان بەو کەناڵە داوە و متمانەیان پیەتی تا تەماشای بابەتەکانی بکەن کە ڕێژەی 13% پێکدەهێنێت لە کۆی بەرتوێژان، بەدوای کەناڵی کوردماکس، کەناڵی ڕوداو دێت کە بەرتوێژان متمانەیان پێیەتی و تەماشای بەرنامەکانی ئەکەن بەڕێژەی 11.70% لە کۆی بەرتوێژان، وە کەمترین متمانەی کەناڵە ئاسمانیەکان لەلای بەرتوێژان پێکدێت لە کەناڵی گەلی کوردسان بە ڕێژەی 2.23%، کەناڵەکانی تر کە پێکدێن لە کەناڵەکانی (بین سپۆرت، MBC ، الجزیرە العربیە) هیچ متمانەیەکیان لای بەرتوێژان دروست نەکردوە تا تەماشایی بکەن. کەناڵە ناوخۆییەکان، زۆرترین ڕێژەی متمانەی کەناڵەکان لای بەرتوێژان بریتیە لە کەناڵی هەڵەبجە TV کە زۆرترین بەرتوێژان ئاماژەیان بەو کەناڵە داوە و متمانەیان پێیەتی تا تەماشای بابەتەکانی بکەن کە ڕێژەی 14.90% پێکدەهێنێت لە کۆی بەرتوێژان، بەدوای هەڵەبجە TV کەناڵی زێد پڵەس و زێد دێت کە بەرتوێژان متمانەیان پێیەتی و تەماشای بەرنامەکانی ئەکەن بەڕێژەی 12.95% لە کۆی بەرتوێژان، وە کەمترین متمانەی کەناڵە ئاسمانیەکان لەلای بەرتوێژان پێکدێت لە کەناڵی زنار بە ڕێژەی 1.21%، بڕوانە خشتەی(13)

خشتەی (13): ڕادەی تەماشاکردنی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان بەپێی جۆری کەناڵەکان

| کەناڵە ئاسمانیەکان | | | کەناڵە ناوخۆییەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەناڵە ئاسمانیەکان | چ | ڕێژەی سەدی | کەناڵە ناوخۆییەکان | چ | ڕێژەی سەدی |
| کوردماکس | 320 | %13 | هەڵەبجەTV | 345 | %14.90 |
| ڕوداو | 288 | %11.70 | زێدپڵەس | 300 | %12.95 |
| ئێن ئاڕ تی | 250 | %10.16 | ئافەرین | 300 | %12.95 |
| K24 | 238 | %9.67 | زێد | 240 | %10.36 |
| نێت تیڤی | 218 | %8.95 | سپۆرت gk | 238 | %10.28 |
| سپیدە | 207 | %8.41 | ئێن ئاڕتی سپۆرت | 201 | %8.68 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پەیام | 198 | %8.04 | جۆجۆماما | 200 | %8.63 |
| ئامۆژگاری | 195 | %7.9 | کوردستان سپۆرت | 100 | %4.32 |
| کوردسات نیوز | 185 | %7.52 | کەناڵەکانی فامیلی | 88 | %3.81 |
| NRT4 | 120 | %4.87 | ڕەنگ | 87 | %3.75 |
| NRT3 | 99 | %4.02 | وارتیڤی | 78 | %3.42 |
| NRT2 | 87 | %3.53 | ئەستێرە | 55 | %2.37 |
| گەلی کوردستان | 55 | %2.23 | نیولاین | 55 | %2.37 |
| هیتر | 0 | 0 | زنار | 28 | %1.28 |
| کۆ | 2460 | %100 | | 2315 | %100 |

4- ماوەی تەماشاکردنی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان

ئەنجامەکان دەریان خستووە سەبارەت بە ماوەی تەماشاکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان، زۆرترین ڕێژەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان کەمترە لە کاژمێرێک بە ڕێژەی 37.2% لە کۆی بەرتوێژان، کەمترین ڕێژەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەنێوان 3 بۆ 4 کاژمێرە بە ڕێژەی 20.9%، لە کۆی بەرتوێژان بە ڕێژەی 20.9% لە بەرتوێژان 2 کاژمێر بۆ 3 کاژمێر تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن. دەرئەنجام ئەوەمان پیشان ئەدات کە بەرتوێژان کاتێکی کەمتر بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان تەرخان دەکات بە ناوەندە ژمێرەی (1.95) و لادانی پێوەری (0.89)،بڕوانە خشتەی(14)

خشتەی (14): ماوەی تەماشاکردنی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان

| کاتژمێری سەیرکرن | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە1 کاتژمێر | 126 | %37.2 | 1.95 | 0.89 |
| 1- 2کاتژمێر | 124 | %36.6 | | |
| 2- 3 کاتژمێر | 71 | %20.9 | | |
| 3- 4 کاتژمێر | 18 | %5.3 | | |
| 4 کاتژمێر زیاتر | 0 | 0 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

شێوازی تەماشاکردن بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت به شێوازی تەماشاکردن بۆ کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان، لە پلەی یەکەمدا بەرتوێژان ئەیانەوێ تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بکەن لەگەڵ ئەندامانی خێزان بەڕێژەی 75.5%، وە بەڕێژەی17.7% لە بەرتوێژان ئەیانەوێ بەتەنها تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بکەن کە بە پلەی دووەم دێت، کەمترین ڕێژەی بەرتوێژان ئەیانەوێ تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بکەن لەگەڵ هاوڕێکانیان بە ڕێژەی 6.8% لە کۆی بەرتوێژان بە ناوەندە ژمێرەی (1.89) و لادانی پێوەری (0.48)، بڕوانە خشتەی (15)

خشتەی (15): شێوازی تەماشاکردن بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان

| تەماشاکردن لەگەڵ کێدا | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بە تەنها | 60 | %17.7 | 1.89 | 0.48 |
| لەگەڵ ئەندامانی خێزان | 256 | %75.5 | | |
| لەگەڵ هاوڕیانم | 23 | %6.8 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

5- ڕادەی تەماشاکردن بۆ ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت بە ڕادەی تەماشاکردن بۆ ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان، بەم جۆرەن،نزیکەی نیوەی بەرتوێژان بەپێی کات تەماشای ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن بەڕێژەی 48.7%، بەرتوێژان بەڕێژەی 46.9% تاڕادەیەک تەماشای ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن، تەنها بەڕێژەی 4.4% لە کۆی بەرتوێژان بەبەردەوامی تەماشای ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەرتوێژان سەرقاڵی کاری ڕۆژانەیانن و ناتوانن بەبەردەوامی تەماشای کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان بکەن، بە ناوەندە ژمێرەی (2.44) و لادانی پێوەری (0.57) بڕوانە خشتەی (16)

خشتەی (16): ڕادەی تەماشا کردن بۆ ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەلای بەرتوێژان

| ڕادەی تەماشاکردنی ڕیکلام | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | 15 | %4.4 | 2.44 | 0.57 |
| تاڕادەیەک | 159 | %46.9 | | |
| بەپێی کات | 165 | %48.7 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

6- هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت بە هۆکاری تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆ ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەلای بەرتوێژان، زۆرترین ڕێژەی هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چاوەڕوانی بڕگەی دواتری بەرنامەتەلەفزیۆنیەکان کە ڕێژەی 56.0% لە کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، کەمترین ڕێژەی هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنە کوردییەکان ئەگەڕێتەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بە ڕێژەی 3.5% لە کۆی بەرتوێژان، بەڕێژەی 20.6% لە بەرتوێژان تەنها بۆ کات بەسەربردن تەماشای ڕیکلامە تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن، بە ڕێژەی 13.9% لە بەرتوێژان چاوەڕوانی بەرنامەی نوێ ئەکەن لە تەماشای ڕیکلامە تەلەفزیۆنە کوردییەکان، هۆکارەکانی تر تەنها بەڕێژەی 5.9% لە کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنن کە گوزارشتن لە تایبەتمەندی و تێڕوانینی کەسەکان بۆ تەلەفزیۆن و ڕیکلامەکان دەکات. دەرئەنجام ئەوەمان پیشان ئەدات کە بەرتوێژان گرنگیەکی زۆر بەتەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان نادەن، گرنگترین هۆکاری بەرنامەی دوای ڕیکلامەکە یە نەک خودی ڕیکلامەکە بەلایانەوە گرنگ بێت بە ناوەندە ژمێرەی (2.60) و لادانی پێوەری (1.039).بڕوانە خشتەی(17)

خشتەی (17):هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان

| هۆکاری سەیرکردن | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| کات بەسەر بردن | 70 | %20.6 | 2.60 | 1.039 |
| چاوەڕوانی بەرنامەی نوێ | 47 | %13.9 | | |
| چاوەڕوانی برگەی دواتری بەرنامەتەلەفزیۆنیەکان | 190 | %56.0 | | |
| بەدەست هێنانی زانیاری دەربارەی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان | 12 | %3.5 | | |
| هیتر | 20 | %5.9 | | |
| کۆ | **339** | **%100** | | |

7- پشت بەستن بەجۆری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ تەماشاکردنی ڕیکلام

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت بەوەی بەرتوێژان زیاتر لە چ کەناڵێکەوە تەماشای ڕیکلامەکان دەکەن. توێژەر کەناڵەکانی دابەش کردووە بۆ دووبەشەوە، کەناڵە ئاسمانیەکان و کەناڵە ناوخۆییەکان. لە کەناڵە ئاسمانیەکاندا،زۆرترین ڕێژەی تەماشاکردنی ڕیکلامەکانە لەکەناڵەکاندا لەلایەن بەرتوێژان بریتیە لە کەناڵی کورد ماکس کە زۆرترین بەرتوێژان ئاماژەیان بەو کەناڵە داوە و متمانەیان پێیەتی تا تەماشای بابەتەکانی بکەن کە ڕێژەی 12.75% پێکدەهێنێت لە کۆی بەرتوێژان، بەدوای کەناڵی کوردماکس کەناڵی ڕوداو دێت کە بەرتوێژان متمانەیان پێیەتی و تەماشای ڕیکلامەکانی ئەکەن بەڕێژەی 12.14% لە کۆی بەرتوێژان، کەمترین تەماشکردنی ڕیکلامەکان لەلای بەرتوێژان کەناڵە ئاسمانیەکان لە کەناڵی گەلی کوردسان بە ڕێژەی 1.61%. کەناڵە ناوخۆییەکان، زۆرترین ڕێژەی متمانەی کەناڵەکان لای بەرتوێژان بۆ تەماشاکردنی ڕیکلامەکان بریتیە لە کەناڵی هەڵەبجە TV کە زۆرترین بەرتوێژان ئاماژەیان بەو کەناڵە داوە و متمانەیان پێیەتی تا تەماشای ڕیکلامەکانی بکەن کە ڕێژەی 24.1 % کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، بەدوای هەڵەبجە TV کەناڵی زید کە بەرتوێژان متمانەیان پێیەتی و تەماشای ڕیکلامەکانی دەکەن بەڕێژەی 19.34% لە کۆی بەرتوێژان، وە کەمترین متمانەی کەناڵە ئاسمانیەکان لەلای بەرتوێژان پێکدێت لە کەناڵی زنار و ئەستێرە بە ڕێژەی 1.93%. بڕوانە خشتەی ژمارە(18)

خشتەی (18): پشت بەستن بەجۆری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ تەماشاکردنی ڕیکلام

| کەناڵە ئاسمانیەکان | | | کەناڵە ناوخۆییەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەناڵە ئاسمانیەکان | چ | ڕێژەی سەدی | کەناڵە ناوخۆییەکان | چ | ڕێژەی سەدی |
| NRT | 255 | %10.32 | زێدپلەس | 100 | %9.67 |
| ڕوداو | 300 | %12.14 | هەڵەبجە TV | 250 | %24.1 |
| کورسات نیوز | 178 | %7.20 | زنار | 20 | %1.93 |
| گەلی کوردسان | 40 | %1.61 | ئافڤرین | 100 | %9.67 |
| K24 | 200 | %8.09 | NRT سپۆرت | 120 | %11.60 |
| پەیام | 250 | %10.12 | زێد | 200 | %19.34 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سپێدە | 220 | %8.91 | جۆجۆماما | 87 | %8.41 |
| کوردماکس | 315 | %12.75 | ئەستێرە | 20 | %1.93 |
| ئامۆژگاری | 100 | %4.04 | ڕەنگ | 0 | 0 |
| NRT2 | 212 | %8.58 | نیولاین | 0 | 0 |
| NRT4 | 120 | %4.85 | Sport gk | 87 | %8.41 |
| NRT3 | 80 | %3.23 | Kurdistan Sport | 50 | %4.94 |
| Net TV | 200 | %8.16 | کەناڵەکانی فامیلی | 0 | 0 |
| کۆ | 2470 | %100 | کۆ | 1034 | %100 |

8- ئاستی متمانەبوون بەناوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت بە ئاستی متمانەبوون بەناوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان، زیاتر لە نیوەی بەرتوێژان تاڕادەیەک متمانە بە ناوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن بەڕێژەی 62.8%. هەروەها 10.0% لە کۆی بەرتوێژان متمانە بە ناوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن، 27.1% لە کۆی بەرتوێژان متمانەی کەم بە ناوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن ، بە ناوەندە ژمێرەی (2.17) و لادانی پێوەری (0.58) بڕوانە خشتەی ژمارە (19)

خشتەی (19): ئاستی متمانەبوون بەناوەڕۆکی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان

| ناوەڕۆکی ڕیکلامەکان | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| متمانەی پێدەکەم | 34 | %10.0 | 2.17 | 0.58 |
| تاڕادەیەک | 213 | %62.8 | | |
| متمانەی کەم پێدەکەم | 92 | %27.1 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

9- هۆکاری نەبونی متمانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن هۆکاری نەبونی متمانەی بەرتوێژان بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان بەم جۆرەیە، زۆرترین ڕێژەی نەمانی متمانە بۆ بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بە ڕێژەی 31.6% لە کۆی بەرتوێژان، کەمترین ڕێژەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی تر بە ڕێژەی 2.4% لە کۆی بەرتوێژان کە ئەوان هۆکارەکانی تریان بۆ نەزانین لە دروستکردنی ڕیکلامەکان و سەپاندنی بیرکردنەوەی ڕیکلامکار و بەرژەوەندی ڕیکلامکار ئاماژە پێداوە، 23.0% لە بەرتوێژان هۆکارەکەی نەبونی متمانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان دەگەڕێنەوە بۆ هاوشێوەیی لە کاڵاو بەرهەمە ڕیکلام بۆ کراوەکان ، 19.2% لە بەرتوێژان هۆکارەکەی نەبونی متمانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە

کوردییەکان دەگەڕێنەوە بۆ لاوازی کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان، 15.3% لە بەرتوێژان هۆکارەکەی نەبونی متمانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان دەگەڕێنەوە بۆ یەکنەگرتنەوەی ڕیکلامەکان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردی، 8.6% لە بەرتوێژان هۆکارەکەی نەبونی متمانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان دەگەڕێنەوە بۆ پابەند نەبوون بە بەها کۆمەڵایەتیەکان بە ناوەندە ژمێرەی (2.57) و لادانی پێوەری (1.40)، بڕوانە خشتەی (20)

خشتەی (20): هۆکاری نەبوونی متمانە بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان

| هۆکارەکان | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا نیە | 107 | %31.6 | 2.57 | 1.40 |
| هاوشێوەیی لە کاڵاو بەرهەمە ڕیکلام بۆ کراوەکان | 78 | %23.0 | | |
| لاوازی کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان | 65 | %19.2 | | |
| یەکنەگرتنەوەی ڕیکلامەکان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردی | 52 | %15.3 | | |
| پابەند نەبوون بە بەها کۆمەڵایەتیەکان | 29 | %8.6 | | |
| هیتر | 8 | %2.4 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

10- تایبەتمەندیەکانی دروستکردنی متمانە بە ڕیکلامەکان لای بەرتوێژان

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنە ڕوو سەبارەت بەوەی ئەو تایبەتمەندیانە کە متمانە بە ڕیکلامەکان دروست دەکات لای بەرتوێژان چین ، زۆرترین ڕێژەی ئەو تایبەتمەندیانە کە بەرتوێژان متمانەت بە ڕیکلامەکان دروست دەکات لایان لە تاقیکردنەوە و بەکار هێنانی پێشتری بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان کە 52.2% لە کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، کەمترین ڕێژەی ئەو تایبەتمەندیانە کە بەرتوێژان متمانەت بە ڕیکلامەکان دروست دەکات پێکدێت لە هۆکارەکانی تر بە ڕێژەی 8.0% لە کۆی بەرتوێژان پێکدەهێنن، کە بەرتوێژان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە مارکە و براندەکان و لۆگۆکانیان متمانەی زیاتریان پێدەبەخشێت، 29.2% لە بەرتوێژان ئەو تایبەتمەندیانە کە بەرتوێژان متمانەت بە ڕیکلامەکان دروست دەکات پێکدێت لە جۆری ئەو بابەتی ڕیکلامەکەی بۆ دەکرێت، 10.6% ئەو تایبەتمەندیانە کە بەرتوێژان متمانەت بە ڕیکلامەکان دروست دەکات پێکدێت لە ناسراوی ڕیکلامکارەکە، بە ناوەندە ژمێرەی (2.38) و لادانی پێوەری (0.99) بڕوانە خشتەی (21)

خشتەی (21): ئەو تایبەتمەندیەکانی دروستکردنی متمانە بە ڕیکلامەکان لای بەرتوێژان

| تایبەتمەندیەکان | چ | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| جۆری ئەو بابەتی ڕیکلامەکەی بۆ دەکرێت | 99 | %29.2 | 2.38 | 0.99 |
| ناسراوی ڕیکلامکارەکە | 36 | %10.6 | | |
| تاقیکردنەوە و بەکار هێنانی پێشتری بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان | 177 | %52.2 | | |
| هیتر | 27 | %8.0 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

11- ئاستی گرنگییدان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لای بەرتوێژان

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت بە ئاستی گرنگییدان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لای بەرتوێژان ، 17.31% لەکۆی بەرتوێژان زیاتر تەماشای ڕیکلامی جوانکاری یان یەکەی نیشتەجێ بوون ئەکەن، 16.15% بەرتوێژان زیاتر تەماشای ئە ڕیکلامانە ئەکەن کە باس لە پێداویستی ناوماڵ دەکەن، 15.57%بەرتوێژان ئارەزووی سەیرکردنی ڕیکلامە گەشتیارەکان دەکەن، 12.69% لە بەرتوێژان ئارەزوی تەماشاکردنی ڕیکلامی جلوبەرگ دەکەن. کەمترین ڕێژەی بەرتوێژان ئارەزوی سەیرکردنی ئەو ڕیکلامانە دەکەن کە باس لە ناوەندی خوێندن دەکات بڕوانە خشتەی (22)

خشتەی (22):ئاستی گرنگی دان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لای بەرتوێژان

| جۆری ریکلام | چ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| جوانکاری | 300 | %17.31 |
| یەکەی نیشتەجێ بوون | 300 | %17.31 |
| پێداویستی ناوماڵ | 280 | %16.15 |
| گەشتیاری | 270 | %15.57 |
| جل وبەرگ | 220 | %12.69 |
| ئوتۆمبێل | 150 | %8.65 |
| پەیوەندیکردن ئینتەرنێت | 100 | %5.81 |
| خۆراک | 85 | %4.90 |
| ناوەندەکانی خوێند | 28 | %1.61 |
| کۆ | 1733 | %100 |

12- بایەخدان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت بە ئاستی بایەخدان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لای بەرتوێژان ، 67.6% بەرتوێژران کە زۆرترین پێیان وایە، ئەو ڕیکلامانەی کە مۆدێلەکان تیایدا بەشدارن جێگەی ڕەزامەندی ئەوانن، 2.4% کەمترین ڕێژەی ئەو بەرتوێژانەن کە ئەو ڕیکلامانەی کە ڕەگەزی مێینە تیایدا بەشدارە هەڵبژاردووە، 15.9% لەبەرتوێژان بڕگەی ئەو ڕیکلامانەیان هەڵبژاردووە کە هونەرمەندەکان تیایدا بەشدارن، 9.4% لە بەرتوێژان ڕەزامەندیان لەو ڕیکلامانەیە

که ڕاستەوخۆ باس لە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دەکات، 4.7% لە بەرتوێژان ڕەزامەندیان لەو ڕیکلامانەیە کە پیشەکەشکاریان تێدایە ، بە ناوەندە ژمێرەی (2.96) و لادانی پێوەری (1.11) بڕوانە خشتەی (23)

خشتەی (23):ئاستی بایەخدان بە جۆری بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لای بەرتوێژان

| ڕیکلامی جێگەی ڕەزامەندی | ج | ڕێژەی سەدی | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| ئەو ڕیکلامانەی مۆدێلەکان تیایدا بەشدارن | 229 | %67.6 | 2.96 | 1.11 |
| ئەو ڕیکلامانەی هونەرمەندان تیایدا بەشدارن | 54 | %15.9 | | |
| ئەو ڕیکلامانەی ڕاستەوخۆ باس لەبەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دەکات | 32 | %9.4 | | |
| ئەو ڕیکلامانەی پیشەکەشکاریان تێدایە | 16 | %4.7 | | |
| ئەوڕیکلامانەی کە ڕەگەزی مێینە تیایدا بەشدارە | 8 | %2.4 | | |
| **کۆ** | **339** | **%100** | | |

13- جۆری ڕیکلامە سەرنجڕاکێشەکان بە پێی شێوازی پەخشکردن:

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن سەبارەت بە جۆری ئەو ڕیکلامانەی لای بەرتوێژان جێگەی سەرنجن، زۆرترین ڕێژەی ئەو ڕیکلامانەی کە سەرنجی بەرتوێژان ڕائەکێشێت بریتیە لە ڕیکلامی شێوەی گفتوگۆ بە ڕێژەی 37.2% لە کۆی بەرتوێژان، کەمترین ڕێژەی ئەو ڕیکلامانەی کە سەرنجی بەرتوێژان ڕائەکێشێت، بریتیە لە ڕیکلامی ڕاستەوخۆ بە ڕێژەی 13.1% لە کۆی بەرتوێژان، 25.8% لە بەرتوێژان ڕیکلامی گۆرانی ئامێز یان هەڵبژاردووە، 23.9% لە بەرتوێژان ڕیکلامی درامی یان هەڵبژاردووە، بڕوانە خشتەی (24)

خشتەی (24): جۆری ئەو ڕیکلامانەی لای بەرتوێژان جێگەی سەرنجن

| جۆری ڕیکلام | ج | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕیکلامی گۆرانی ئامێز | 195 | %25.8 |
| ڕیکلامی درامی | 180 | %23.9 |
| ڕیکلامی ڕاستەوخۆ | 98 | %13.1 |
| ڕیکلامی شێوەی گفتوگۆ | 280 | %37.2 |
| **کۆ** | **753** | **%100** |

## تەوەری پێنجەم :

## ڕادەی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا

سەرجەم بڕگەکانی بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا ئەنجامە ئامارییەکانیان بەم جۆرەیە:

بەهای(T)= 103.76

ناوەندی خشتەیی = 30.5

ناوەندی ژمێرەیی = 3.05 (دڵنیانیم)

نمرەی ئازادی = 338

لادانی پێوەری = 1.08

ئاستی ئاماژە (0.000) کە لە ئاستی ئاماژەداری ستاندارد کەمترە کە (0.05) مانای وایە جیاوازی هەیە لە نێوان بڕگەکاندا.

لە کۆی سەرجەم (10) بڕگەی بۆچونی بەرتوێژان ناوەندی ژمێرەیی (3.05) واتا (دڵنیانیم)، کە لە ئەنجامی دابەشکردنی ناوەندی خشتەیی بەسەر ژمارەی بڕگەکاندا وە بەهای ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی گشتی کە بەهاکەی (3.0) ئەمەش ئەوە پیشان ئەدات کە تەواوی بڕگەکان پەسەندکراوە لەلایەن بەرتوێژان، وە لادانی پێوەری (1.08).

خشتەی (25) ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا پیشان دەدات لە چوارچێوەی (10) بڕگەدا بۆچونی بەرتوێژان وەرگیراوە. توێژەر هەریەکێک لە بڕگەکانی ڕونکردۆتەوە و داتاکانی خستۆتە ڕوو هەروەها ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمێرەو لادانی پێوەری و ڕیزبەندی هەریەکێک لە بڕگەکانی شیکارکردووە.

**بڕگەی یەکەم: ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بەشێوەیەکی باش بوونی هەیە.**

ڕێژەی (7.7%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بەشێوەیەکی باش بوونی هەیە، (33.3%) دڵنیانین لەوەی ڕاستگۆیی بەشێوەیەکی باش بوونی هەیە لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا، (59%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەوەی کە ڕاستگۆیی هەبێت بەشێوەیەکی باش لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا،بە ناوەندی ژمێرەیی ( 2.29%)، ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانیم) و لادانی پێوەری (0.95%)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕنین لەسەر ئەوەی کە ڕاستگۆی بەشێوەیەکی باش بونی هەبێ لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا واتە لەڕووی ڕاستگۆییەوە ڕیلام لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکانەوە لاوازە.

**بڕگەی دووەم: بڕوام بەو زانیاریانە هەیە کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە.**

ڕێژەی (21.8) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر بڕوا بوون بەو زانیاریانە هەیە کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، (26.3) دڵنیانین لەسەر بڕوا بوون بەو زانیاریانە هەیە کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، (52%)ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر بڕوا بوون بەو زانیاریانە هەیە کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.28)، ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانیم) و لادانی پێوەری (0.93)ە، ئەمەش

دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین لەسەر ئەو زانیاریانەی  کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە زانیاری ناو ڕیلامە کوردییەکان ڕەچاوی پێوەرە زانستیەکان ناکات بۆ ڕازیکردنی بەرتوێژان.

## بڕگەی سێیەم: لەڕیکلامە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا زیاتر کار لەسەر خستنە ڕووی ڕاستیەکان دەکرێت.

ڕێژەی (14.4%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕا ن لەسەر زیاتر کارکردن لەسەر خستنە ڕووی ڕاستیەکان لە لەڕیکلامە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا، (28.6%) دڵنیانین لەسەر زیاتر کارکردن لەسەر خستنە ڕووی ڕاستیەکان، لەڕیکلامە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا، ( 57%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر زیاتر کارکردن لەسەر خستنە ڕووی ڕاستیەکان لە لەڕیکلامە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.48%) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانیم) و لادانی پێوەری (1%)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین لەسەر زیاتر کارکردن لەسەر خستنە ڕووی ڕاستیەکان لە لەڕیکلامە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا، ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە بەرتوێژان ناتوانن بڕیاریکی دروست بدەن لەسەر ڕاستگۆی یان ناڕاستگۆی ڕیکلامەکان لە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا ئەم ئەنجامە دوبارە پشڕاستی بڕگەی یەکەم و دووەم ئەکات لەسەر ڕاستیەکان لە ڕیکلام تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا.

## بڕگەی چوارەم: بەرکەوتنم بە شێوەیەکی بەردەوام یارمەتیدەرە لە بڕوابونم بە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکان.

ڕێژەی (65.2%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر بەرکەوتنیان بە شێوەیەکی بەردەوام کە یارمەتیدەرە لە  بڕوابونیان بە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکان، ( 10.6%) دڵنیانین لەسەر بەرکەوتنیان بە شێوەیەکی بەردەوام کە یارمەتیدەرە لە  بڕوابونیان بە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکان،( 24.2%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر بەرکەوتنیان بە شێوەیەکی بەردەوام، یارمەتیدەرە لە بڕوابونیان بە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکان، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.74) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕام) و لادانی پێوەری (1.43)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر بەرکەوتنیان بە شێوەیەکی بەردەوام ،یارمەتیدەرە لە  بڕوابونیان بە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکان، ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە بەرتوێژان بەرکەوتنیان بەشێوەیەکی بەردەوام هەیە بۆ ڕیکلامە کوردییەکان بۆیە توانای بڕیاردانیان نیە، لەسەر ڕاستگۆی لە ڕیکلام لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکان وەک لە بڕگەکانی پێشتر ئیشارەتی پێکراوە.

## بڕگەی پینجەم: سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا تەواو بەرجەستە دەکرێت.

ڕێژەی (5.9%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا تەواو بەرجەستە دەکرێت، (21.8 %) دڵنیانین لەسەر سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا تەواو بەرجەستە دەکرێت، (72.3%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا، کەتەواو بەرجەستە دەکرێت،بە ناوەندی ژمێرەیی (2.17) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانیم) و

لادانی پێوەری (0.89)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێتکە بەرتوێژان هاورانین لەسەر سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا تەواو بەرجەستە دەکرێت.

**بڕگەی شەشەم:بوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا زیاتر هانم دەدات بۆ هەڵبژاردنی پێداویستیەکانم .**

ڕێژەی (73.5%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر بوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا زیاتر هانی بەرتوێژان دەدات بۆ هەڵبژاردنی پێداویستیەکانیان، (15.6%) دڵنیانین لەسەر بوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا ،کەزیاتر هانی بەرتوێژان دەدات بۆ هەڵبژاردنی پێداویستیەکانیان، (10.9%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر بوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا زیاتر هانی بەرتوێژان دەدات بۆ هەڵبژاردنی پێداویستیەکانیان، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.88) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (1.06)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر بوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا زیاتر هانی بەرتوێژان دەدات بۆ هەڵبژاردنی پێداویستیەکانیان. لەم بڕگەیەدا بەرتوێژان بڕیاریان داوە لە هەڵبژاردنی پێداویستیەکانیاندا پشت بە ڕاستگۆی ببەستن لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا ،ئەمەش ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێ ئەو ڕیکلامانەی زۆرترین ڕاستگۆی تیادایە هۆکارێکی گرنگ ئەبێ تا سەرنجی خەڵکی کڕیار بۆلای خۆی ڕابکێشێ و ببێتە پڕفرۆشترین کاڵا.

**بڕگەی حەوتەم: نەبوونی ڕاستگۆیی لەریکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا بۆچوونەکانم سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان دەگۆڕێت.**

ڕێژەی (46.9%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر نەبوونی ڕاستگۆیی لەڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا بۆچوونەکانی بەرتوێژان سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان دەگۆڕێت،(26%) دڵنیانین لەسەر نەبوونی ڕاستگۆیی لەڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا بۆچوونەکانی بەرتوێژان سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان دەگۆڕێت،(27.2%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر نەبوونی ڕاستگۆیی لەڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا، بۆچوونەکانی بەرتوێژان سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان دەگۆڕێت، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.46) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (1.33)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان، نەبوونی ڕاستگۆیی لەڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا بۆچوونەکانی بەرتوێژان سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان دەگۆڕێت.

**بڕگەی هەشتەم: ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەتەواوی لە شمەک و پێاویستیەکاندا بەدی دەکەم.**

ڕێژەی (13.2%) بەرتوێژان هاوڕان و زۆرهاوڕان لەسەر ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەتەواوی لە شمەک و پێاویستیەکاندا بەدی دەکەم، (58.4%) دڵنیانین لەسەر ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەتەواوی لە شمەک و پێاویستیەکاندا بەدی دەکەم، (28.4%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەتەواوی لە شمەک و پێاویستیەکاندا بەدی بکەن،

به ناوەندی ژمێرەیی (2.82) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانین) و لادانی پێوەری (0.82)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین لەسەر ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەتەواوی لە شمەک و پێاویستیەکاندا بەدی دەکەم. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان دەدات ئەو زانیاریانەی لەسەر شمەک و پێداویستیەکانن، بەپێی پێویست دڵنیاییەک نابەخشێ بەکڕیار تا لە کڕینی بەردەوام بێت بۆیە ئەمە وا لە کریار ئەکات لە دابینکردنی پێداویستیەکانیدا پشت بە یەک جۆر کاڵا یان براند نابەستێت هەمیشە براندی پێداویستیەکانی لە گۆڕانکارییە.

**برگەی نۆیەم: بونی ڕاستگۆیی لەزانیاریەکاندا،پشت بەستن بەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکڕینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان.**

ڕێژەی (65.8%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر بونی ڕاستگۆیی لەزانیاریەکاندا، بەپشت بەستن بەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکڕینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان، (12.7%) دڵنیانین لەسەر بونی ڕاستگۆیی لەزانیاریەکاندا، پشت بەستن بەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکڕینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان، (21.5%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین، بونی ڕاستگۆیی لەزانیاریەکاندا، پشت بەستن بەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکڕینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.95) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (1.40)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر بونی ڕاستگۆیی لەزانیاریەکاندا، پشت بەستن بەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکڕینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان دەدات کە ڕاستگۆی لە ڕیکلامە تەلەفیزیۆنە کوردییەکان گرنگترین پێوەرە لەلایەن بەرتوێژان یان کڕیارن بۆ هەڵبژاردنی شمەک یان پێداویستیەکانیان.

**برگەی دەیەم: لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان دەخرێنە ڕوو.**

ڕێژەی (16.5%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان دەخرێنە ڕوو، (32.4%) دڵنیانین کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان دەخرێنە ڕوو، (51.1 %) ی بەرتوێژان

هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان دەخرێنە ڕوو، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.5) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانین) و لادانی پێوەری (1.05)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان دەخرێنە ڕوو. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان دەدات کە ڕاست و دروستی تەواوی شمەک و کاڵاکان پیشان نادرێ لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکان.

خشتەی(25): زانینی ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا

| پرسیارەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ت | ت | ت | ت | ت | | |
| | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | | |
| ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بەشێوەیەکی باش بوونی هەیە. | 9 | 17 | 113 | 125 | 75 | 2.29 | 0.95 |
| | 2.7 | 5.0 | 33.3 | 36.9 | 22.1 | | |
| بڕوام بەو زانیاریانە هەیە کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە. | 8 | 168 | 89 | 59 | 15 | 3.28 | 0.93 |
| | 2.4 | 49.6 | 26.3 | 17.4 | 4.4 | | |
| لەڕیکلامە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا زیاتر کار لەسەر خستنە ڕووی ڕاستیەکان دەکرێت. | 16 | 33 | 97 | 145 | 48 | 2.48 | 1.0 |
| | 4.7 | 9.7 | 28.6 | 42.8 | 14.2 | | |
| بەرکەوتنم بە شێوەیەکی بەردەوام یارمەتیدەرە لە بڕوابونم بە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکان | 154 | 67 | 36 | 43 | 39 | 3.74 | 1.43 |
| | 45.4 | 19.8 | 10.6 | 12.7 | 11.5 | | |
| سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا تەواو بەرجەستە دەکرێت. | 12 | 8 | 74 | 179 | 66 | 2.17 | 0.89 |
| | 3.5 | 2.4 | 21.8 | 52.8 | 19.5 | | |
| بوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا زیاتر هانم دەدات بۆ هەڵبژاردنی پێداویستیەکانم. | 105 | 144 | 53 | 21 | 16 | 3.88 | 1.06 |
| | 31.0 | 42.5 | 15.6 | 6.2 | 4.7 | | |
| نەبوونی ڕاستگۆیی لەریکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا بۆچوونەکانم سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان دەگۆڕێت. | 117 | 42 | 88 | 67 | 25 | 3.46 | 1.33 |
| | 34.5 | 12.4 | 26.0 | 19.8 | 7.4 | | |
| ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەتەواوی لە شمەک و پێاویستیەکاندا بەدی دەکەم. | 13 | 32 | 198 | 75 | 21 | 2.82 | 0.82 |
| | 3.8 | 9.4 | 58.4 | 22.2 | 6.2 | | |
| بونی ڕاستگۆیی لەزانیاریەکاندا، پشت بەستن بەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکڕینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان. | 202 | 21 | 43 | 46 | 27 | 3.95 | 1.40 |
| | 59.6 | 6.2 | 12.7 | 13.5 | 8.0 | | |
| لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان دەخرێنە ڕوو. | 13 | 43 | 110 | 109 | 64 | 2.50 | 1.05 |
| | 3.8 | 12.7 | 32.4 | 32.2 | 18.9 | | |
| کۆی گشتی | 649 | 575 | 901 | 869 | 396 | 30.5 | 10.8 |
| | 19.1 | 16.9 | 26.5 | 25.6 | 11.9 | 3.05 | 1.08 |
| بەهاي T | 103.76 | نمرەی ئازاد | 338 | ئاستي ئاماژە | 0.00 | | |

## تەوەری شەشەم

## ڕادەی بەرکەوتنی  بەرتوێژان بە ڕادەی پابەند بوونی ڕیکلامەکانی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بە یاساو ئیتیکەوە :

سەرجەم برگەکانی بۆچوونی بەرتوێژان، بەرامبەر ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە ئەنجامە ئامارییەکانیان بەم جۆرەیە:

بەهای( T )= 133.9

ناوەندی خشتەیی = 16.2

ناوەندی ژمێرەیی = 4.06 (هاوڕام)

نمرەی ئازادی = 338

لادانی پێوەری = 0.87

ئاستی ئاماژە (0.000) کە لە ئاستی ئاماژەداری ستاندارد کەمترە کە (0.05) مانای وایە مانای وایە جیاوازی هەیە لە نێوان برگەکاندا.

لە کۆی سەرجەم (10) برگەی بۆچونی بەرتوێژان ناوەندی ژمێرەیی (4.06) واتا (هاوڕام)، کە لە ئەنجامی دابەشکردنی ناوەندی خشتەی بەسەر ژمارەی برگەکاندا وە بەهای ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی گشتی کە بەهاکەی (3.0) ئەمەش ئەوە پیشان ئەدات کە تەواوی برگەکان پەسەندکراوە لان بەرتوێژان، وە لادانی پێوەری (0.87).

خشتەی ژمارە (26)ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە پیشان دەدات، لە چوارچێوەی (4) برگەدا بۆچونی بەرتوێژان وەرگیراوە. توێژەر هەریەکێک لە برگەکانی ڕونکردۆتەوە و داتاکانی خستۆتە ڕوو هەروەها ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمێرەو لادانی پێوەری و ڕیزبەندی هەریەکێک لە برگەکانی شیکارکردووە.

**برگەی یەکەم: پشتگوێ خستنی یاسا و ئیتیکی کاری ڕیکلام، هۆکارە بۆ نەبونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا.**

ڕێژەی (81.1%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پشتگوێ خستنی یاسا و ئیتیکی کاری ڕیکلام، هۆکارە بۆ نەبونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا،(10.0%) دڵنیانین لەوەی پشتگوێ خستنی یاسا و ئیتیکی کاری ڕیکلام، هۆکارە بۆ نەبونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، (8.9%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەوەی پشتگوێ خستنی یاسا و ئیتیکی کاری ڕیکلام، هۆکارە بۆ نەبونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، بە ناوەندی ژمێرەیی (4.11) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.99)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر پشتگوێ خستنی یاسا و ئیتیکی کاری ڕیکلام لەتەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە، ئەمە هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی ڕاسگۆی لە ڕیکلامەکاندا.

**بڕگەی دووەم: بەکار هێنانی  بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامەکاندا یارمەتیدەرە لە شاردنەوەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا.**

ڕێژەی (74.6%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر بەکارهێنانی  بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامەکاندا یارمەتیدەرە لە شاردنەوەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا،(17.1%) دڵنیانین لەسەر بەکار هێنانی  بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامەکاندا یارمەتیدەرە لە شاردنەوەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، (8.3%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر بەکار هێنانی  بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامەکاندا یارمەتیدەرە لە شاردنەوەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.94) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.94)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە، بەرتوێژان هاوڕان لەسەر بوون و بەکارهێنانی بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنە کوردییەکان کە هۆکارێکی گرنگە بۆ شاردنەوەی ڕاستگۆی لە پەیامە پێویستیەکان لە ڕیکلامەکاندا.

**بڕگەی سێیەم: نەبونی یاسایەک بۆ قەرەبوکردنەوەی بەکاربەر لە کاتی زیان بەرکەوتن، یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا.**

ڕێژەی (84.4) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕا ن لەسەر نەبونی یاسایەک بۆ قەرەبوکردنەوەی بەکاربەر لە کاتی زیان بەرکەوتن، یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، (10.9 %) دڵنیانین لەسەر نەبونی یاسایەک بۆ قەرەبوکردنەوەی بەکاربەر لە کاتی زیان بەرکەوتن، یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، (4.7 %) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر نەبونی یاسایەک بۆ قەرەبوکردنەوەی بەکاربەر لە کاتی زیان بەرکەوتن، یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا،بە ناوەندی ژمێرەیی (4.03) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.75)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر نەبوونی یاسایەکی پێویست و تایبەت بەکاری ڕیکلامی و قەرەبووکردنەوەی کڕیار لە بوونی هەر زیان بەرکەوتنێ ئەمەش هۆکارێکی گرینگە لە یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا.

**بڕگەی چوارەم: سزانەدانی ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بە بڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست.**

ڕێژەی (86.2%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر سزانەدانی ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بە بڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست، (10.6%) دڵنیانین لەسەر سزانەدانی ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بە بڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست، (3.3%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر سزانەدانی ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بەبڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست، بە ناوەندی ژمێرەیی (4.18) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕام) و لادانی پێوەری (0.82)ە،ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر سزانەدانی

ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بە بڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست، بڕوانە خشتەی ژمارە(26)

**خشتەی(26): زانینی ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە**

| پرسیارەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك | ك | ك | ك | ك | | |
| | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | | |
| پشتگوێ خستنی یاسا و ئیتیکی کاری ڕیکلام، هۆکارە بۆ نەبونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا. | 141 | 134 | 34 | 21 | 9 | 4.11 | 0.99 |
| | 41.6 | 39.5 | 10.0 | 6.2 | 2.7 | | |
| بەکار هێنانی بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامەکاندا یارمەتیدەرە لە شاردنەوەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا. | 100 | 153 | 58 | 22 | 6 | 3.94 | 0.94 |
| | 29.5 | 45.1 | 17.1 | 6.5 | 1.8 | | |
| نەبونی یاسایەک بۆ قەرەبوکردنەوەی بەکاربەر لە کاتی زیان بەرکەوتن، یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا. | 83 | 203 | 37 | 14 | 2 | 4.03 | 0.75 |
| | 24.5 | 59.9 | 10.9 | 4.1 | 0.6 | | |
| سزانەدانی ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بە بڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست | 128 | 164 | 36 | 4 | 7 | 4.18 | 0.82 |
| | 37.8 | 48.4 | 10.6 | 1.2 | 2.1 | | |
| کۆی گشتی | 452 | 654 | 165 | 61 | 24 | 16.2 | 3.48 |
| | 33.3 | 48.2 | 12.2 | 4.4 | 1.9 | 4.06 | 0.87 |
| بەهاي T | 133.9 | نمره ی ئازاد | 338 | ئاستي ئاماژە | | 0.00 | |

## تەوەری حەوتەم

## ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان

سەرجەم برگەکانی بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر تێڕوانینی بەشداربووان سەبارەت  بە ناوەڕۆکی پەیامەڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان دەخاتە ڕوو ئەنجامە ئامارییەکانیان بەم جۆرەیە:

بەهای ( T )= 196.58

ناوەندی خشتەیی = 66.1

ناوەندی ژمێرەیی = 3.01 (دڵنیانیم)

نمرەی ئازادی = 338

لادانی پێوەری = 0.94

ئاستی ئاماژە (0.000) کە لە ئاستی ئاماژەداری ستاندارد کەمترە کە (0.05) مانای وایە مانای وایە جیاوازی هەیە لە نێوان برگەکاندا.

لە کۆی سەرجەم (10) برگەی بۆچونی بەرتوێژان ناوەندی ژمێرەیی (3.01) واتا (دڵنیانیم)، کە لە ئەنجامی دابەشکردنی ناوەندی خشتەی بەسەر ژمارەی برگەکاندا وە بەهای ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی گشتی کە بەهاکەی (3.0) ئەمەش ئەوە پیشان ئەدات کە تەواوی برگەکان پەسەندکراوە لان بەرتوێژان، وە لادانی پێوەری (0.94).

خشتەی (27)تێڕوانینی بەشداربووان سەبارەت  بە ناوەڕۆکی پەیامەڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان پیشان دەدات لە چوارچێوەی (22) برگەدا بۆچونی بەرتوێژان وەرگیراوە. توێژەر هەریەکێک لە برگەکانی ڕونکردۆتەوە و داتاکانی خستۆتە ڕوو هەروەها ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمێرەو لادانی پێوەری و ڕیزبەندی هەریەکێک لە برگەکانی شیکارکردووە.

### برگەی یەکەم: بڵاوکردنەوەی چەند ڕیکلامێک لەیەک ماوەدا سەبارەت بە هەمان جۆری بابەتی ڕیکلام بۆکراو، دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لای بەکاربەر.

ڕێژەی (80.8%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بڵاوکردنەوەی چەند ڕیکلامێک لەیەک ماوەدا سەبارەت بە هەمان جۆری بابەتی ڕیکلام بۆکراو، دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لای بەکاربەر، (13.0%) دڵنیانین لەوەی بڵاوکردنەوەی چەند ڕیکلامێک لەیەک ماوەدا سەبارەت بە هەمان جۆری بابەتی ڕیکلام بۆکراو، دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لای بەکاربەر،(6.2%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەوەی بڵاوکردنەوەی چەند ڕیکلامێک لەیەک ماوەدا سەبارەت بە هەمان جۆری بابەتی ڕیکلام بۆکراو، دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لای بەکاربەر،بە ناوەندی ژمێرەیی (4.05) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.89)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی بڵاوکردنەوەی چەند ڕیکلامێک لەیەک ماوەدا سەبارەت بە هەمان جۆری بابەتی ڕیکلام بۆکراو، دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لای بەکاربەر. واتە بوونی ڕیکلامێکی زۆر لەسەر یەک کاڵا گومانێکی زۆر دروست ئەکات لای کڕیار ئەمەش هەڵبژاردنی کاڵا لای کڕیار قورستر ئەکات.

**برگەی دووەم: نـەبونی هۆشـیاری پێشـوەختە یارمەتیـدەرە لـە زوو بـڕوا هێنـان بـەو زانیاریانەی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.**

ڕێـژەی (75.5%) بـەرتوێژان زۆر هـاوڕان و هـاوڕان لەسـەر نـەبونی هۆشـیاری پێشـوەختە یارمەتیدەرە لە زوو بڕوا هێنان بەو زانیاریانـەی لـە پەیامـە ڕیکلامیەکاندا بـڵاو دەکرێنـەوە، (15.0%) دڵنیـانین لەسـەر نـەبونی هۆشیاری پێشوەختە یارمەتیدەرە لـە زوو بـڕوا هێنـان بـەو زانیاریانـەی لـە پەیامە ڕیکلامیەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، (9.5%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر نەبونی هۆشیاری پێشوەختە یارمەتیدەرە لە زوو بڕوا هێنـان بـەو زانیاریانـەی لـە پەیامـە ڕیکلامیەکاندا بـڵاو دەکرێنەوە، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.83) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هـاوڕان) و لادانی پێوەری (0.82)ە، ئەمـەش دەیسـەلمێنێت کە بـەرتوێژان هـاوڕان نـەبونی هۆشـیاری پێشـوەختە یارمەتیدەرە لە زوو بڕواهێنان بەو زانیاریانەی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.

**برگـەی سـێیەم: ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان  یارمـەتم دەدەن بـۆ زانینـی کـات و شوێنی کڕینی کاڵاکان.**

ڕێـژەی (58.4%) بـەرتوێژان زۆر هـاوڕان و هـاوڕان لەسـەر زیـاتر کـارکردن لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنە کوردیەکان  یارمەتم دەدەن بۆ زانینی کات و شـوێنی کڕینی کاڵاکان، (31.0%) دڵنیـانین لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان یارمـەتم دەدەن بـۆ زانینـی کـات و شـوێنی کڕینـی کاڵاکـان، (10.6%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان  یارمـەتم دەدەن بۆ زانینی کات و شوێنی کڕینی کاڵاکان، بـە ناوەنـدی ژمێرەیـی (3.68) ئاسـتی بڕگەکـە بـەپێی پێوانـەی لیکـارد ڕووە و (هـاوڕان) و لادانـی پێـوەری (0.96)ە، ئەمـەش دەیسـەلمێنێت کـە بـەرتوێژان هـاوڕان لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان  یارمـەتم دەدەن بـۆ زانینـی کـات و شـوێنی کڕینـی کاڵاکان، دەرئەنجامەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر سودێکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کە یارمەتیان ئـەدات تـا بزانن کاڵاکـان لـەچی شـوێنێک بەردەستە لەگـەڵ کـاتی بـەردەست بونی کاڵاکان.

**برگەی چوارەم: ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەری لەسەر بۆچوونـەکانم دەبێت لەبەرامبەر بابەتە ڕیکلام  بۆکراوەکاندا.**

ڕێـژەی (13.2%) بـەرتوێژان زۆر هـاوڕان و هـاوڕان لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان کاریگـەری لەسـەر بۆچوونـەکانم دەبێت لەبەرامبـەر بابەتـە ڕیکـلام  بۆکراوەکانـدا، (33.0%) دڵنیـانین لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان کاریگـەری لەسـەر بۆچوونـەکانم دەبێت لەبەرامبـەر بابەتـە ڕیکلام  بۆکراوەکاندا،(53.8%) ی بەرتوێژان هـاوڕانین و زۆر هـاوڕانین لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان کاریگـەری لەسـەر بۆچوونـەکانم دەبێت لەبەرامبـەر بابەتـە ڕیکـلام  بۆکراوەکانـدا، بـە ناوەندی ژمێرەیی (2.44) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیـانین) و لادانـی پێـوەری (0.99)ە،ئەمـەش دەیسـەلمێنێت کـە بـەرتوێژان دڵنیـانین لەسـەر ڕیکلامـی تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانم دەبێت لەبەرامبەر بابەتە ڕیکلام  بۆکراوەکاندا، ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئـەدات کەبـەرتوێژان دڵنیـانین کـە ڕیکلامـەکان لـە تەلەفزیۆنـە کوردیـەکان کاریگـەریان ئـەبێ لەسـەر گۆڕینی بۆچونیان لەسەر کاڵای ڕیکلام بۆکراوەکان.

**بڕگەی پێنجەم: ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان متمانە بەرامبەر بابەتە ریکلام بۆ کراوەکان زیاد دەکات.**

ڕێژەی (10.1%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان متمانە بەرامبەر بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان زیاد دەکات ، (21.2%) دڵنیانین لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان متمانە بەرامبەر بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان زیاد دەکات،(68.7%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان متمانە بەرامبەر بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان زیاد دەکات، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.19) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانیم) و لادانی پێوەری (0.95)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان متمانە بەرامبەر بابەتە ریکلام بۆ کراوەکان زیاد دەکات، ئەنجامەکە ئەوەدەخاتەڕوو کە ڕیکلامە زۆرەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان متمانەی کڕیار زیاد ناکات لەسەر کاڵا ڕیکلام بۆکراوەکان، تەنها گومان دروست ئەکات لای کڕیار بەپێی بڕگەکانی پێشوو تر.

**بڕگەی شەشەم: لەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بە ڕاستگۆیانە تەواوی زانیاریەکان لەسەر بابەتەتە ڕیکلام بۆکراوەکان دەخرێتە ڕوو.**

ڕێژەی (8.0%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر لەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بە ڕاستگۆیانە تەواوی زانیاریەکان لەسەر بابەتەتە ڕیکلام بۆکراوەکان دەخرێتە ڕوو، (44.0%) دڵنیانین لەسەر لەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بە ڕاستگۆیانە تەواوی زانیاریەکان لەسەر بابەتەتە ڕیکلام بۆکراوەکان دەخرێتە ڕوو، (48.0%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر لەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بە ڕاستگۆیانە تەواوی زانیاریەکان لەسەر بابەتەتە ڕیکلام بۆکراوەکان دەخرێتە ڕوو، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.40) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانین) و لادانی پێوەری (0.91)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین لەسەر لەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بە ڕاستگۆیانە تەواوی زانیاریەکان لەسەر بابەتەتە ڕیکلام بۆکراوەکان دەخرێتە ڕوو.

**بڕگەی حەوتەم: دەرکەوتنی پێشکەشکاری بەرنامەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەکانم هەبووە بۆ ئەو بابەتانەی کە ڕیکلامیان بۆکراوە.**

ڕێژەی (11.2%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر دەرکەوتنی پێشکەشکاری بەرنامەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەکانم هەبووە بۆ ئەو بابەتانەی کە ڕیکلامیان بۆکراوە،(36.0%) دڵنیانین لەسەر دەرکەوتنی پێشکەشکاری بەرنامەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەکانم هەبووە بۆ ئەو بابەتانەی کە ڕیکلامیان بۆکراوە، (52.8%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر دەرکەوتنی پێشکەشکاری بەرنامەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەکانم هەبووە بۆ ئەو بابەتانەی کە ڕیکلامیان بۆکراوە، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.49) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانین) و لادانی پێوەری (0.89)ە،ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین دەرکەوتنی پێشکەشکاری بەرنامەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەکانم هەبووە بۆ ئەو بابەتانەی کە ڕیکلامیان بۆکراوە.

**برگەی هەشتەم: ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونی تایبەتی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بۆدروست کردووم.**

ڕێژەی (5.6%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونی تایبەتی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بۆدروست کردووم،(25.4%) دڵنیانین لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونی تایبەتی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بۆدروست کردووم، (69.0%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونی تایبەتی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بۆدروست کردووم، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.16) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانین) و لادانی پێوەری (0.82)ە،ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونی تایبەتی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بۆدروست کردووم. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان دەدات کە ڕیکلامە زۆرەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان لە سەر کالآ لیکچو و لیکنەچوەکان هیچ بۆچونێکی تایبەت دروست ناکان لەسەر کالآ ڕیکلام بۆکراوەکان.

**برگەی نۆییەم: ڕادەی ڕاستگۆی ئەو زانیاریانەی لە سەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا نمایشدەکرێن لە واقدا بەو شێوەیەن کەدەخرێنەڕوو.**

ڕێژەی (10.9%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ڕادەی ڕاستگۆی ئەو زانیاریانەی لە سەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا نمایشدەکرێن لە واقدا بەو شێوەیەن کەدەخرێنەڕوو، (33.6%) دڵنیانین لەسەر ڕادەی ڕاستگۆی ئەو زانیاریانەی لە سەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا نمایشدەکرێن لە واقدا بەو شێوەیەن کەدەخرێنەڕوو،(55.5%)ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین ڕادەی ڕاستگۆی ئەو زانیاریانەی لە سەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا نمایشدەکرێن لە واقدا بەو شێوەیەن کەدەخرێنەڕوو،بە ناوەندی ژمێرەیی (2.41) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانین) و لادانی پێوەری (0.97)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین ڕادەی ڕاستگۆی ئەو زانیاریانەی لە سەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لەڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا نمایشدەکرێن لە واقدا بەو شێوەیەن کەدەخرێنەڕوو. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان دەدات کە ئەو زانیاریانەی لە ڕیکلامەکاندا هەیە دڵنیاییەکی تەواو لای کڕیار یان بەرتوێژان دروست ناکات تا پشت بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنە کوردییەکان ببەست بۆ کڕینی شمەک و پێداویستیەکان.

**برگەی دەیەم: لەدوای چەند بارە بینینەوەی بابەتە ریکلام بۆکراوەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونەکانمی سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکە بە ئەرێنی گۆڕیوە.**

ڕێژەی (18.6%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر، لەدوای چەند بارە بینینەوەی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونەکانمی سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکە بە ئەرێنی گۆڕیوە، (17.1%) دڵنیانین لەسەر لەدوای چەند بارە بینینەوەی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونەکانمی سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکە بە ئەرێنی گۆڕیوە، (64.3%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەدوای چەند بارە بینینەوەی بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونەکانمی سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام

بۆکراوەکە بە ئەرێنی گۆڕیوە،بە ناوەندی ژمێرەیی (2.44) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانین) و لادانی پێوەری (1.07)ە،ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین لەدوای چەند بارە بینینەوەی بابەتە ریکلام بۆکراوەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونەکانمی سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکە بە ئەرێنی گۆڕیوە. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان دەدات کە دوبارە کردنەوەی زۆری ڕیکلامەکان لەسەر کاڵاکان دڵنیایی بەرتوێژان یان کڕیاران ناگۆڕیٰ بۆ کڕینی کاڵای ڕیلام بۆکراو.

**بڕگەی یازدەهەم: ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەر لەسەر ئاڕاستە و بۆچوونەکانم هەیە بۆ کڕینی بابەتێکی ڕیکلام بۆ کراوی نویٰ.**

ڕێژەی (20.3%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەر لەسەر ئاڕاستە و بۆچوونەکانم هەیە بۆ کڕینی بابەتێکی ڕیکلام بۆ کراوی نویٰ،(24.2%) دڵنیانین لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەر لەسەر ئاڕاستە و بۆچوونەکانم هەیە بۆ کڕینی بابەتێکی ڕیکلام بۆ کراوی نویٰ،(55.5%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەر لەسەر ئاڕاستە و بۆچوونەکانم هەیە بۆ کڕینی بابەتێکی ڕیکلام بۆ کراوی نویٰ،بە ناوەندی ژمێرەیی (2.57) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانین) و لادانی پێوەری (1.17)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەر لەسەر ئاڕاستە و بۆچوونەکانم هەیە بۆ کڕینی بابەتێکی ڕیکلام بۆ کراوی نویٰ.

**بڕگەی دوازدەهەم: لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا دەتوانم جۆر و باشترین کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان جیابکەمەوە.**

ڕێژەی (13.3%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا دەتوانم جۆر و باشترین کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان جیابکەمەوە،(20.6%) دڵنیانین لەوەی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا دەتوانم جۆر و باشترین کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان جیابکەمەوە، (66.1%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەوەی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا دەتوانم جۆر و باشترین کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان جیابکەمەوە، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.18) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانین) و لادانی پێوەری (1.04)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا دەتوانم جۆر و باشترین کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان جیابکەمەوە. واتە بوونی ڕیکلامێکی زۆر لەسەر یەک کاڵا یان زیاتر کاریگەری ئەوتۆی نابیٰ لەسەر هەڵبژاردنی باشترین کواڵیتی لەلایەن بەرتوێژان یان کڕیاران.

**بڕگەی سیازدەهەم: بەرزی ئاستی جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ، کاریگەری هەیە لەسەر پابەند بونی ڕیکلامکارەکان بە ڕاستگۆیی لە پەیامەڕیکلامیەکانیاندا.**

ڕێژەی (74.3%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر بەرزی ئاستی جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، کاریگەری هەیە لەسەر پابەند بونی ڕیکلامکارەکان بە ڕاستگۆیی لە پەیامەڕیکلامیەکانیاندا، (22.1%) دڵنیانین لەسەر بەرزی ئاستی جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، کاریگەری هەیە لەسەر پابەند بونی ڕیکلامکارەکان بە ڕاستگۆیی لە پەیامەڕیکلامیەکانیاندا،(3.6%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر بەرزی ئاستی جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان،

کاریگەری هەیە لەسەر پابەند بونی ڕیکلامکارەکان بە ڕاستگۆیی لە پەیامەڕیکلامیەکانیاندا، بە ناوەندی ژمێرەیی (4.0) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.83)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر بەرزی ئاستی جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ،کاریگەری هەیە لەسەر پابەند بونی ڕیکلامکارەکان بە ڕاستگۆیی لە پەیامەڕیکلامیەکانیاندا.

**برگەی چواردەهەم: لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا دوای کڕینی کاڵایەک کە ڕیکلامی بۆدەکات جارێکی دیکە ئەو کاڵایە دەکڕمەوە.**

ڕێژەی (8.0%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا دوای کڕینی کاڵایەک کە ڕیکلامی بۆدەکات جارێکی دیکە ئەو کاڵایە دەکڕمەوە، (16.5%) دڵنیانین لەسەر لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا دوای کڕینی کاڵایەک کە ڕیکلامی بۆدەکات جارێکی دیکە ئەو کاڵایە دەکڕمەوە،(75.5%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا دوای کڕینی کاڵایەک کە ڕیکلامی بۆدەکات جارێکی دیکە ئەو کاڵایە دەکڕمەوە، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.0) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانین) و لادانی پێوەری (0.92)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا دوای کڕینی کاڵایەک کە ڕیکلامی بۆدەکات جارێکی دیکە ئەو کاڵایە دەکڕمەوە. ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە کاتێک ڕیکلامەکان بۆ کاڵایەک سەرنجی کڕیار ڕائەکێشێ بۆ کڕینی کاڵاکە، کڕیار جارێکی تر ئەو کاڵایە ناکڕێتەوە ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی برگەکانی پێشوترە.

**برگەی پازدەهەم: بەشداریکردنی کەسایەتیە هونەرییەکان لەریکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا متمانەی زیاترم لا دروست دەکات بۆ بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان.**

ڕێژەی (17.4%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر بەشداریکردنی کەسایەتیە هونەرییەکان لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا متمانەی زیاترم لا دروست دەکات بۆ بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان،(21.2%) دڵنیانین لەسەر بەشداریکردنی کەسایەتیە هونەرییەکان لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا متمانەی زیاترم لا دروست دەکات بۆ بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان،(61.4%)ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر بەشداریکردنی کەسایەتیە هونەرییەکان لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا متمانەی زیاترم لا دروست دەکات بۆ بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.40) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (دڵنیانین) و لادانی پێوەری (1.07)ە،ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان دڵنیانین لەسەر بەشداریکردنی کەسایەتیەهونەرییەکان لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا متمانەی زیاترم لا دروست دەکات بۆ بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان. ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە بەشداریکردنی کەسایەتیە هونەرییەکان لەڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا دڵنیاییەکی تەواو نابەخشێ بە کڕیار تا کاڵای ڕیکلام بۆکراو بکڕێت.

**بڕگەی شازدەهەم: زیادە ڕۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا نابێە هۆی خەڵەتاندنی بەکاربەران.**

ڕێژەی (10.9%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر زیادە ڕۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا نابێتە هۆی خەڵەتاندنی بەکاربەران، (14.5%) دڵنیانین لەسەر زیادە ڕۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا نابێتە هۆی خەڵەتاندنی بەکاربەران، (74.6%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر زیادە ڕۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا نابێتە هۆی خەڵەتاندنی بەکاربەران، بە ناوەندی ژمێرەیی (2.13) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕانین) و لادانی پێوەری (1.02)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر زیادە ڕۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا نابێتە هۆی خەڵەتاندنی بەکاربەران.

**بڕگەی حەڤدەهەم: ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیارێتی ئیتیکی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی بەکاربەر.**

ڕێژەی (76.1%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیارێتی ئیتیکی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی بەکاربەر، (11.8%) دڵنیانین لەسەر ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیارێتی ئیتیکی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی بەکاربەر، (12.1%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیارێتی ئیتیکی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی بەکاربەر، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.85) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (1.0)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیارێتی ئیتیکی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی بەکاربەر.

**بڕگەی هەژدەهەم: ئەو ڕیکلامانەی زیاتر جەخت لەسەر باشێتی و وەسفی بەرهەمەکەی تێدا دەکرێت بە ڕیکلامێکی ناڕاست دادەنرێت.**

ڕێژەی (56.0%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ئەو ڕیکلامانەی زیاتر جەخت لەسەر باشێتی و وەسفی بەرهەمەکەی تێدا دەکرێت بە ڕیکلامێکی ناڕاست دادەنرێت،(37.2%) دڵنیانین لەسەر ئەو ڕیکلامانەی زیاتر جەخت لەسەر باشێتی و وەسفی بەرهەمەکەی تێدا دەکرێت بە ڕیکلامێکی ناڕاست دادەنرێت، (6.8%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر ئەو ڕیکلامانەی زیاتر جەخت لەسەر باشێتی و وەسفی بەرهەمەکەی تێدا دەکرێت بە ڕیکلامێکی ناڕاست دادەنرێت، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.60) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.79)ە،ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان ئەو ڕیکلامانەی زیاتر جەخت لەسەر باشێتی و وەسفی بەرهەمەکەی تێدا دەکرێت بە ڕیکلامێکی ناڕاست دادەنرێت.

**بڕگەی نۆزدەهەم: لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا لایەنگیری بۆ سودی ڕیکلامکار زیاتر بەرچاو دەکەوێت.**

ڕێژەی (79.4%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا لایەنگیری بۆ سودی ڕیکلامکار زیاتر بەرچاو دەکەوێت، (12.4%) دڵنیانین لەسەر لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا

لایەنگیری بۆ سودی ڕیکلامکار زیاتر بەرچاو دەکەوێت، (8.2%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا لایەنگیری بۆ سودی ڕیکلامکار زیاتر بەرچاو دەکەوێت، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.91) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.94)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا لایەنگیری بۆ سودی ڕیکلامکار زیاتر بەرچاو دەکەوێت. ئەم ئەنجامە ئەوە پیشان دەدات کە ڕیکلامە زۆرەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان لە سەر کاڵا لێکچو و لێکنەچوەکان تەنها سودی زیاتر بە خاوەنەکەی ئەگەیەنێ نەک کڕیاران یان بەرتوێژان.

## بڕگەی بیستەم: پەیامە ڕیکلامیەکان زیاتر کار لەسەر بەهەڵەدا بردن و چەواشەکاری دەکەن.

ڕێژەی (65.5%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان پەیامە ڕیکلامیەکان زیاتر کار لەسەر بەهەڵەدا بردن و چەواشەکاری دەکەن، (24.5%) دڵنیانین لەسەر پەیامە ڕیکلامیەکان زیاتر کار لەسەر بەهەڵەدا بردن و چەواشەکاری دەکەن، (10.0%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر پەیامە ڕیکلامیەکان زیاتر کار لەسەر بەهەڵەدا بردن و چەواشەکاری دەکەن، بە ناوەندی ژمێرەیی (3.66) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.94)ە،ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر پەیامە ڕیکلامیەکان زیاتر کار لەسەر بەهەڵەدا بردن و چەواشەکاری دەکەن.

## بڕگەی بیست و یەکەم: بەمەبەستی بڕوا پێکردنی وەرگر ڕیکلامکار پشت بە کەسایەتیە ناودارەکان دەبەستێت.

ڕێژەی (78.8%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ،بەمەبەستی بڕوا پێکردنی وەرگر ڕیکلامکار پشت بە کەسایەتیە ناودارەکان دەبەستێت، (15.3%) دڵنیانین لەسەر، بەمەبەستی بڕوا پێکردنی وەرگر ڕیکلامکار پشت بە کەسایەتیە ناودارەکان دەبەستێت،(5.9%) ی بەرتوێژان هاوڕانن و زۆر هاوڕانین لەسەر، بەمەبەستی بڕوا پێکردنی وەرگر ڕیکلامکار پشت بە کەسایەتیە ناودارەکان دەبەستێت، بە ناوەندی ژمێرەیی (4.02) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (0.86)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر بەمەبەستی بڕوا پێکردنی وەرگر ڕیکلامکار پشت بە کەسایەتیە ناودارەکان دەبەستێت.

## بڕگەی بیست و دووەم: ئەو ڕیکلامانەی تایبەتن بە مارکە و ناونیشانی بازرگانی زیاتر ڕاستگۆیانەترە لە زانیاریەکانیدا.

ڕێژەی (65.5%) بەرتوێژان زۆر هاوڕان و هاوڕان لەسەر ئەو ڕیکلامانەی تایبەتن بە مارکە و ناونیشانی بازرگانی زیاتر ڕاستگۆیانەترە لە زانیاریەکانیدا، (18.3%) دڵنیانین لەسەر ئەو ڕیکلامانەی تایبەتن بە مارکە و ناونیشانی بازرگانی زیاتر ڕاستگۆیانەترە لە زانیاریەکانیدا، (16.2%) ی بەرتوێژان هاوڕانین و زۆر هاوڕانین لەسەر ئەو ڕیکلامانەی تایبەتن بە مارکە و ناونیشانی بازرگانی زیاتر ڕاستگۆیانەترە لە زانیاریەکانیدا،بە ناوەندی ژمێرەیی (3.68) ئاستی برگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و (هاوڕان) و لادانی پێوەری (1.0)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەو ڕیکلامانەی تایبەتن بە مارکە و ناونیشانی بازرگانی زیاتر ڕاستگۆیانەترە لە زانیاریەکانیدا.

ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە ڕیکلام بۆ مارکێتە تایبەتیەکان یان ناونیشانە بازرگانیەکان ڕاستگۆی زیاترە لە زانیارییەکانیدا وەک لە ڕیکلام بۆ کاڵاکانی تر،بڕوانە خشتەی (27)

**خشتەی(27): تێڕوانینی بەشداربووان سەبارەت  بە ناوەڕۆکی پەیامەڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان دەخاتە ڕوو**

| پرسیارەکان | تەواو هاورام | هاورام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ک | ک | ک | ک | ک | | |
| | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی | | |
| بڵاوکردنەوەی چەند ڕیکلامێک لەیەک ماوەدا سەبارەت بە هەمان جۆری بابەتی ڕیکلام بۆکراو، دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لای بەکاربەر. | 111 | 163 | 44 | 14 | 7 | 4.05 | 0.89 |
| | 32.7 | 48.1 | 13.0 | 4.1 | 2.1 | | |
| نەبونی هۆشیاری پێشوەختە یارمەتیدەرە لە زوو بڕوا هێنان بەو زانیاریانەی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا بڵاو دەکرێنەوە. | 59 | 197 | 51 | 32 | 0 | 3.83 | 0.82 |
| | 17.4 | 58.1 | 15.0 | 9.5 | 0.0 | | |
| ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان یارمەتم دەدەن بۆ زانینی کات و شوێنی کڕینی کاڵاکان. | 74 | 124 | 105 | 31 | 5 | 3.68 | 0.96 |
| | 21.8 | 36.6 | 31.0 | 9.1 | 1.5 | | |
| ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانم دەبێت لەبەرامبەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکاندا | 10 | 35 | 112 | 121 | 61 | 2.44 | 0.99 |
| | 2.9 | 10.3 | 33.0 | 35.7 | 18.1 | | |
| ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان متمانە بەرامبەر بابەتە ریکلام بۆ کراوەکان زیاد دەکات | 7 | 27 | 72 | 152 | 81 | 2.19 | 0.95 |
| | 2.1 | 8.0 | 21.2 | 44.8 | 23.9 | | |
| لەڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بە ڕاستگۆیانە تەواوی زانیاریەکان لەسەر بابەتەتە ڕیکلام بۆکراوەکان دەخرێتە ڕوو | 3 | 24 | 149 | 94 | 69 | 2.40 | 0.91 |
| | 0.9 | 7.1 | 44.0 | 27.6 | 20.4 | | |
| دەرکەوتنی پێشکەشکاری بەرنامەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەکانم هەبووە بۆ ئەو بابەتانەی کە ڕیکلامیان بۆکراوە | 8 | 30 | 122 | 141 | 38 | 2.49 | 0.89 |
| | 2.4 | 8.8 | 36.0 | 41.6 | 11.2 | | |
| ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونی تایبەتی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بۆدروست کردووم | 2 | 17 | 86 | 165 | 69 | 2.16 | 0.82 |
| | 0.6 | 5.0 | 25.4 | 48.6 | 20.4 | | |
| ڕادەی ڕاستگۆی ئەو زانیاریانەی لە سەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا نمایشدەکرێن لە واقدا بەو شێوەیەن کەدەخرێنەڕوو | 11 | 26 | 114 | 128 | 60 | 2.41 | 0.97 |
| | 3.2 | 7.7 | 33.6 | 37.8 | 17.7 | | |
| لەدوای چەند بارە بینینەوەی بابەتە ریکلام | 19 | 44 | 58 | 165 | 53 | 2.44 | 1.07 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 15.6 | 48.7 | 17.1 | 13.0 | 5.6 | بۆکراوەکان لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆچوونەکانمی سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکە بە ئەرێنی گۆڕیوە |
| 1.17 | 2.57 | 57 | 131 | 82 | 36 | 33 | ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کاریگەر لەسەر ئاڕاستە و بۆچوونەکانم هەیە بۆ کڕینی بابەتێکی ڕیکلام بۆ کراوی نوێ |
| | | 16.8 | 38.7 | 24.2 | 10.6 | 9.7 | |
| 1.04 | 2.18 | 102 | 122 | 70 | 39 | 6 | لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا دەتوانم جۆر و باشترین کوالیتی بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان جیابکەمەوە |
| | | 30.1 | 36.0 | 20.6 | 11.5 | 1.8 | |
| 0.83 | 4.00 | 2 | 10 | 75 | 150 | 102 | بەرزی ئاستی جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ، کاریگەری هەیە لەسەر پابەند بونی ڕیکلامکارەکان بە ڕاستگۆیی لە پەیامەڕیکلامیەکانیاندا. |
| | | 0.7 | 2.9 | 22.1 | 44.2 | 30.1 | |
| 0.92 | 2.00 | 113 | 143 | 56 | 24 | 3 | لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا دوای کڕینی کاڵایەک کە ریکلامی بۆدەکات جارێکی دیکە ئەو کاڵایە دەکڕمەوە |
| | | 33.3 | 42.2 | 16.5 | 7.1 | 0.9 | |
